تەفسیری

پێشین

جوزئی حەوتەم

ئامادەکردنی

عثمان أحمد حاتم

جمادى الآخرة
١٤٤٢هـ

تەفسیری

پێشین

جوزئی حەوتەم

ئامادەکردنی
عثمان أحمد حاتم

جمادی الآخرة ١٤٤٢هـ

پێشەکی

قورئان کۆتا پەیامی خودایە ﷻ بۆ هەموو مرۆڤ وجن ، وپارێزراوە لە هەموو گۆڕانکارییەك ، پێویستە لەسەر هەموو موسڵمانان پەیڕەوی لێبکەن ، ولە مانا ومەبەستەکانی تێبگەن بۆ ئەوەی خۆشبەختی دونیا وسەرفرازی قیامەت بە دەست بهێنن ، لەو سۆنگەیەوە تێگەیشتن لە قورئان گرنگییەکی ئێجگار زۆری هەیە بۆ ژیانی موسڵمانان.

قورئان هاوشێوەی هیچ کتێبێکی تر نییە ، چونکە فەرموودەی خودای پەروەردگارە ، ولە قسەی مرۆڤەکان ناچێت ، وخوێندنەوەی پەرستش ویادی خودایە ، ترمزی لە ئیبن مەسعودەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەرکەسێك پیتێك لە کتێبەکەی خودا بخوێنێتەوە ئەوە چاکەیەکی بۆ هەیە ، وپاداشتی هەر چاکەیەکیش بە دە هێندە دەدرێتەوە ، ناڵێم : ﴿الٓمٓ﴾ پیتێکە بەڵکو : ألف پیتێکە ، ولام : پیتێکە ، ومیم پیتێکە ؛ پێویستە موسڵمانان گرنگییەکی زۆر بە خوێندنەوە وفێربوون وفێرکردنی قورئان بدەن ، چونکە بوخاری لە عوسمانەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت : باشترینتان ئەوانەتانن کە فێری قورئان دەبن وخەڵکیش فێردەکەن .

قورئانی پیرۆز چەند ناوێکی هەیە کە باوترینیان قورئانە خودا دەفەرموێت : ﴿إِنَّا جَعَلْنَٰهُ قُرْءَٰنًا عَرَبِيًّا لَّعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ﴿٣﴾﴾(الزُّخْرُف) ، و"الكتاب" خودا دەفەرموێت : ﴿وَهَٰذَا كِتَٰبٌ أَنزَلْنَٰهُ مُبَارَكٌ مُّصَدِّقُ ٱلَّذِى بَيْنَ يَدَيْهِ وَلِتُنذِرَ أُمَّ ٱلْقُرَىٰ وَمَنْ حَوْلَهَا ﴿٩٢﴾﴾(الأَنعَام) ، و"الفرقان" ، واتە : جیاکەرەوەی ڕاستی لە پووچەڵ وناڕەوا خودا دەفەرموێت : ﴿تَبَارَكَ ٱلَّذِى نَزَّلَ ٱلْفُرْقَانَ عَلَىٰ عَبْدِهِۦ لِيَكُونَ لِلْعَٰلَمِينَ نَذِيرًا ﴿١﴾﴾(الفُرْقَان) ، و"الذكر" : خودا دەفەرموێت : ﴿إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا ٱلذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ﴿٩﴾﴾(الحِجْر) .

به ماوەی بیست وسێ ساڵ دابەزیوەتە سەر پێغەمبەری خودا ﷺ کە سیازدە ساڵی لە مەککە ودە ساڵی لە مەدینە بووە ، وسی(جزء) و(سەد وچواردە) سورەتە ، وشەی (سورة) بە مانای ڕوونی وبەرز وبڵندی دێت ، یان بە مانای شورایە وەك شورای شارەکان لەبەر ئەوەی هەموو ئایەتەکانی سورەتەکە لە خۆی دەگرێت ، ووشەی (آية) مانای نیشانەیە ؛ قورتبی دەڵێت : زانایان کۆدەنگن کە هیچ وشەیەکی لێکدراوی (أعجمی) واتە : جگە لە عەرەبی لە قورئاندا نییە ، ودیسان کۆدەنگن کە هەندێك ناوی تێدایە کە عەرەبی نییە وەك (إبراهيم) ، و(نوح) ، و(لوط) ، وناکۆکن ئایا جگە لەوە هیچی تری ئەعجەمی تێدایە ؟ ، تەبەری نکوڵی ئەوە دەکات ودەڵێت : هەر وشەیەکی تێدابێت کە هاوواتای وشەیەکی ئەعجەمی بێت ئەوە لە بابەتی ئەو وشانەیە کە زمانەکان لەسەری کۆکن وبەهەمان شێوە بەکاری دەهێنن ، ڕیزبەندی پیتەکان ووشەکان وئایەتەکانی قورئانی

پیرۆز لـە لایەن پێغەمبەری خوداوە ﷺ دیاری كراوە ، دروست نییە بۆ هیچ كەسێك پاش وپێش لـە پیتێك یان وشەیەك یان ئایەتێكی قورئاندا بكات ، ئەحمەد والترمذی وئەبوداود لـە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان كردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : بە عوسمانی كوڕی عەففانم رضي الله عنه گوت : چی پاڵنەرتان بوو سورەتی ئەنفال كە لـە سورەتە درێژەكان نییە وئایەتەكانی لـە سەد ئایەت كەمترە لـە ڕیزبەندی حەوت سورەتە درێژەكە دابنێن ، ولـەگەڵ سورەتی تەوبە كە ئایەتەكانی لـە سەد ئایەت زیاترە پێكەوە كۆیان بكەنەوە ، و﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ لـە نێوانیاندا نەنوسن ولـە دوای ئەنفالـەوە داتاننناوە ؟ ، عوسمان رضي الله عنه گوتی : پێغەمبەری خودا ﷺ لـە كاتێكدا ئەو سورەتانەی كە ئایەتەكانی زۆر بوو ، وهەندێك لـە ئایەتەكانی بۆ دادەبەزی بانگی ئەو كەسانەی دەكرد كە قورئانیان دەنووسییەوە ودەیفەرموو : ئەم ئایەتانە بخەنە نێو ئەو سورەتەی كە باسی ئەو شتە وئەو شتە دەكات ، وئەگەر ئایەتێكی بۆ دابەزیبایە دەیفەرموو : ئەم ئایەتە بخەنە نێو ئەو سورەتەی كە باسی ئەو شتە دەكات ، سورەتی ئەنفال لـەو سورەتانە بوو كە لـە سەرەتای كۆچی پێغەمبەری خودا ﷺ بۆ مەدینە دابەزی ، وسورەتی تەوبە لـە كۆتاییەكاندا دابەزی وباسەكانیان لـە یەك دەچوون ، گومانم وابوو كە یەك باسن ، پێغەمبەری خودا ﷺ وەفاتی كرد وبۆی دیاری نەكردین كە یەك باسن یان جیاوازن ، لـەبەر ئەوە پێكەوە كۆم كردنەوە ، و﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ لـە نێوانیاندا نەنووسی ، ولـە ڕیزبەندی حەوت سورەتە گەورەكە دامناوە .

زانایان ناکۆکن ئایە هەموو سورەتەکان پێغەمبەری خودا ﷺ ناویناون ؟ لە فەرموودەی صەحیحدا جێگیر بووە کە پێغەمبەری خودا ﷺ ناوی چەند سورەتێکی هێناوە وەك الفاتحە والبقرە وآل عمران والکهف وهود والواقعە والمرسلات ، هەندێك لە زانایان دەڵێن : ناوی هەموو سورەتەکان لە فەرموودە وئەسەرەکاندا هاتووە ، وناوی هەموو سورەتەکان لە سەردەمی هاوەڵانەوە باوبووە ، لەبەر ئەوە نابێت جگە لەو ناوانەی کە لە موصحەفی عوسماندا رضي الله عنه هاتووە ناوی تر لە سورەتەکانی قورئان بنرێت ، وبۆچوونی دروست ئەوەیە کە ناوی هەندێك لە سورەتەکان پێغەمبەری خودا ﷺ ناوی ناون وئەوانی تر هاوەڵان ناویان ناوە ولەو سەردەمەوە بووەتە جێی کۆدەنگی هەموویان ، وسورەتەکان هەندێکی پێغەمبەری خودا ﷺ ڕیزبەندی کردووە وهەندێکی هاوەڵان دایانناوە وئەو موصحەفەی کە پێشەوا عوسمان رضي الله عنه کۆی کردەوە بووەتە جێی کۆدەنگی هەموو هاوەڵان رضي الله عنهم .

ئیبن کەسیر دەڵێت : ژمارەی ئایەتەکانی قورئان شەش هەزار ئایەتە ، لەوە زیاتر زانایان ناکۆکن ، هەیانە دەڵێن : لەوە زیاتر نییە ، وهەیانە دەڵێن : دووسەد وچوار ئایەتە لەوە زیاترە ، وگوتراوە : دووسەد وچواردە ، وگوتراوە : دووسەد ونۆزدە ، وگوتراوە : دووسەد وبیست وپێنج ، وگوتراوە : دووسەد وبیست وشەش ، وگوتراوە : دووسەد وسی وشەش ، ئەبوعومەری الدانی ئەوەی لە کتێبی (البیان)دا گێڕاوەتەوە .

ژمارەی وشەکانی قورئان فوزلی کوڕی شاذان لە عەتای کوڕی یەسارەوە دەگێڕێتەوە دەڵێت : حەفتا وحەوت هەزار وچوار سەد وسی ونۆ وشەیە ؛ وژمارەی پیتەکانی عبداللەی کوڕی کەسیر لە موجاهیدەوە دەگێڕێتەوە دەڵێت : ئێمە ژماردوومانە : سێ سەد وبیست ویەك هەزار وسەد وهەشتا پیتە ، وفوزل لە عەتای کوڕی یەسارەوە دەگێڕێتەوە دەڵێت : سێ سەد وبیست وسێ هەزار وپازدە پیتە ، وسەلام ئەبومحمد حەمانی دەڵێت : حەجاج هەموو قورئان خوێن وئەوانەی قورئانیان لەبەر بوو وئەوانەی قورئانیان دەنووسییەوە کۆی کردنەوە وپێی گوتن : هەموو قورئان بژمێرن بزانن چەند پیتە ؟ دەڵێت : ژماردمان ، هەموویان کۆ دەنگ بوون کە سێ سەد وچل هەزار وحەوت سەد وچل پیتە.

هۆکاری ئەو جیاوازییەشیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە هەندێك لە زانایان (بسم الله) وپیتە پچڕاوەکان یان پێغەمبەری خودا ﷺ لە هەندێك شوێن لەسەر ئایەتێك وەستاوە بە ئایەتیان ژماردووە ، وهەندێك بۆچوونیان پێچەوانەی ئەوە بووە ، بۆیە ئەو ناکۆکییە لە سەر زیاتر لە شەش هەزار ودووسەد ئایەتەکە دروست بووە ، بەڵام ئەوەی کە ئاشکرایە ئەو ناکۆکییە هیچ کاریگەرییەکی نییە ، چونکە هەمووان یەك دەنگن کە یەك پیت ویەك وشە لە موصحەفەکەی پێشەوا عوسمان رضي الله عنه کەم وزیادی نییە ، تەنها ناکۆکیان لە شوێنی دانانی ئایەتەکان وژمارەیانە .

شایانی باسە لەم پێشەکییەدا بە کورتی ئاماژەیەك بکەم بۆ پرسێك کە زۆر جار هەندێك لە خوێنەران بەر چاویان دەکەوێت ، وماناکەی لایان ڕوون نییە ، ئەویش پرسی : حەوت

پیت وحەوت خوێندنەوەکەیە (الأحرف السبعة والقراءات السبع) ، بوخاری ومسلم لە عومەری کوڕی خەتابەوە ﵁ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : گوێم لە هیشامی کوڕی حەکیمی کوڕی حزام بوو ﵄، سورەتی (الفرقان)ی دەخوێندەوە کۆمەڵە وشەیەکی خوێندەوە ، پێغەمبەری خودا ﷺ بەو شێوەیە بۆ منی نەخوێند بوویەوە ، خەریك بوو نوێژەکەی پێ ببڕم ، بەڵام ئارامم گرت هەتاکو کۆتایی پێهێنا ، یەخەییم گرت وهێنام بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ ، گوتم : ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ تۆ سورەتی (الفرقان)ت بۆ خوێندمەوە ، ومن گوێم لە هیشام بوو کۆمەڵە وشەیەکی دەخوێندەوە ، تۆ بۆ منت نەخوێندووەتەوە ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : بخوێنە ئەی هیشام ، قورئانی خوێندەوە بەو شێوەی کە عومەر ﵁ گوێی لێ بوو ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : بەم شێوەیە دابەزیوە ، پاشان فەرمووی : بخوێنە ئەی عومەر : خوێندمەوە ، فەرمووی : بەم شێوەیە دابەزیوە ، پاشان پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : بێگومان قورئان لەسەر حەوت شێواز دابەزێنراوە ، بەو شێوەیەی دەیزانن وئاسانە بۆتان قورئان بخوێننەوە .

هەندێك لە خەڵك گومانیان وایە ئەو حەوت شێوازەی قورئانی لەسەر دابەزیوە حەوت خوێندنەوەکەیە ، وئەمەش بۆچوونێکی هەڵەیە ، ئەبوشامە دەڵێت : ئەو کەسەی گومانی وابێت حەوت شێوازەکە ، حەوت خوێندنەوەکەیە ، پێچەوانەی کۆدەنگی هەموو زانایانە ، وئەوە گومانی هەندێك لە نەفامەکانە .

ئەو حەوت جۆرە خوێندنەوەی کە زانراو وباوە لای موسڵمانان ، کە هەر جۆرێکی بە ناوی بە ناوبانگترین خوێنەری ئەو جۆرەوە ناوبانگی دەرکردووە کە بریتین لە : نافعی مەدەنی ، وئیبن کەسیری مەککی ، ئەبوعەمری کوڕی عەلائی بەصری ، وئیبن عامری شامی ، وعاصم وحەمزە وکیسائی کوفی ، وهەریەکە لەو قورئان خوێنانە چەند کەسێك قورئانیان لەسەر دەستیان خوێندووە ، وخاوەن ڕێگە وخوێندنەوەی تایبەتن .

قورتبی لە پێشەکی تەفسیرەکەیدا باسی ناکۆکی زانایان دەکات سەبارەت بەو حەوت شێوازە (الأحرف السبعة) ودەڵێت : زانایان ناکۆکن کە مەبەست لەو حەوت شێوازە چییە ، سی وپێنج بۆچوونیان هەیە لە بارەیەوە ، کە ئەبوحاتەمی کوڕی حبان بوستی باسی کردووە ؛ بەهێزترین وپەسەندترین ونزیکترینیان لە ڕاستییەوە بریتییە لە : یەکەم : مەبەست حەوت شێوازی دەربڕینی جیاوازە بە هەمان مانا ، وەك : (أقبل ، تعال ، هلـم) ئەم وشانە ئەگەرچی شێوازیان جیاوازە بەڵام هەمان مانایان هەیە ، کە ئەمە بۆچوونی زۆربەی زانایانە ، وبێگومان مەبەست ئەوە نییە کە هەموو قورئان دەتوانرێت بە حەوت شێواز بخوێندرێتەوە ، بەڵکو هەندێك وشە بە مانایەك زیاتر تا حەوت مانا وشێواز دەخوێندرێتەوە ، وپێویستە بزانرێت ئەو دروستییەی خوێندنەوەی قورئان بەو شێوازە جیاوازانە بە حەز وئارەزوو نییە ، بەڵکو دەبێت بە صەحیحی لە پێغەمبەری خوداوە ﷺ ڕیوایەت کرابێت ، ئیبن تەیمییە دەڵێت : موسڵمانان کۆدەنگن کە ئەو حەوت شێوازەی قورئانی لەسەر دابەزێنراوە ، دژیەك نین لە مانا ومەبەستەکانی ، بەڵکو لەوانەیە : هاومانابن یان ماناکانیان نزیك بێت لە یەکەوە ، وەك : ئیبن مەسعود رضي الله عنه دەڵێت : بێگومان وەك ئەو قسەی

هەریەكە لە ئێوەیە كە بڵێت : (أَقْبِلْ ، وَهَلُمَّ ، وَتَعَالَ) ، یان دەشێت وشەیەك هەمان مانای وشەكەی تری نەبێت ، بەڵام هەردوو ماناكە ڕاست بێت ئەمەش ناكۆكی جۆرییە نەوەك دژیەكی ؛ دووەم : حەوت زاراوە لە قورئاندا هەیە كە هەموویان زاراوەی زمانی عەرەبین ، بۆ ئاسانكاری وقورس نەبوونی خوێندنەوەی لەسەر ئوممەتی ئیسلام بەو حەوت زاراوە دابەزیوە ، وبەڵگەش بە هاوشێوەی ئەو فەرموودەیە دەهێننەوە كە مسلم لە ئوبەی كوڕی كەعبەوە ﷺ ڕیوایەتی كردووە دەڵێت : لە مزگەوت دانیشتبووم ، كەسێك هاتە ژوورەوە ونوێژی كرد بە شێوەیەك قورئانی خوێندەوە نكولیم لێكرد ! ، پاشان كەسێكی تر هاتە ژوورەوە بە شێوەیەكی جیاوازتر لەو كەسەكەی تر قورئانی خوێندەوە ! ، كاتێك نوێژەكەمان بەجێهێنا ، هەموومان ڕۆیشتین بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ ، گوتم : ئەم كەسە بەشێوازێك قورئانی خوێندەوە نكولیم لێكرد ، وئەویتر بەشێوازێكی جیاوازتر لە خوێندنەوەی كەسی یەكەم قورئانی خوێندەوە ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمانی پێكردن ، قورئانیان خوێندەوە ، وشێوازی خوێندنەوەكەیانی بەباش دانا ، گومانم بۆ دروست بوو زیاتر لەو گومانەی كە لە سەردەمی نەفامی لە ناخمدا بوو ! ، كاتێك پێغەمبەری خودا ﷺ بینی ئەو گومانەم بۆ دروست بووە ، دای لەسەر سنگم ، لە شەرم وترسدا هەموو گیانم ئارەقی كرد وەك ئەوەی سەیری خودا ﷻ بكەم ، پێغەمبەری خودا ﷺ پێی فەرمووم : ئەی ئوبەی : سروشم بۆ كرا كە قورئان بە یەك شێواز بخوێنمەوە ، وەڵامی جبریلم عليه السلام دایەوە كە بە خودا سبحانه وتعالى ڕابگەیەنێت ئاسانكاری بكات بۆ ئوممەتەكەم ، گەڕایەوە بۆ لام فەرمووی : بە دوو شێواز بیخوێنەوە ، وەڵامی جبریلم عليه السلام دایەوە كە بە خودا سبحانه وتعالى

ڕابگەیەنێت ئاسانکاری بکات بۆ ئوممەتەکەم ، وەڵامی دامەوە لە جاری سێیەمدا : کە بە حەوت شێواز بیخوێنمەوە .

تەفسیری پێشین هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە مانای ئایەتەکانی قورئان ، بە گوزارشت ودەربڕینێکی سادە وئاسان بە زمانێکی کوردی پاراو وپەتی ، ودوور لە درێژ بڕییەك کە ببێتە هۆکاری دروست کردنی بێزاری لای خوێنەر وکورت بڕییەك کە مانا ومەبەستی پێویست نەدات بە دەستەوە ، هەڵبژاردنی ناوی پێشین بەو هیوایەیە کە هاومانای تەفسیرەکانی پێشەوایانی سەلەف بێت وهەردەم ئەو وتەیەی پێشەوا ئەحمەد بەیاد دەهێنمەوە کە دەڵێت : شتێك مەڵێ کە پێشەوایەك ئەو بۆچوونەی پەسەند نەکردبێت ؛ وئەوەش دووپات دەکەمەوە کە بیروباوەڕم بیروباوەڕی زانایانی ئەهلی سوننەت وجەماعەتە بە تایبەت لە لێکدانەوەی ناو وسیفەتەکانی خودا ﷻ (الأسماء والصفات) ، ومەنهەجم مەنهەجی پێشەواکانی سەلەفە ، ولەبەر ئەوەی هەڵە ونەزانین ولە بیرچوون لە سیفەتی مرۆڤن ، ئەو گوتەیەی پێشەوا شافعی دروشمە کە دەڵێت : باوەڕم بە خودا هەیە وبەوەی لە خوداوە هاتووە ، وبەو شێوەیەی خودا ﷻ ویستوویەتی ، وباوەڕم بە پێغەمبەری خودا ﷺ هەیە ، وبەوەی لە پێغەمبەری خوداوە ﷺ هاتووە ، وبەو شێوەیەی پێغەمبەری خودا ﷺ ویستوویەتی ؛ هەر شتێك لەم تەفسیرەدا پێچەوانەی بیروباوەڕی ئەهلی سوننەت وجەماعەت ومەنهەجی زانایانی سەلەف بێت ئەگەر لە ژیاندابم وکەسێك ئاگادارم بکاتەوە بێ چەندوچوون لێی پەشیمان دەبمەوە ، وئەگەر مردنیش یەخەی پێ گرتم داوای لێخۆش بوون لە پەروەردگارم دەکەم وپەشیمانم .

کتێبخانەی کوردی هەژارە لە ڕووی سەرچاوەی تۆکمە وڕاست ودروست بۆ تێگەیشتن لە قورئان لەسەر ڕێبازی پێشینان ، زانراوە کە باشترین ڕێگا بۆ لێکدانەوەی قورئان تەفسیرکردنیەتی بە ئایەتەکانی قورئان وفەرموودە صەحیحەکانی پێغەمبەری خودا ﷺ چونکە هەندێك جار بابەتێکی لە شوێنێکدا بە کورتی یان بە ڕەهایی یان بە گشتی باسکراوە ولە شوێنێکی تر ئەو باسە زیاتر ڕوون کراوەتەوە یان وابەستەکراوە یان تایبەت کراوە ، وهەروەها زانستی "ناسخ ومنسوخ" وهۆکاری دابەزینی ئایەتەکان ، ولێکدانەوەی هاوەڵان بە تایبەت ئیبن عەباس رضي الله عنهما چونکە پێغەمبەری خودا ﷺ لە خودا بۆی پاڕاوەتەوە ونزای بۆ کردووە کە فێری لێکدانەوە وتەفسیری قورئانی بکات ، ولێکدانەوە وتەفسیری زانا گەورە وبە ناوبانگەکانی ئەهلی سوننەت وجەماعەت ، چونکە دڵنیام لە تەفسیردا ئەوان هیچ بوارێکیان بۆ داهێنان وزیادە خستنە سەر بۆ دوای خۆیان نەهێشتووەتەوە ، وهەمووان پێویستمان بە هەڵدانەوەی لاپەڕەی تەفسیرەکانی زانایانی سەلەف هەیە ، لەبەر ئەوە سەرچاوەی ئەم تەفسیرە هەموو ئەو شاکارانەیە کە ئەوان نووسیویانەتەوە .

لە تەفسیری پێشیندا سودی زۆرم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە ، (جامع البيان)ئیبن جەریری الطبری (٣١٠هـ) ، (تفسير القرآن العظيم مسندًا) ئیبن ئەبوحاتەمی ڕازی (٣٢٧هـ) ، (الكشف والبيان) الثعلبی (٤٢٧هـ) ، (التفسير البسيط)و(الوجيز) الواحدی (٤٦٨هـ) ، (معالم التنزيل) البغوي (٥١٦هـ) ، (زاد المسير) ئیبن الجوزی (٥٩٧هـ) ، (الجامع لأحكام القرآن) القرطبی (٦٧١هـ) ، (التسهيل لعلوم التنزيل) ئیبن جزی الکلبی

(٧٤١هـ) ، (تفسير القرآن العظيم) ئيبن كثير (٧٧٤هـ) ، (الدر المنثور) السيوطى (٩١١هـ) ، (فتح القدير) الشوكانى (١٢٥٠هـ) ، (روح المعانى) الآلوسى (١٢٧٠هـ) ، (فتح البيان) صديق حسن خان القنوجى (١٣٠٧هـ) ، (تيسير الكريم المنان) السعدى (١٣٧٦هـ) ، (أضواء البيان) الشنقيطى (١٣٩٤هـ) ، (تفسير القرآن الكريم) ئيبن عثيمين (١٤٢١هـ) ، هەروەها سودم لە هەموو كتێبەكانی شێخی ئیسلام ئیبن تیمیە (٧٢١هـ) وپێشەوا ئیبن القیم (٧٥١هـ) وەرگرتووە .

هۆكاری هاتنە خوارەوەی ئایەتەكانم دیاری كردووە ، دەقی فەرموودەكانم بە عەرەبی نەهێناوە لەبەر ئەوەی زۆر درێژ نەبێتەوە ، وزۆرجاریش تەنها شوێنی مەبەستم هێناوە ، وفەرموودە ئەگەر بوخاری ومسلم یان یەكێكیان ڕیوایەتیان كردبێت كەسی ترم لە فەرموودەناس لەگەڵ باس نەكردوون بۆ سودێك نەبێت كە لە ڕیوایەتی جگە لە بوخاری ومسلمدا هاتبێت ، وبۆ فەرموودەكانی تر پشتم بەستووە بە كتێبەكانی ئەلبانی وئیبن حەجەر وئیبن كەسیر وزەهەبی وشەوكانی وئەحمەد شاكر ومقبل وادعی ، ئەگەر فەرموودەیەك قسەی ئەو فەرموودەناسانە لێكۆڵەرانەم دەست نەكەوتبێت لەسەری ناوم نەهێناون كە ئەمە زۆر بەكەمی دەبینرێت وبۆسود ومەبەستێك وزیاتر تێگەیشتنە لە مانای ئایەتەكە هێناومە ، وبۆ ناوی خودای پەروەردگار لە هەر شوێنێكدا ماناكانی بخوازێت یان لە دەقی وەرگێڕاودا هاتبێت (جَلَّ جَلَالُهُ ، سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى ، عَزَّ وَجَلَّ) نوسیووە ، بۆ ناوی پێغەمبەری خودا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نوسیووە ، وبۆناوی پێغەمبەرانی تر عَلَيْهِ السَّلَامُ یان عَلَيْهِمُ السَّلَامُ نوسیووە ، بۆ هاوەڵان (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ ، رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا ، رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا ، رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ) نوسیووە ، وبۆ زانایان (رَحِمَهُ اللَّهُ)م بەكار نەهێناوە لەبەر زۆر


دووبارەبوونەوەی ناوەکانیان ، وکاتێك دەڵێم فلانە زانا وادەڵێت ناوی سەرچاوەکەم نەنوسیووە وەك زانایانی پێشین ، چونکە دیاری کردنی سەرچاوە ونۆرەی چاپ وژمارەی لاپەڕە لەم سەردەمانەی دواییدا دایان هێناوە وشێوازێکی ئەکادیمییە ، وئەوەش لەبەر ترسی دزی زانستییە "السرقة العلمية" ، ومەرج نییە دەقاودەق قسەکەیم هێنابێت بەڵکو مانا ومەبەستەکەم نوسیووە ، چونکە ئەگەر دروست بێت لێکدانەوەی مانای ئایەتەکانی قورئان بکرێت یان بە مانا فەرموودەکانی پێغەمبەری خودا ﷺ بگێڕدرێتەوە ، بێگومان دروستە بە مانا قسەی زانایان وەربگێڕدرێت ، وئەگەر لە شوێنێکدا مانای قسەی زانایەکم نوسیبێت ودەستکاری زۆرم کردبێت نەمداوەتە پاڵ زاناکە ، وبۆ لێکدانەوەی ناو وسیفەتەکانی خودا ﷻ سودم لە کتێبەکانی زانستی بیروباوەڕ بە تایبەت کتێبەکانی شێخی ئیسلام ئیبن تەیمییە وپێشەوا ئیبن عوسەیمین وەرگرتووە ، وبۆ حوکمە فیقهییەکان وابەستەی هیچ مەزهەبێك نابم بەڵکو بەرێزەوە دەڕوانمە ئیجتیهاد وڕای زانایان وپێشەواکانی سوننەت وهەر وتە وبۆچوونێك پێچەوانەی سوننەتی صەحیح بێت وەریناگرم .

عثمان أحمد حاتم

باشوری کوردستان ـ گەرمیان ـ کەلار

٩/شوال/١٤٤١ك

٢٠٢٠/٦/١


الجزء السابع   سورة المائدة

وَمَا لَنَا لَا نُؤۡمِنُ بِٱللَّهِ وَمَا جَآءَنَا مِنَ ٱلۡحَقِّ وَنَطۡمَعُ أَن يُدۡخِلَنَا
رَبُّنَا مَعَ ٱلۡقَوۡمِ ٱلصَّٰلِحِينَ ٨٤ فَأَثَٰبَهُمُ ٱللَّهُ بِمَا قَالُواْ جَنَّٰتٖ
تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَاۚ وَذَٰلِكَ جَزَآءُ
ٱلۡمُحۡسِنِينَ ٨٥ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَكَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَآ أُوْلَٰٓئِكَ
أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَحِيمِ ٨٦ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُحَرِّمُواْ
طَيِّبَٰتِ مَآ أَحَلَّ ٱللَّهُ لَكُمۡ وَلَا تَعۡتَدُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ
ٱلۡمُعۡتَدِينَ ٨٧ وَكُلُواْ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُ حَلَٰلٗا طَيِّبٗاۚ
وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِيٓ أَنتُم بِهِۦ مُؤۡمِنُونَ ٨٨ لَا يُؤَاخِذُكُمُ ٱللَّهُ
بِٱللَّغۡوِ فِيٓ أَيۡمَٰنِكُمۡ وَلَٰكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا عَقَّدتُّمُ ٱلۡأَيۡمَٰنَۖ
فَكَفَّٰرَتُهُۥٓ إِطۡعَامُ عَشَرَةِ مَسَٰكِينَ مِنۡ أَوۡسَطِ مَا تُطۡعِمُونَ
أَهۡلِيكُمۡ أَوۡ كِسۡوَتُهُمۡ أَوۡ تَحۡرِيرُ رَقَبَةٖۖ فَمَن لَّمۡ يَجِدۡ فَصِيَامُ
ثَلَٰثَةِ أَيَّامٖۚ ذَٰلِكَ كَفَّٰرَةُ أَيۡمَٰنِكُمۡ إِذَا حَلَفۡتُمۡۚ وَٱحۡفَظُوٓاْ
أَيۡمَٰنَكُمۡۚ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمۡ ءَايَٰتِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ ٨٩
يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡخَمۡرُ وَٱلۡمَيۡسِرُ وَٱلۡأَنصَابُ وَٱلۡأَزۡلَٰمُ
رِجۡسٞ مِّنۡ عَمَلِ ٱلشَّيۡطَٰنِ فَٱجۡتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ٩٠

١٢٢

﴿وَمَا لَنَا لَا نُؤۡمِنُ بِٱللَّهِ وَمَا جَآءَنَا مِنَ ٱلۡحَقِّ وَنَطۡمَعُ أَن يُدۡخِلَنَا رَبُّنَا مَعَ ٱلۡقَوۡمِ ٱلصَّٰلِحِينَ ٨٤﴾ چی ڕێگرە باوەڕ بە خودا وئەو ڕاستییەی کە لە قورئاندا بۆمان هاتووە بهێنین ؟ ، وبەتەماین پەروەردگارمان بمانخاتە نێو گرۆهی پیاوچاکانەوە .

﴿فَأَثَٰبَهُمُ ٱللَّهُ بِمَا قَالُواْ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَاۚ وَذَٰلِكَ جَزَآءُ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ٨٥﴾ خودا بە هۆی ئەوەی کە گوتیان بەهەشتی پێبەخشین کە جۆگەلەی ئاو بەژێر کۆشك وتەلار وباخەکانیدا دەڕوات وبە هەمیشەیی تیایدا دەمێننەوە ، ئەوەش پاداشتی چاکەکارانە .

﴿ٱلۡمُحۡسِنِينَ﴾ واتە : چاکەکار ، بەو کەسە دەگوترێت کە بە دڵسۆزییەوە وبەو شێوەیە خودا ﷻ بپەرستێت کە واهەست بکات خودا ﷻ دەبینێ ، ئەگەر ئەم خودا نەبینێ دڵنیابێت کە خودا دەیبینێ .

﴿وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَكَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَآ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَحِيمِ ٨٦﴾ وئەو کەسانەی کە بێباوەڕن وئایەتەکانمان بە ڕاست نازانن ئەوانە هاوەڵی ئاگری سوتێنەری دۆزەخن .

ئاگری دۆزەخ لە ئاگری دونیا جیاوازە وسوتەمەنییەکەی لاشەی خەڵك وبەردە ، خودا ﷻ دەفەرموێت : ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ وَأَهۡلِيكُمۡ نَارٗا وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلۡحِجَارَةُ ۝٦﴾(التَّحۡرِيم) ، وبوخاری ومسلم لە ئەبوهرەیرەوە ﵁ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : ئەم ئاگرەی دونیای ئێوە کە بڵێسە دەسێنێت بەشێکە لە حەفتا بەش لە ئاگری دۆزەخ ، گوتیان : سوێند بە خودا ئەمە بەس بوو ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ، فەرمووی : ئاگری دۆزەخ شەست ونۆ هێندەی تر گەرمتر وسوتێنەرترە ، وهەر بەشێکی هێندەی ئاگری دونیا بە گڕ وتینە .

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُحَرِّمُواْ طَيِّبَٰتِ مَآ أَحَلَّ ٱللَّهُ لَكُمۡ وَلَا تَعۡتَدُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُعۡتَدِينَ ۝٨٧﴾ ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە حەرامی مەکەن ئەو شتە پاکانەی کە خودا حەڵاڵی کردووە ، ودەست درێژی مەکەن وسنور مەبەزێنن ، چونکە بەڕاستی خودا دەست درێژیکارە سنور بەزێنەکانی خۆش ناوێت .

بوخاری ومسلم لە ئیبن مەسعودەوە ﵁ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : ئێمە غەزامان دەکرد لەگەڵ پێغەمبەری خودا ﷺ وئافرەتمان لەگەڵ بوو ، گوتمان : بۆچی خۆمان نەخەسێنین ؟! پێغەمبەری خودا ﷺ قەدەغەی ئەوەی لێ کردین ، پاشان ڕوخسەت دراین لەگەڵ ئافرەتان ڕابوێرین ، هەریەکە لە ئێمە بە دابین کردنی پۆشاك بۆ ئافرەتێك لە بری مارەیی بۆ ماوەیەکی دیاری کراو مارەی دەکرد ، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە : ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُحَرِّمُواْ طَيِّبَٰتِ مَآ أَحَلَّ ٱللَّهُ لَكُمۡ﴾ ؛ ئەم ڕوخسەتە بۆ ماوەیەکی کاتی بووە دواتر ئەو مارەکردنە هەتاکو ڕۆژی قیامەت حەرام کراوە ؛ وترمزی لە ئیبن

عەباسەوە ﵄ ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پیاوێك هات بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ گوتی : من گۆشتم خوارد وحەزم لە ئافرەت کرد وشەهوەتم جولا ، لەبەر ئەوە گۆشتم لەسەر خۆم حەرام کرد ، خودا ئەم ئایەتەی دابەزاند : ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُحَرِّمُواْ طَيِّبَـٰتِ مَآ أَحَلَّ ٱللَّهُ لَكُمْ وَلَا تَعْتَدُوٓاْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْمُعْتَدِينَ ﴿٨٧﴾ وَكُلُواْ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُ حَلَـٰلًا طَيِّبًا ۚ ﴿٨٨﴾﴾ ؛ وتەبەری وئیبن ئەبوحاتەم لە ئیبن عەباسەوە ﵄ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : ئەم ئایەتە : ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُحَرِّمُواْ طَيِّبَـٰتِ مَآ أَحَلَّ ٱللَّهُ لَكُمْ وَلَا تَعْتَدُوٓاْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْمُعْتَدِينَ ﴿٨٧﴾﴾ دەربارەی کۆمەڵێك لە هاوەڵانی پێغەمبەری خودا ﷺ دابەزی ، گوتیان : زەکەری خۆمان دەبڕین ، وواز لە حەز وئارەزووەکان دەهێنین ، وبەسەر زەویدا دەگەڕێین وەك ئەو کەسانەی خۆیان گۆشەگیر کردووە بۆ خودا پەرستی ، ئەم هەواڵە گەیشتە پێغەمبەری خودا ﷺ ، ناردی بە دوایاندا وئەوەی بۆ باسکردن ، گوتیان : بەڵێ وایە ، پێی فەرموون : بەڵام من ڕۆژوو دەگرم وهەندێك ڕۆژ بە ڕۆژوونابم ، ونوێژ دەکەم ودەخەوم ، وژن دەخوازم ، هەرکەسێك لەسەر سوننەتی من بێت ئەوە لە منە ، وهەر کەسێك سوننەتەکەی من وەرنەگرێت لە من نییە ؛ وتەبەری لە عیکرمەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : عوسمانی کوڕی مەزعون ﵁ لەگەڵ هەندێکی تر لە هاوەڵانی پێغەمبەری خودا ﷺ گوتیان : گۆشت ناخۆین ، ویەکێکی تر گوتی : لەسەر فەرش ناخەوم ، ویەکێکی تر گوتی : ژن ناخوازم ، ویەکێکی تر گوتی : بەردەوام بە ڕۆژوو دەبم ونایشکێنم ، خودا ئەم ئایەتەی دابەزاند : ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُحَرِّمُواْ طَيِّبَـٰتِ مَآ أَحَلَّ ٱللَّهُ لَكُمْ وَلَا تَعْتَدُوٓاْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْمُعْتَدِينَ ﴿٨٧﴾﴾ .

﴿وَكُلُوا۟ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُ حَلَٰلًا طَيِّبًا ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ٱلَّذِىٓ أَنتُم بِهِۦ مُؤْمِنُونَ ﴿٨٨﴾﴾ وبخۆن لەو ڕۆزییە حەڵاڵە پاکانەی کە خودا پێی بەخشیون ، وبترسن وپارێزکاربن لەو خودایەی کە ئێوە باوەڕتان پێی هێناوە .

﴿لَا يُؤَاخِذُكُمُ ٱللَّهُ بِٱللَّغْوِ فِىٓ أَيْمَٰنِكُمْ وَلَٰكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا عَقَّدتُّمُ ٱلْأَيْمَٰنَ ۖ فَكَفَّٰرَتُهُۥٓ إِطْعَامُ عَشَرَةِ مَسَٰكِينَ مِنْ أَوْسَطِ مَا تُطْعِمُونَ أَهْلِيكُمْ أَوْ كِسْوَتُهُمْ أَوْ تَحْرِيرُ رَقَبَةٍ ۖ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلَٰثَةِ أَيَّامٍ ۚ ذَٰلِكَ كَفَّٰرَةُ أَيْمَٰنِكُمْ إِذَا حَلَفْتُمْ ۚ وَٱحْفَظُوٓا۟ أَيْمَٰنَكُمْ ۚ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمْ ءَايَٰتِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿٨٩﴾﴾ خودا ﷻ ئەو سوێندانەتان لێناگرێت ولێپرسینەوەتان لەگەڵدا ناکات لەسەری کە بەبێ نیازی دڵ وبێ مەبەست دێتە سەر زمانتان ، بەڵام لێپرسینەوەتان لەگەڵدا دەکات وسزاتان دەدات ، یان داواتان لێدەکات کەفارەتی ئەو سوێندانە بدەن کە بە نیازی دڵ دەیخۆن ومەبەستانە ونایبەنە سەر ودەیشکێنن ، کەفارەتەکەی نانی دە هەژارە لەو خۆراکە مامناوەندەی کە خێزانەکەتان دەیخۆن ، یان دابین کردنی پۆشاك بۆیان ، یان ئازاد کردنی کۆیلەیەك ، هەرکەسێك ئەو کەفارەتانەی نەبوو ، ئەوا سێ ڕۆژ ڕۆژووی لەسەر پێویست دەبێت ، ئەوە کەفارەتی سوێندەکانتانە ئەگەر شکاندتان ونەتان بردەسەر ، پارێزگاری لە سوێندەکانتان بکەن ، بەو شێوەیە خودا ئایەتەکانی ڕوون دەکاتەوە بۆتان بۆ ئەوەی سوپاس گوزاربن .

بوخاری لە عائیشەی دایکی باوەڕدارانەوە رضي الله عنها ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : باوکم ئەگەر سوێندی بخواردایە سوێندەکەی نەدەشکاند ، هەتاکو خودا کەفارەتی سوێندی دابەزاند ، ئەوکات ئەبوبەکر رضي الله عنه گوتی : هەرکاتێك سوێندم خوارد بینیم پێچەوانەکەی باشترە ، ڕوخسەتی خودا وەردەگرم وئەوەی کە باشە ئەنجامی دەدەم ؛ زانایان دەڵێن

سوێند سێ جۆرە : یەکەم : سوێندی لەغو ئەو سوێندەیە کە بە بێ مەبەستی دڵ کەسێك سوێند دەخوات یان ئەوەیە لەسەر زمانی ڕاهاتووە دەڵێت : نە بەخوا ، وبەڵێ بەخوا ، ئەم جۆرە سوێندە کەفارەتی نییە ، دووەم : سوێندی دامەزراو (المنعقدة) ئەو سوێندەیە کە خاوەنەکەی سوێند دەخوات لەسەر شتێك لە ئایندە ئەنجامی دەدات یان ئەنجامی نادات ئەگەر ئەم کەسە پارێزگاری لە سوێندەکەی بکات ونەیشکێنێ هیچی لەسەر نییە ، بەڵام ئەگەر پێچەوانەی سوێندەکەی کرد ئەوا پێویستە لەسەری کەفارەتی بدات ، سێیەم : سوێندی (الغموس) واتە : خاوەنەکەی نوقمی تاوان دەکات ، خاوەنەکەی سوێند دەخوات لەسەر شتێك ودەزانێت درۆ دەکات یان لەسەر شتێك کە بوونی نەبێت بە درۆوە سوێندی لەسەر بخوات ، ئەمە تاوانێکی گەورەیە ، وزۆربەی زانایان دەڵێن : کەفارەتی نییە بەڵکو خاوەنەکەی دەبێت تەوبە بکات وئەگەر بە هۆی ئەو سوێندەوە کە بە درۆ خواردوویەتی سامان یان هەر شتێکی خەڵکی بۆ خۆی بردبێت دەبێت بیگەڕێنێتەوە بۆ خاوەنەکەی ، بەڵام شافعی دەڵێت : پێویستە کەفارەتی بدات وئەوە ڕیوایەتێکە لە ئەحمەدەوە ، وئیبن عوسەیمین دەڵێت : ئەم ئایەتە سودی ئەوەی لێ وەردەگرین کە ئەگەر کەسێك لەو قسەی کە دەیکات مەبەستی لەگەڵ نەبێت هیچی لەسەر نییە ، ئەم سودەش یاسایەکی گەورەیە بەسەر زۆر پرسدا ساغ دەبێتەوە ، لەوانە : ئەگەر وشەی تەڵاق بێتە سەر زمانی ومەبەستی لەگەڵدا نەبێت ژنەکەی تەڵاقی ناکەوێت ، وئەگەر لە حاڵی زۆر توڕەبووندا تەڵاقی خێزانەکەیدا تەڵاقی ناکەوێت ، وئەگەر وشەی کوفر بەسەر زمانیدا بێت لە کاتێکدا کە زۆر خۆشحاڵ بوو پێی کافر نابێت ، ئەبوداود لە عائیشەی دایکی باوەڕدارانەوە رضي الله عنها ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : ﴿ٱللَّغۡوِ﴾ لە سوێنددا بریتیە لە قسەی پیاوێك کە لەماڵەوە



دەیکات ودەڵێت : نە بەخوا ، وبەڵێ بەخوا ، وئەم فەرموودەیە بوخاری بە گوتەی عائیشە رضي الله عنها گێڕاویەتییەوە ودەڵێت : ئەم ئایەتە : ﴿لَّا يُؤَاخِذُكُمُ ٱللَّهُ بِٱللَّغْوِ فِيٓ أَيْمَٰنِكُمْ﴾ دەربارەی قسەی پیاوێکە دەڵێت : نە بەخوا ، وبەڵێ بەخوا ، وئیبن ماجە لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پیاو هەبوو دەست کراوە بوو لە دابین کردنی خۆراك بۆ خێزانی ، وپیاویش هەبوو نەداربوو بەو شێوەیە خۆراکی بۆ ماڵ ومنداڵی دابین نەدەکرد ، ئەم ئایەتە دابەزی : ﴿مِنْ أَوْسَطِ مَا تُطْعِمُونَ أَهْلِيكُمْ﴾ .

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلْخَمْرُ وَٱلْمَيْسِرُ وَٱلْأَنصَابُ وَٱلْأَزْلَٰمُ رِجْسٌ مِّنْ عَمَلِ ٱلشَّيْطَٰنِ فَٱجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ٩٠﴾ ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە بێگومان مەی وقومار ، وئەو بەردانەی ئاژەڵیان بۆ جگە لە خودا لەسەر سەردەبڕن ، یان ئەو بت وپەیکەرانەی دادەنرێن ودەپەرسترێن ، وتیروپشك وبەخت گرتنەوە ودیاری کردنی ئایندە بە داری تیر ، هەموو ئەمانە پیسن ولە کرداری شەیتانن لێی دوورکەونەوە بۆ ئەوەی سەرفرازبن.

﴿إِنَّمَا يُرِيدُ ٱلشَّيۡطَٰنُ أَن يُوقِعَ بَيۡنَكُمُ ٱلۡعَدَٰوَةَ وَٱلۡبَغۡضَآءَ فِي ٱلۡخَمۡرِ وَٱلۡمَيۡسِرِ وَيَصُدَّكُمۡ عَن ذِكۡرِ ٱللَّهِ وَعَنِ ٱلصَّلَوٰةِۖ فَهَلۡ أَنتُم مُّنتَهُونَ ﴿٩١﴾﴾ بێگومان شەیتان دەیەوێت دوژمنایەتی ورق وکینە بخاتە نێوانتانەوە بە هۆی مەی وقومارەوە ، وڕێگری یادی خودا ونوێژتان لێ بکات ، ئایا ئێوە واز لەو کردارە خراپانە دەهێنن ؟.

﴿ٱلۡخَمۡرِ﴾ بریتییە : لە هەر شتێك کە بیر وهۆشی مرۆڤ ببات وچێژی لێ ببینێت ومەستی بکات ، و﴿ٱلۡمَيۡسِرِ﴾ بریتییە : لە هەموو یاری وکێبڕکێیەك کە براوە ودۆڕاوی تێدا بێت ، وهەردوولا بڕێك پارە یان هەر جۆرە سامانێك دابنێن ، کامیان براوە بوو ئەو پارە وسامانەی بەرامبەرەکەی بۆ خۆی ببات ، وئەم دووانە دوو تاوانی گەورەن بەڵکو تەبەرانی وواحیدی لە عبداللەی کوڕی عەمرەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : مەی دایکی هەموو پیسی وتاوانەکانە هەرکەس بیخواتەوە خودا چل ڕۆژ نوێژی لێ وەرناگرێت ، وئەگەر بمرێت ومەی لە سکیدا بێت ئەوا بە مردنی نەفامی مردووە " ئەبوداود وترمزی ونەسائی لە عومەری کوڕی خەتابەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، ودەڵێت : پەروەردگارا دەربارەی مەی وبادە ڕوونکردنەوەیەکی تەواومان بۆ دابەزێنە ، چونکە سامان وژیری لە ناودەبات ، ئەم ئایەتە دابەزی : ﴿۞يَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلۡخَمۡرِ وَٱلۡمَيۡسِرِۖ﴾ بانگی عومەریان کرد رضي الله عنه وئایەتەکەیان بەسەردا خوێندەوە ، گوتی : پەروەردگارا دەربارەی مەی وبادە ڕوونکردنەوەیەکی تەواومان بۆ دابەزێنە ، ئەو ئایەتەی سورەتی (النساء) دابەزی کە دەفەرموێت : ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَقۡرَبُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنتُمۡ سُكَٰرَىٰ ﴿٤٣﴾﴾ ، بانگدەرەکەی پێغەمبەری خودا ﷺ کاتێك قامەتی بکردایە بۆ نوێژ

بانگی دەکرد ودەیگوت : هەرکەسێك کە مەستە بە مەی نزیکی نوێژ نەکەویتەوە ، بانگی عومەریان کرد ﷺ ئەم ئایەتەی بەسەردا خوێندرایەوە ، گوتی : پەروەردگارا دەربارەی مەی وبادە ڕوونکردنەوەیەکی تەواومان بۆ دابەزێنە ، ئەو ئایەتەی سورەتی (المائدە) دابەزی بانگی عومەریان کرد ﷺ خوێندیانەوە بەسەریدا کە گەیشتە ئەوەی کە دەفەرمویت : ﴿فَهَلۡ أَنتُم مُّنتَهُونَ ۝٩١﴾ ، عومەر ﷺ گوتی : وازمان هێنا وازمان هێنا ؛ ومسلم لە ئەبو سەعیدەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : ئەی خەڵکینە خودا ﷻ ئاماژە بۆ حەرام کردنی مەی دەکات ، هەرکەسێك مەی هەیە با بیفرۆشێت وسود لە پارەکەی وەربگرێت ، زۆری پێنەچوو پاشان فەرمووی : خودا ﷻ مەی حەرام کرد هەرکەسێك ئەم ئایەتەی پێگەیشت ومەی هەیە با نەیفرۆشێت ونەشیخواتەوە ، خەڵك ئەوەی مەی هەبوو لە ڕێگاکانی شاری مەدینە ڕژاندیان ؛ ئەحمەد وحاکم لە ئیبن عەباسەوە ﷺ ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : جبریل ﷺ هات بۆ لام وفەرمووی : ئەی محمد ، بێگومان خودا نەفرەتی لە مەی کردووە ، ولەوەی کە دەیگوشێت ، وئەوەی بۆی دەگوشرێت ، وئەوەی دەیخواتەوە ، وئەوەی هەڵی دەگرێت ، وئەوەی بۆی هەڵدەگرێت ، وئەوەی دەیفرۆشێت ، وئەوەی تێی دەکات ، وئەوەی داوا دەکات بۆی تێ بکرێت ؛ وهەموو یارییەك کە براوە ودۆڕاوی تێدابێت وڕکابەرەکان شتێك دابنێن کێبڕکێی لەسەر بکەن ئەوە قومارە ، ئەبوداود وئیبن ماجە وئیبن حبان لە ئەبوموساوە ﷺ ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەرکەسێك یاری بە زار بکات سەرپێچی خودا وپێغەمبەرەکەی ﷺ کردووە ؛ ومسلم لە بریدەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی :

هەرکەسێك یاری بە زار بكات وەك ئەوەیە دەستی بە خوێن وگۆشتی بەراز سور كردبێت ؛ وبوخاری لە "الأدب المفرد" لە عائیشەی دایكی باوەڕدارانەوە ﭬ ڕیوایەتی كردووە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە ، دەڵێت : كەسانێك لەماڵەكەی بوون پێیان ڕاگەیاند كە زاریان پێیە ، پەیامی بۆ ناردن ، ئەگەر لە ماڵ دەرینەكەن لە ماڵ دەرتان دەكەم ؛ ودیسان بوخاری لە "الأدب المفرد" لە كلسومی كوڕی جەبرەوە ڕیوایەتی كردووە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە ، دەڵێت : ئیبن زوبێر ﭭ گوتاری بۆ خوێندینەوە ، گوتی : ئەی دانیشتووانی مەككە هەواڵم پێگەیشتووە پیاوانێك لە قورەیش یاری بە زار دەكەن ، خودا دەفەرموێت : ﴿إِنَّمَا ٱلۡخَمۡرُ وَٱلۡمَيۡسِرُ﴾ ، ومن سوێند بە خودا دەخۆم ، هەركەسێك بهێنن بۆ لام كە یاری پێكردبێت سزای دەدەم ؛ ودیسان بوخاری لە "الأدب المفرد" لە عبداللەی كوڕی عەمرەوە ﭭ ڕیوایەتی كردووە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە ، دەڵێت : ئەو كەسەی یاری بە زار بكات بۆ قومار ئەوە وەك ئەو كەسەیە گۆشتی بەرازی خواردبێت ، وهەركەسێك یاری پێبكات بەبێ قومار وەك ئەو كەسەیە دەستی خستبێتە خوێنی بەرازەوە ؛ ئەبوداود لە ئیبن عەباسەوە ﭭ ڕیوایەتی كردووە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە دەڵێت : ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَقۡرَبُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنتُمۡ سُكَـٰرَىٰ﴾(النِّسَاء) ، و﴿۞ يَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلۡخَمۡرِ وَٱلۡمَيۡسِرِۖ قُلۡ فِيهِمَآ إِثۡمٞ كَبِيرٞ وَمَنَـٰفِعُ لِلنَّاسِ ٢١٩﴾(البَقَرَة) نەسخ كرایەوە بە ئایەتی : ﴿إِنَّمَا ٱلۡخَمۡرُ وَٱلۡمَيۡسِرُ وَٱلۡأَنصَابُ﴾ ؛ ومسلم لە سەعدی كوڕی ئەبووەقاصەوە ﭬ ڕیوایەتی كردووە دەڵێت : چوار ئایەت لە قورئان لەسەر من دابەزیوە ، چوارەمیان : ڕۆیشتم بۆ باخێك بۆ لای كۆمەڵێك لە هاوەڵانی كۆچەری وپشتیوانان ، گوتیان : وەرە میوانبە لامان وخۆراك وەمەی

بخۆرەوە ، پێش ئەوەی مەی حەرام بکرێت ، سەری حوشترێکی برژاو وگۆزەیەك مەییان دانا بوو ، خواردم وخواردمەوە لەگەڵیان ، وباسی پشتیوانان وکۆچەرییەکانم کرد لایان ، گوتم : کۆچەرییەکان باشترن لە پشتیوانان ، کەسێك شەویلگەیەکی سەرە حوشترەکەی هەڵگرت وکێشای بە لووتمدا وبرینداری کرد ، هاتم بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ ئەو باسەم بۆ گێڕایەوە ، خودا لەسەر من ئەم ئایەتەی دابەزاند : ﴿إِنَّمَا ٱلۡخَمۡرُ وَٱلۡمَيۡسِرُ وَٱلۡأَنصَابُ وَٱلۡأَزۡلَٰمُ رِجۡسٞ مِّنۡ عَمَلِ ٱلشَّيۡطَٰنِ﴾ .

﴿وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَٱحۡذَرُواْۚ فَإِن تَوَلَّيۡتُمۡ فَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّمَا عَلَىٰ رَسُولِنَا ٱلۡبَلَٰغُ ٱلۡمُبِينُ ﴿٩٢﴾﴾ وگوێڕایەڵی خودا وگوێڕایەڵی پێغەمبەری خودابن ، ووریای سەرپێچیبن ، ئەگەر پشتان هەڵکرد ئەوە بزانن بێگومان تەنها گەیاندنی ئاشکرا لەسەر پێغەمبەرەکەی ئێمەیە .

﴿لَيۡسَ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ جُنَاحٞ فِيمَا طَعِمُوٓاْ إِذَا مَا ٱتَّقَواْ وَّءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ ثُمَّ ٱتَّقَواْ وَّءَامَنُواْ ثُمَّ ٱتَّقَواْ وَّأَحۡسَنُواْۚ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴿٩٣﴾﴾ ئەوانەی کە باوەڕدارن وکردەوەی باشیان ئەنجامدا هیچ تاوانبار نابن لەسەر ئەوەی خواردوویانە ، ئەگەر خۆیان لەو شتانە پاراستبێت کە حەرام بووە لەسەریان ، وبەردەوام بووبن لەسەر باوەڕ وئەنجامدانی کردەوەی باش ، پاشان باوەڕ ولە خودا ترسان وخۆپارێزییان پتەوتر بووبێت وچاکەکاربن ، وخودا چاکەکارانی خۆش دەوێت .

مەی لە دوای غەزای ئوحود حەرام کرا بە بەڵگەی ئەوەی بوخاری لە جابری کوڕی عبداللـەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : کەسانێك لە هاوەڵانی پێغەمبەری خودا ﷺ

بەرەبەیانی ڕۆژی ئوحود مەییان خواردەوە ، لەو ڕۆژەدا هەموویان شەهید بوون ، ئەمە پێش ئەوەی مەی حەرام بکرێت ؛ وبوخاری ومسلم لە ئەنەسەوە ﷺ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : من مەیم دەگێڕا لە ماڵی ئەبوتەلحە ﷺ ، خواردنەوەکەیان لە خورما دروستکرابوو ، لە ناکاو گوێمان لە بانگەوازکارێك بوو ، ئەبوتەلحە ﷺ گوتی : بڕۆ دەرەوە سەیر بکە ، بانگەواز کارێك بوو دەیگوت : مەی حەرام کرا ، ئەبوتەلحە ﷺ گوتی : بڕۆ دەرەوە بیڕێژە ، مەی بە کۆڵانەکانی مەدینەدا جۆگەلەی دروست کرد ، گوتیان : فلان وفلان کەس کوژران ومەی لە سکیاندا بوو ، خودا ئەم ئایەتەی دابەزاند : ﴿لَيۡسَ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ جُنَاحٞ فِيمَا طَعِمُوٓاْ إِذَا مَا ٱتَّقَواْ وَّءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ ثُمَّ ٱتَّقَواْ وَّءَامَنُواْ ثُمَّ ٱتَّقَواْ وَّأَحۡسَنُواْۚ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلۡمُحۡسِنِينَ٩٣﴾ ؛ ومسلم لە ئیبن مەسعودەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : کاتێك ئەم ئایەتە دابەزی : ﴿لَيۡسَ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ جُنَاحٞ فِيمَا طَعِمُوٓاْ إِذَا مَا ٱتَّقَواْ وَّءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ ثُمَّ ٱتَّقَواْ وَّءَامَنُواْ ثُمَّ ٱتَّقَواْ وَّأَحۡسَنُواْۚ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلۡمُحۡسِنِينَ٩٣﴾ پێغەمبەری خودا ﷺ پێی فەرمووم : تۆ لەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناوە وپارێزکارن ولە خودا دەترسن وکردەوەی باش ئەنجام دەدەن ؛ وترمزی لە بەرائی کوڕی عازبەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : هاوەڵێکی پێغەمبەری خودا ﷺ مرد پێش ئەوەی مەی حەرام بکرێت ، کاتێك حەرام کرا ، کەسانێك گوتیان : ئەی حاڵی ئەو هاوەڵانەمان چییە کە مردن ومەییان دەخواردەوە ؟ ئەم ئایەتە دابەزی : ﴿لَيۡسَ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ جُنَاحٞ فِيمَا طَعِمُوٓاْ إِذَا مَا ٱتَّقَواْ وَّءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾ ؛ ونەسائی لە "الکبری" وحاکم وبەیهەقی وتەبەری لە ئیبن عەباسەوە

ﭭ ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : حەرام بوونی مەی لەسەر دوو هۆزی پشتیوانان دابەزی ، مەییان خواردەوە هەتاکو مەست بوون ، هەندێکیان یاریان بە هەندێکی تریان کرد ، کاتێك بێدار بوونەوە ، وکاریگەری ئەو یاری کردنەیان بە ڕوخسار وسەر وڕیشیانەوە بینی ، گوتیان : ئەمە براکەم وای لێ کردووم "کە برا وتەبا بوون وهیچ کێشە وڕق وکینەیەك نەبوو لە نێوانیاندا" ، سوێند بە خودا ئەگەر میهرەبان وبە بەزەیی بووایە بەرامبەرم بەم شێوەی پێ نەدەکردم ! ، بەو هۆیەوە ڕق وکینە کەوتە دڵیانەوە ، خودا ﻷ ئەم ئایەتانەی دابەزاند : ﴿إِنَّمَا ٱلْخَمْرُ وَٱلْمَيْسِرُ﴾ هەتاکو : ﴿فَهَلْ أَنتُم مُّنتَهُونَ﴾ ، کەسانێك گوتیان : ئەمە شتێکی پیسە ، ولە سکی فلاٌندا بوو کە ڕۆژی بەدر کوژرا ، وفلاٌن کە لە ڕۆژی ئوحود کوژر ، خودا ئەم ئایەتەی دابەزاند : ﴿لَيْسَ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ جُنَاحٌ فِيمَا طَعِمُوٓا۟ إِذَا مَا ٱتَّقَوا۟ وَّءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾ .

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَيَبْلُوَنَّكُمُ ٱللَّهُ بِشَىْءٍ مِّنَ ٱلصَّيْدِ تَنَالُهُۥٓ أَيْدِيكُمْ وَرِمَاحُكُمْ لِيَعْلَمَ ٱللَّهُ مَن يَخَافُهُۥ بِٱلْغَيْبِ ۚ فَمَنِ ٱعْتَدَىٰ بَعْدَ ذَٰلِكَ فَلَهُۥ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٩٤﴾﴾ ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە بێگومان خودا تاقیتان دەکاتەوە بە هەندێك نێچیر کە دەتوانن بە دەستتان یان بە ڕمەکانتان ڕاویان بکەن ، بۆ ئەوەی خودا بزانێت کێ بە پەنهان لێی دەترسێت ، هەرکەسێك دوای ئەوە دەست درێژی بکات سزایەکی بە ئێش وئازاری بۆ هەیە .

تەبەری وئیبن ئەبوحاتەم لە ئیبن عەباسەوە ﭭ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : ﴿لَيَبْلُوَنَّكُمُ ٱللَّهُ بِشَىْءٍ مِّنَ ٱلصَّيْدِ تَنَالُهُۥٓ أَيْدِيكُمْ وَرِمَاحُكُمْ﴾ مەبەست نێچیری


لاواز وبێچووی بچووکە ، خودا بەندەکانی پیێ تاقی دەکاتەوە لـە کاتێکدا لـە ئیحرامدان ، بە شێوەیەك ئەگەر بیانەوێت بە دەستیان دەتوانن بیانگرن ، خودا یاساغی لێکردن کە نزیکیان بکەونەوە ؛ ئەم ڕاوەی کە قەدەغە کراوە ڕاوی وشکانییە وڕاوی دەریا حەڵاڵە وەك لـە سەرەتای سورەتەکە ئاماژەی پێکرا ، ئەم ئایەتە بەڵگەیە لـەسەر فەزڵی هاوەڵانی پێغەمبەری خودا ﷺ چونکە فێڵیان نەدەکرد بۆ ڕاوکردن وەك چۆن جوولەکەکان کاتێك ڕاوە ماسییان لـیێ قەدەغە کرا فێڵیان کرد ، لـە کاتێکدا ئاسان بوو کە ڕاو بکەن ، ﴿لِيَعۡلَمَ ٱللَّهُ﴾ **مەبەست زانستی** بەرجەستە بوون ، وزانستێکە کە پاداشتی لـەسەر پەیوەست دەبێت ، بێگومان مەبەست ئەوە نییە کە خودا نەیزانیوە بۆ ئەوەی بزانێت ، چونکە لـە مەزهەبی ئەهلی سوننەتدا خودا هەموو شتێك دەزانێت کە ڕوویداوە یان ڕووینەداوە وئەگەر ڕوویدات چۆن ڕوودەدات هەتاکو ڕۆژی قیامەت .

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَقۡتُلُواْ ٱلصَّيۡدَ وَأَنتُمۡ حُرُمٞۚ وَمَن قَتَلَهُۥ مِنكُم مُّتَعَمِّدٗا فَجَزَآءٞ مِّثۡلُ مَا قَتَلَ مِنَ ٱلنَّعَمِ يَحۡكُمُ بِهِۦ ذَوَا عَدۡلٖ مِّنكُمۡ هَدۡيَۢا بَٰلِغَ ٱلۡكَعۡبَةِ أَوۡ كَفَّٰرَةٞ طَعَامُ مَسَٰكِينَ أَوۡ عَدۡلُ ذَٰلِكَ صِيَامٗا لِّيَذُوقَ وَبَالَ أَمۡرِهِۦۗ عَفَا ٱللَّهُ عَمَّا سَلَفَۚ وَمَنۡ عَادَ فَيَنتَقِمُ ٱللَّهُ مِنۡهُۚ وَٱللَّهُ عَزِيزٞ ذُو ٱنتِقَامٍ ٩٥﴾ ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە نێچیر مەکوژن کە لـە ئیحرامدا بوون ، وهەرکەسێك لـە ئێوە بە ئەنقەست بیکوژێت ، دەبێت لـە تۆڵەیدا ئاژەڵێکی هاوشێوەی ئەوە سەر ببڕێت کە دوو کەسی دادگەر ئەوە هەڵبسەنگێنن وحوکم بدەن ، وپێشکەش بکرێت بە هەژارەکانی کەعبە ، یان کەفارەتی خواردن بدات بە هەژاران ، یان بە ئەندازەی ئەوە ڕۆژوو بگرێت ، بۆ ئەوەی سزای کردەوەکەی بچێژێت ،

خودا لەوەی لە پێشدا ئەنجامتانداوە خۆش دەبێت ، وهەرکەسێك دیسان ئەو کردارە دووبارە بکاتەوە خودا تۆڵەی لیٚ دەکاتەوە ، وخودا توانای بالاٚدەست وتۆڵەسێنە .

﴿مِّثْلُ مَا قَتَلَ مِنَ ٱلنَّعَمِ﴾ واتە : هاوشێوەی ئەو ئاژەڵەی کە ڕاوی کردووە یان نزیك لەوە مەڕیك یان بزنێك یان مانگایەك یان حوشترێك سەربرێت ، ﴿ذَوَا عَدْلٍ مِّنكُمْ﴾ دوو موسڵمانی دادگەر کە دامەزراوبن لەسەر ئاین وخووڕەوشتیان جوان بێت ، ئیبن عەسەیمین دەڵێت : لە ئاین ئەو کەسە دادگەرە کە هەموو فەرزەکان بەجیٚ بهێنێت ، ومکوڕ نەبێت لەسەر ئەنجامدانی تاوانە بچووکەکان ، وکردارێك نەکات کە لای خەڵك ناشرینی بکات ، بەڵکو بە شێوەیەك ڕەفتار بکات کە خۆشەویستی بکات لای خەڵك ، کە ئەوەش دەگۆڕێت بە جیاوازی ولاٚت وکات وحاڵەتەکان ؛ ئیبن ئەبوشەیبە وتەبەری وئیبن ئەوحاتەم وبەیهەقی لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : ﴿فَجَزَآءٌ مِّثْلُ مَا قَتَلَ مِنَ ٱلنَّعَمِ يَحْكُمُ بِهِۦ ذَوَا عَدْلٍ مِّنكُمْ هَدْيًۢا بَٰلِغَ ٱلْكَعْبَةِ أَوْ كَفَّٰرَةٌ طَعَامُ مَسَٰكِينَ أَوْ عَدْلُ ذَٰلِكَ صِيَامًا﴾ ئەگەر کەسێك لە ئیحرامدا بوو نێچیری ڕاوکرد ، حوکم دەدرێت لەسەری کە لە تۆڵەیدا هاوشێوەی ئەو نێچیرە ئاژەڵێك سەر ببرێت ، ئەگەر هاوشێوەی هەبوو سەری دەبرێت وگۆشتەکەی دەبەخشێت ، ئەگەر هاوشێوەی نەبوو بەهاکەی دەخەمڵێنرێت ، پاشان ئەو بەهایە دەکرێت بە گەنم ، لە بری نیوصاع ڕۆژێك ڕۆژوو دەگرێت ، ئیبن حبان لە جابرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پرسیارکرا لە پێغەمبەری خودا ﷺ دەربارەی کەمتیار فەرمووی : کەمتیار نێچیرە وکەسێك ڕاوی بکات دەبێت بەرانێك لە بریدا سەر ببرێت ، وئەحمەد ونەسائی وترمزی وئیبن ماجە لە ئیبن ئەبوعەمارەوە ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە

صەحیحی داناوە ، دەڵێت ، گوتم بە جابر ﷺ : کەمتیار نێچیرە ؟ گوتی : بەڵێ ، گوتم : بیخۆم ، گوتی : بەڵێ ، گوتم : ئەمە پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی ؟ گوتی : بەڵێ ؛ وعبدالرزاق لە ئیبن عەباسەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە دەڵێت : هێلکەی حوشترمرغ (النعامة) ئەگەر کەسێك لە ئیحرامدا بیشکێنێ دەبێت بەهای هێلکەکە ببەخشێت ، ولە ڕیوایەتێکی تردا دەڵێت : لە بری دوو هێلکەی کۆتر دەبێت درهەمێك ببەخشێت ؛ وشافعی لە قاسمەوە ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە دەڵێت : من لای ئیبن عەباس ﷺ دانیشتبووم ، پیاوێك پرسیاری ئەوەی لێ کرد کە کوللەیەکی لە کاتی ئیحرامدا کوشتووە ، وتی : پڕ لەپێك خۆراك ببەخشە ، وبەیهەقی لە سالمەوە ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : کەسێك هات بۆ لای ئیبن عومەری باوکم ﷺ گوتی : من ئەسپێیەکم کوشت لە کاتێك لە ئیحرامدا بووم ، ئیبن عومەر ﷺ گوتی : ئاسانترین کوژراوە ؛ وشافعی لە مەیمونی کوڕی میهرانەوە ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : لای ئیبن عەباس ﷺ بووم کەسێك پرسیاری لێ کرد گوتی : ئەسپێیەکم لەسەرم دەرکرد وفڕێم دا پاشان گەڕام نەم دۆزییەوە ، گوتی : ئەو ون بووە گەڕان ناکرێت بە دوایدا ؛ وشافعی لە عبدالرحمانی کوڕی جەوشەنەوە ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پیاوێك بە ئیبن عەباسی ﷺ گوت : سەرم بخورێنم لە کاتێکدا لە ئیحرام دام ؟ ئیبن عەباس ﷺ دەستی خستە نێو سەری لە کاتێکدا لە ئیحرامدا بوو ، وبە توندی سەری خوراند ، وگوتی : من بەو شێوەیە دەکەم ، پیاوەکە گوتی : ئەی ئەگەر ئەسپێیەکم کوشت ؟ گوتی : دوورکەوە چیت داوە لە ئەسپێ ، تۆ دەتەوێت سەرت بخورێنیت ومەبەستت نییە ئەسپێ بکوژیت ، وئێوە یاساغی کوشتنی نێچیرتان لێکراوە ؛ بەڵام


الجزء السابع | سورة المائدة

أُحِلَّ لَكُمْ صَيْدُ الْبَحْرِ وَطَعَامُهُ مَتَاعًا لَّكُمْ وَلِلسَّيَّارَةِ
وَحُرِّمَ عَلَيْكُمْ صَيْدُ الْبَرِّ مَا دُمْتُمْ حُرُمًا وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي
إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ ﴿٩٦﴾ جَعَلَ اللَّهُ الْكَعْبَةَ الْبَيْتَ الْحَرَامَ
قِيَامًا لِّلنَّاسِ وَالشَّهْرَ الْحَرَامَ وَالْهَدْيَ وَالْقَلَائِدَ ذَٰلِكَ لِتَعْلَمُوا
أَنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَأَنَّ اللَّهَ بِكُلِّ
شَيْءٍ عَلِيمٌ ﴿٩٧﴾ اعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ وَأَنَّ اللَّهَ
غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٩٨﴾ مَّا عَلَى الرَّسُولِ إِلَّا الْبَلَاغُ وَاللَّهُ يَعْلَمُ مَا
تُبْدُونَ وَمَا تَكْتُمُونَ ﴿٩٩﴾ قُل لَّا يَسْتَوِي الْخَبِيثُ وَالطَّيِّبُ
وَلَوْ أَعْجَبَكَ كَثْرَةُ الْخَبِيثِ فَاتَّقُوا اللَّهَ يَا أُولِي الْأَلْبَابِ
لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴿١٠٠﴾ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَسْأَلُوا عَنْ
أَشْيَاءَ إِن تُبْدَ لَكُمْ تَسُؤْكُمْ وَإِن تَسْأَلُوا عَنْهَا حِينَ يُنَزَّلُ
الْقُرْآنُ تُبْدَ لَكُمْ عَفَا اللَّهُ عَنْهَا وَاللَّهُ غَفُورٌ حَلِيمٌ ﴿١٠١﴾
قَدْ سَأَلَهَا قَوْمٌ مِّن قَبْلِكُمْ ثُمَّ أَصْبَحُوا بِهَا كَافِرِينَ ﴿١٠٢﴾ مَا جَعَلَ
اللَّهُ مِن بَحِيرَةٍ وَلَا سَائِبَةٍ وَلَا وَصِيلَةٍ وَلَا حَامٍ وَلَٰكِنَّ الَّذِينَ
كَفَرُوا يَفْتَرُونَ عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ وَأَكْثَرُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ ﴿١٠٣﴾

١٢٤

هەندێك گیانلەبەر ڕوخسەت دراوە بە كوشتنیان لە ئیحرامدا ، بوخاری ومسلم لە عائیشەی دایكی باوەڕدارانەوە رضي الله عنها ڕیوایەتیان كردووە دەڵێت پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : پێنج گیانلەبەر لادەرن لە كاتی حەڵاڵی ولە ئیحرامیشدا دەكوژرێن ، وحوكمیان لە حوكمی گیانلەبەرانی تر جیاوازە ، باڵندەی كۆلارە ، وقەلەبازەڵە ، ومشك ، ودووپشك ، وسەگی هار .

﴿أُحِلَّ لَكُمْ صَيْدُ الْبَحْرِ وَطَعَامُهُ مَتَاعًا لَّكُمْ وَلِلسَّيَّارَةِ وَحُرِّمَ عَلَيْكُمْ صَيْدُ الْبَرِّ مَا دُمْتُمْ حُرُمًا وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ ﴿٩٦﴾﴾ ڕاو وخۆراكی دەریا حەڵاڵ كراوە بۆ ئێوە وبۆ ڕێبواران ، وڕاوی وشكانیتان لەسەر حەرام كراوە هەتاكو لە ئیحرامدابن ، ولە خودا بترسن وپارێزكاربن هەمووتان لە ڕۆژی قیامەتدا لای خودا كۆ دەكرێنەوە .

بوخاری كۆمەڵێك ئەسەری دەربارەی ﴿أُحِلَّ لَكُمْ صَيْدُ الْبَحْرِ﴾ ڕیوایەت كردووە ، لە عومەرەوە رضي الله عنه دەڵێت : نێچیری دەریا بریتییە لەوەی كە ڕاو دەكرێت ، وخۆراكی دەریا بریتییە لەوەی فڕێی دەداتە وشكانی ، وئەبوبەكر رضي الله عنه دەڵێت : مردارەوە بووی دەریا كە سەر ئاو دەكەوێت حەڵاڵە ، وئیبن عەباس رضي الله عنهما دەڵێت : خۆراكی دەریا بریتییە

لە مردارەوە بوو ، ئەو مردارەوە بووە نەبێت کە قێزەونە ، وماسی جورێ جوولەکە نایخۆن وئێمە دەیخۆین ؛ بەڵام ئەگەر کەسێك لە ئیحرامدا نەبێت ونێچیر ڕاو بکات ، دروستە ئەو کەسەی لە ئیحرامدایە لێی بخوات ، بوخاری ومسلم لە ئەبوقەتادەوە ﵁ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ بە مەبەستی حەج کردن لە ماڵ دەرچوو ، وهاوەڵانیش لەگەڵی دەرچوون ، بە کۆمەڵێکیان کە ئەبوقەتادەیان ﵁ لەگەڵ بوو فەرمووی : ئێوە بە کەناری دەریادا بڕۆن هەتاکو بەیەك دەگەینەوە ، کاتێك لە یەکتر جیابوونەوە هەموویان ئیحرامیان کرد جگە لە ئەبوقەتادە ﵁ ، لە کاتێکدا بە ڕێگادا دەڕۆیشتن ، کۆمەڵێك گوێ درێژی کێویان بینی ، ئەبوقەتادە ﵁ هەڵی کوتایە سەریان وگوێ درێژێکی مێینەی ڕاو کرد ، دابەزین لە گۆشتەکەیان خوارد ، گوتیان : چۆن ئێمە گۆشتی نێچیر بخۆین لە کاتێکدا لە ئیحرامداین ؟ ئەوەی کە مایەوە لە گۆشتەکەی لەگەڵ خۆیان هەڵیان گرت ، کاتێك گەیشتن بە پێغەمبەری خودا ﷺ گوتیان : ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ئێمە ئیحرامان کرد ، بەڵام ئەبوقەتادە ﵁ ئیحرامی نەکرد ، کۆمەڵێك گوێ درێژی کێویمان بینی ، ئەبوقەتادە ﵁ دانەیەکی لێ ڕاو کردن ، ئێمەش دابەزین لە گۆشتەکەیمان خوارد ، پاشان گوتمان : چۆن گۆشتی نێچیر بخۆین لە کاتێکدا لە ئیحرامداین ؟ وئەوەی کە مایەوە لە گۆشتەکەی لەگەڵ خۆمان هێنامان ، فەرمووی : کەسێك لە ئێوە فەرمانی پێکرد ڕاوی بکات ؟ یان ئاماژەی بۆ کرد ؟ گوتیان : نەخێر ، فەرمووی : ئەوەش کە ماوە لە گۆشتەکەی بیخۆن ؛ بەڵام بەو مەرجەی ڕاوچییەکە بۆ ئەو کەسانەی ڕاو نەکات کە لە ئیحرامدان ، ئەوەش بۆچوونی مالك وشافعی وئەحمەد وئیسحاقی کوڕی ڕاهویە وجمهوری زانایانە ، ئەو فەرموودەیە دەکەن بە بەڵگە کە بوخاری ومسلم لە صەعبی کوڕی جەسامەوە ﵁ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : گوێ درێژێکی

کێویم بە دیاری برد بۆ پێغەمبەری خودا ﷺ کە لە (أبواء)یان(ودان) بوو "کە دوو شوێنن نزیکن لەیەکەوە لە نێوان مەککە ومەدینە نزیکەی حەفتا کیلۆمەتر لە مەککەوە دوورن" ، پێغەمبەری خودا ﷺ وەری نەگرت ، کاتێك پێغەمبەری خودا ﷺ بینی ڕوخسارم بەوە تێکچوو ، فەرمووی : ئێمە ئەوەمان بۆ نەگەڕاندیتەوە لەبەر ئەوە نەبێت ئێمە لە ئیحرامداین .

﴿۞ جَعَلَ ٱللَّهُ ٱلۡكَعۡبَةَ ٱلۡبَيۡتَ ٱلۡحَرَامَ قِيَٰمٗا لِّلنَّاسِ وَٱلشَّهۡرَ ٱلۡحَرَامَ وَٱلۡهَدۡيَ وَٱلۡقَلَٰٓئِدَۚ ذَٰلِكَ لِتَعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ يَعۡلَمُ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَأَنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٌ ٩٧﴾ خودا کەعبە کە (البیت الحرام)ە کردوویەتیە مایەی بژێوی دونیا وبەدەست هێنانی پاداشتی دواڕۆژی خەڵك ، وهەروەها مانگە حەرامەکان وئەو ئاژەڵانەی حاجیان دەیکەن بە دیاری وملوانکەیان لە مل کردوون ، ئەوە بۆ ئەوەیە بزانن بێگومان خودا هەموو ئەوەی لە ئاسمانەکان وزەویدا ڕوودەدات دەیزانێت ، ودڵنیابن خودا بە هەموو شتێك زانایە .

ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە بازرگانی کردن لە وەرزی حەجدا دروستە ، وموسڵمان دەتوانێت لەگەڵ بەجێهێنانی فەریزەی حەج بازرگانیش بکات ، بەوەش قازانجی لە دونیا دەست دەکەوێت وپاداشتی حەجیش لە قیامەتدا بە دەست دەهێنێت ، وهەروەها مانگە حەرامەکان کە خودا شەڕی تێدا حەرام کردووە خەڵك دەتوانن لەو هێمنی وئاسایشە بەهرەمەندبن وخەریکی ئیشوکاری دونیا وپەرستش وبە دەست هێنانی ڕەزامەندی خودابن ، مانگە حەرامەکان بریتین لە مانگەکانی : (المحرم ، رجب ، ذوالقعدة ، ذوالحجة) ، سودی ئەو ئاژەڵانەی دەکرێن بە دیاری ولە مەککە سەردەبڕدرێن لە

دونیادا سود وەرگرتنە لە گۆشت وپێست وئێسقانەکانی ، وبە دەست هێنانی پاداشتی خوداشە لە قیامەتدا .

﴿ٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ وَأَنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ٩٨﴾ بزانن بێگومان خودا سزای زۆر سەخت وتوندە بۆ سەرپێچیکاران وتاوانباران ، وبێگومان خودا لێ خۆشبوو وپۆشەری تاوان وبە بەزەییە بەرامبەر بەندە تەوبەکارە گوێڕایەڵەکانی .

﴿مَّا عَلَى ٱلرَّسُولِ إِلَّا ٱلۡبَلَٰغُۗ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ مَا تُبۡدُونَ وَمَا تَكۡتُمُونَ ٩٩﴾ پێغەمبەری خودا هیچی لەسەر نییە جگە لە گەیاندن ، وخودا زانایە بەوەی بە ئاشکرا ئەنجامی دەدەن وبەوەشی بە پەنهان ئەنجامی دەدەن ودەیشارنەوە .

﴿قُل لَّا يَسۡتَوِي ٱلۡخَبِيثُ وَٱلطَّيِّبُ وَلَوۡ أَعۡجَبَكَ كَثۡرَةُ ٱلۡخَبِيثِۚ فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ يَٰٓأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ١٠٠﴾ بڵێ : چوونیەك ویەکسان نین پیس وپاك ئەگەرچی زۆری پیسیەکەش جێگای سەرسوڕمانت بێت ، لە خودا بترسن وپارێزکاربن ئەی ئەوانەی کە ژیرن بەڵکو لەو کەسانەبن کە سەرفراز دەبن .

ئەم ئایەتە وەك ڕێسایەکی گشتییە بۆ هەموو کەس وکردەوە وشتەکانی دەشێت ، کەسی باش وخراپ وکردەوەی باش وخراپ وشتی باش وخراپ چوونیەك وهاوتانین ، وهەروەها کەسانێکی دامەزراوی کەم کە بیروباوەڕ ومەنهەجیان پاك بێت باشترن لە کۆمەڵە خەڵکێکی زۆری خراپ وبیدعەکار ودوور لە سوننەت ، ئەحمەد لە عبداللەی کوڕی عەمرەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : خۆشبەختی بۆ ئەوانەی کە نامۆن ، کەسانێکی چاکی

کەمن لە نێو کەسانێکی خراپی زۆردا ، ئەوانەی کە سەرپێچییان دەکەن زۆر زیاترن لەوانەی کە گوێڕایەڵییان دەکەن ؛ وهەروەها سامانی دونیاش کە ببێتە مایەی ئەوەی کە مرۆڤ چاوچنۆك بکات نەبێت باشترە ، ئیبن حبان لە ئەبودەردائەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هیچ ڕۆژێك نییە کە خۆر هەڵبێت ئیللا دوو فریشتە دادەبەزنە سەر زەوی وبانگ دەکەن هەموو گیانلەبەرێك دەنگیان دەبیستێت جگە لە مرۆڤ وجن ، دەڵێن : ئەی خەڵکینە وەرن بۆ لای پەروەردگارتان ، ئەو سامانەی کە کەمە وئیشوکاری خاوەنەکەی پێ بەڕێوەدەچێت باشترە لەو سامانەی کە زۆرە وخاوەنەکەی بێ ئاگا دەکات ، وخۆرئاوا نابێت ئیللا دوو فریشتە بانگ دەکەن : پەروەردگارا ئەو کەسەی کە دەبەخشێت شوێنی بۆ پڕ بکەرەوە ، وئەو کەسەی نابەخشێت سامانەکەی لە ناوبدە .

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَسۡـَٔلُواْ عَنۡ أَشۡيَآءَ إِن تُبۡدَ لَكُمۡ تَسُؤۡكُمۡ وَإِن تَسۡـَٔلُواْ عَنۡهَا حِينَ يُنَزَّلُ ٱلۡقُرۡءَانُ تُبۡدَ لَكُمۡ عَفَا ٱللَّهُ عَنۡهَاۗ وَٱللَّهُ غَفُورٌ حَلِيمٌ ١٠١﴾ ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە پرسیار مەکەن دەربارەی شتانێك کە ئەگەر ڕوون ببێتەوە وبۆتان دەرکەوێت پێتان ناخۆش دەبێت ودڵتەنگتان دەکات ، وئەگەر پرسیاری لە بارەوە بکەن کاتێك قورئان دادەبەزێت بۆتان ڕوون دەبێتەوە ، ئەوەی پێشتر پرسیارتان کردووە خودا لێتان خۆش دەبێت ، وخودا لێخۆش بوو وپۆشەری تاوانە ولێبوردەیە وبەپەلە نییە لە سزادانی سەرپێچیکاران .

ئەم ئایەتە ڕێنمایی موسڵمانان دەکات بۆ ئەوەی پرسیاری هەندێك بابەت نەکەن کە پێویستیان پێی نییە ، یان ئەوەی کە ڕووی نەداوە ، حاکم ودارقوتنی لە ئەبودەردائەوە

ﷺ ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەر شتێك خودا لە کتێبەکەیدا حەڵاڵی کردبێت ئەوە حەڵاڵە ، وهەر شتێکی حەرام کردبێت ئەوە حەرامە ، ولە هەرشتێك بێ دەنگ بووبێت ئەوە لێبوردەی خودایە ، بۆیە لێبوردەی خودا وەر بگرن : ﴿وَمَا كَانَ رَبُّكَ نَسِيًّا ﴿٦٤﴾﴾(مَرْيَم) ؛ ئیبن کەسیر دەڵێت : خودا یاساغی کردووە لە باوەڕداران لەم ئایەتە پیرۆزەدا کە زۆر پرسیار لە پێغەمبەری خودا ﷺ بکەن لە شتانێك پێش ڕوودانی ، ﴿وَإِن تَسْـَٔلُواْ عَنْهَا حِينَ يُنَزَّلُ ٱلْقُرْءَانُ تُبْدَ لَكُمْ﴾ ، واتە : ئەگەر پرسیاری ماناکەی بە درێژی بکەن دوای دابەزینی قورئان بۆتان ڕوون دەکرێتەوە ، بەڵام پرسیاری شتێك مەکەن پێش ڕوودانی ، لەوانەیە بە هۆی ئەو پرسیار کردنەوە حەرام بکرێت ؛ بوخاری ومسلم لە سەعدی کوڕی ئەبووەقاصەوە ﷺ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : گەورەترین تاوان ئەوەیە موسڵمانێك پرسیار بکات دەربارەی شتێك کە حەرام نەبێت بە هۆی پرسیار کردنەکەی ئەمەوە حەرام بکرێت ؛ بوخاری لە ئیبن عەباسەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : کەسانێك هەبوون بە گاڵتەجارییەوە پرسیاریان لە پێغەمبەری خودا ﷺ دەکرد ، یەکێکیان دەیگوت : باوکم کێیە ؟ ویەکێکی تریان دەیگوت : حوشترەکەم کە ون بووە لە کوێیە ؟ خودا ئەم ئایەتەی دەربارەیان دابەزاند : ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَسْـَٔلُواْ عَنْ أَشْيَآءَ إِن تُبْدَ لَكُمْ تَسُؤْكُمْ وَإِن تَسْـَٔلُواْ عَنْهَا حِينَ يُنَزَّلُ ٱلْقُرْءَانُ تُبْدَ لَكُمْ عَفَا ٱللَّهُ عَنْهَا ۗ وَٱللَّهُ غَفُورٌ حَلِيمٌ ﴿١٠١﴾﴾ ؛ ومسلم لە ئەنەسەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ شتێکی پێگەیشت لە هاوەڵانییەوە کە پێی ناخۆش بوو ، گوتاری بۆ خوێندنەوە وفەرمووی : بەهەشت ودۆزەخم پیشاندرا ، هەرگیز وەك ئەمڕۆ

چاكە وخراپەم نەبینیوە ، وئەگەر ئەوەی من دەیزانم بتانزانیایە كەم پێدەكەنین وزۆر دەگریان ، ئەنەس ﷺ دەڵێت : هیچ ڕۆژێك نارەحەتی وەك ئەو ڕۆژە بەسەر هاوەڵاندا نەهاتووە ، سەریان داپۆشی ودەنگی گریانیان لێ دەبیسترا ، عومەر ﷺ هەستا گوتی : ڕازین خودا پەروەردگارمان بێت ، ئیسلام ئاینمان بێت ، ومحمد ﷺ پێغەمبەرمان بێت ، عبداللەی كوڕی حوزافە گوتی : باوكم كێیە ؟ فەرمووی : باوكت فلانە كەسە ، ئەم ئایەتە دابەزی : ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَسۡـَٔلُواْ عَنۡ أَشۡيَآءَ إِن تُبۡدَ لَكُمۡ تَسُؤۡكُمۡ﴾ ؛ وئیبن حبان لە ئەبوهرەیرەوە ﷺ ڕیوایەتی كردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ گوتاری خوێند وفەرمووی : ئەی خەڵكینە بێگومان خودا حەجی لەسەر فەرز كردوون ، كەسێك هەستا گوتی : هەموو ساڵێك ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ؟ وەڵامی نەدایەوە هەتاكو سێ جار دووبارەی كردەوە ، فەرمووی : ئەگەر بم گوتایە بەڵێ ، فەرز دەبوو لەسەرتان ، وئەگەر فەرز بووایە نەتان دەتوانی ئەنجامی بدەن ، وازم لێ بهێنن بەوەی كە بۆتانم دیاری كردووە ، چونكە بێگومان ئەوانەی پێش ئێوە تیاچوون بە هۆی زۆر پرسیار كردن وناكۆكییانەوە لەگەڵ پێغەمبەرەكانیان ، ئەگەر یاساغی شتێكم لێكردن لێی دووركەونەوە ، وئەگەر فەرمانم بە شتێك پێكردن بە گوێرەی توانا ئەنجامی بدەن ، وئەبوهرەیرە ﷺ باسی ئەوەی كرد كە ئەم ئایەتە لەو بارەیەوە دابەزیوە : ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَسۡـَٔلُواْ عَنۡ أَشۡيَآءَ إِن تُبۡدَ لَكُمۡ تَسُؤۡكُمۡ﴾ .


﴿قَدۡ سَأَلَهَا قَوۡمٞ مِّن قَبۡلِكُمۡ ثُمَّ أَصۡبَحُواْ بِهَا كَٰفِرِينَ ١٠٢﴾ كەسانێك لە پێش ئێوە ئەو جۆرە پرسیارانەیان كرد پاشان بێباوەڕ بوون بەوەی پرسیاریان لە بارەوە كرد بوو .

ئیبن کەسیر دەڵێت : ئەم پرسیارە یاساغی لێکراوانە کەسانێك لە ئوممەتەکانی پێش ئێوە پرسییان ، وەلاّم درانەوە پاشان باوەڕیان پێ نەهێنا ، بە هۆیەوە کافر بوون ، بۆیان ڕوون کرایەوە وسودیان لێ نەبینی ، چونکە بۆ ئەوە پرسیاریان نەکردبوو بەرچاویان ڕوون بێت ، بەڵکو لەبەر سەختگیری وکەلەڕەقییان بوو .

﴿مَا جَعَلَ ٱللَّهُ مِنۢ بَحِيرَةٍ وَلَا سَآئِبَةٍ وَلَا وَصِيلَةٍ وَلَا حَامٍ وَلَٰكِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يَفْتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ ۖ وَأَكْثَرُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ ١٠٣﴾ خودا لە شەریعەتی ئیسلامدا فەرمانی بە حەرامی (بحیرة) و(سائبة) و(وصیلة) و(حام) نەکردووە ، بەلاّم ئەوانەی کە بێباوەڕن درۆ بە ناوی خوداوە هەڵدەبەستن ، وزۆربەیان ژیرنین نەفامن وحەلاڵ وحەرام لەیەك جیا ناکەنەوە .

ئەم ئایەتە بەڵگەی ترسناکی قسەکردنی بە ناوی ئاینی خوداوە تیادایە ، وهەرکەسێك بە ناوی خودا بەبێ زانست قسە بکات درۆی کردووە وکەسانێکی خاوەن عەقڵ وژیرنین ، بوخاری لە سەعیدی کوڕی موسەیەبەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : ﴿بَحِيرَةٍ﴾ ئاژەڵێك بوو شیرەکەیان نەدەدۆشی بۆ تاغوتەکانیان ، وکەس بۆی نەبوو بیدۆشێت ، ﴿سَآئِبَةٍ﴾ ئاژەڵێك بوو ئازادیان دەکرد بۆ پەرستراوەکانیان ، وهیچ شتیان نەدەخستە سەر پشتی ، وئەبوهرەیرە رضي الله عنه گوتی : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : بینیم عەمری کوڕی عامری خوزاعی ڕیخۆڵەی خۆی لە ئاگری دۆزەخدا ڕادەکێشا ، کە یەکەم کەس بوو ﴿سَآئِبَةٍ﴾ی داهێنا ؛ ﴿وَصِيلَةٍ﴾ حوشترێکە نۆبەرەکەی مێ بێت پاشان بێچووەکانی تریشی مێبن ، لێی دەگەڕان بۆ تاغوتەکانیان ، ئەگەر سکەکانی دوای نۆبەرەکەی مێ بوونایە ونێریان لە

نێواندا نەبووایە ، ﴿حَامٍ﴾ حوشترێکی نێر بوو چەند وەچەیەکیان لێ دەگرت پاشان وازیان لێ دەهێنا وشتیان نەدەخستە سەر پشتی وسواری نەدەبوون ؛ وئەحمەد لە ئەبوهرەیرەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە ، دەڵێت : گوێم لە پێغەمبەری خودا ﷺ بوو بە ئەکسمی کوڕی جونی خوزاعی ﷺ فەرموو : بینیم عەمری کوڕی لوحەی ڕیخۆڵەی لە ئاگری دۆزەخدا بە دوای خۆیدا ڕادەکێشا ، هیچ کەسم نەبینیوە هێندەی تۆو ئەو لەیەك بچن ، ئەکسم ﷺ گوتی : ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ لەیەك چوونمان زیانم پێدەگەیەنێت ؟ فەرمووی : نەخێر ، تۆ باوەڕ داریت وئەو بێباوەڕ بوو ، ئەو یەکەم کەس بوو ئاینی ئیسماعیلی ﷺ گۆڕی ، بتەکانی دانا و﴿بَحِيرَةٍ﴾ و﴿ سَآئِبَةٍ﴾ و﴿ وَصِيلَةٍ﴾ و﴿ حَامٍ﴾ی داهێنا ؛ ئیبن عوسەیمین دەڵێت : ﴿بَحِيرَةٍ وَلَا سَآئِبَةٍ وَلَا وَصِيلَةٍ وَلَا حَامٍ﴾ ئەم ناوانە عەرەب بۆ چەند مانایەکی جیاواز بەکاریان هێناوە ، پوختەکە بریتییە لە : ئەو ئاژەڵانە تایبەت دەکەن بە پەرستراوەکانیان ، یان خواردن وسوار بوون وسود وەرگرتن لە شیر وخوری وموووەکانیان حەرام دەکەن ، وناکۆکن چ کاتێك هەریەکە لەو ناوانە بەو ئاژەڵانە دەگوترێت ، بەڵام نیشانەی ﴿بَحِيرَةٍ﴾ ئەوەیە گوێی زۆر شەق دەکەن ، ﴿سَآئِبَةٍ﴾ ئەو ئاژەڵەیە کە دەهێڵدرێتەوە حەرامی دەکەن سواری بن وسود لە شیرەکەی ببینرێت ، ﴿وَصِيلَةٍ﴾ ئاژەڵێکە نۆبەرەکەی مێیە پاشان بێچوویەکی تری مێیەی ببێت ، واتە : مێیەیەکی بە دوای مێیەیەکی تردا هێنابێت ، حەرامیان دەکرد یان تایبەتیان دەکرد بە پەرستراوەکانیان ، ﴿حَامٍ﴾ لەمەشدا ناکۆکن هەندێك دەڵێن : ئەگەر بێچووی لێ ببێت حەرام دەبێت ونابێت سواری


الجزء السابع　　سورة المائدة

وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا إِلَىٰ مَا أَنزَلَ ٱللَّهُ وَإِلَى ٱلرَّسُولِ قَالُوا۟ حَسْبُنَا
مَا وَجَدْنَا عَلَيْهِ ءَابَآءَنَآ ۚ أَوَلَوْ كَانَ ءَابَآؤُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ
شَيْـًٔا وَلَا يَهْتَدُونَ ﴿١٠٤﴾ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ عَلَيْكُمْ أَنفُسَكُمْ ۖ
لَا يَضُرُّكُم مَّن ضَلَّ إِذَا ٱهْتَدَيْتُمْ ۚ إِلَى ٱللَّهِ مَرْجِعُكُمْ جَمِيعًا
فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿١٠٥﴾ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ شَهَـٰدَةُ
بَيْنِكُمْ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ ٱلْمَوْتُ حِينَ ٱلْوَصِيَّةِ ٱثْنَانِ ذَوَا
عَدْلٍ مِّنكُمْ أَوْ ءَاخَرَانِ مِنْ غَيْرِكُمْ إِنْ أَنتُمْ ضَرَبْتُمْ فِى ٱلْأَرْضِ
فَأَصَـٰبَتْكُم مُّصِيبَةُ ٱلْمَوْتِ ۚ تَحْبِسُونَهُمَا مِنۢ بَعْدِ ٱلصَّلَوٰةِ
فَيُقْسِمَانِ بِٱللَّهِ إِنِ ٱرْتَبْتُمْ لَا نَشْتَرِى بِهِۦ ثَمَنًا وَلَوْ كَانَ ذَا
قُرْبَىٰ ۙ وَلَا نَكْتُمُ شَهَـٰدَةَ ٱللَّهِ إِنَّآ إِذًا لَّمِنَ ٱلْـَٔاثِمِينَ ﴿١٠٦﴾ فَإِنْ عُثِرَ
عَلَىٰٓ أَنَّهُمَا ٱسْتَحَقَّآ إِثْمًا فَـَٔاخَرَانِ يَقُومَانِ مَقَامَهُمَا مِنَ ٱلَّذِينَ
ٱسْتَحَقَّ عَلَيْهِمُ ٱلْأَوْلَيَـٰنِ فَيُقْسِمَانِ بِٱللَّهِ لَشَهَـٰدَتُنَآ أَحَقُّ مِن
شَهَـٰدَتِهِمَا وَمَا ٱعْتَدَيْنَآ إِنَّآ إِذًا لَّمِنَ ٱلظَّـٰلِمِينَ ﴿١٠٧﴾ ذَٰلِكَ أَدْنَىٰٓ
أَن يَأْتُوا۟ بِٱلشَّهَـٰدَةِ عَلَىٰ وَجْهِهَآ أَوْ يَخَافُوٓا۟ أَن تُرَدَّ أَيْمَـٰنٌۢ بَعْدَ
أَيْمَـٰنِهِمْ ۗ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَٱسْمَعُوا۟ ۗ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْفَـٰسِقِينَ ﴿١٠٨﴾

١٢٥

بن ، ئەوەی گرنگە ئەم وەسفانە بۆ حوشتر ومانگا ومەڕ وبزنە هەرکاتێك ئەوەی بەسەردابێت کە دایانناوە حەرام دەبێت یان تایبەتی دەکەن بە پەرستراوەکانیان .

﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا۟ إِلَىٰ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ وَإِلَى ٱلرَّسُولِ قَالُوا۟ حَسْبُنَا مَا وَجَدْنَا عَلَيْهِ ءَابَآءَنَآ ۚ أَوَلَوْ كَانَ ءَابَآؤُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ شَيْـًٔا وَلَا يَهْتَدُونَ ﴿١٠٤﴾﴾ ئەگەر پێیان بگوترێت وەرن بۆلای ئەوەی کە خودا دایبەزاندووە کە قورئانە وبۆلای پێغەمبەری خودا ، دەیانگوت : ئەوەمان بەسە کە باب وباپیرانمان لەسەری بوون ، ئەوە لە کاتێکدا باب وباپیرانیان هیچیان نەدەزانی ورێگای هیدایەتیان نەگرتبوو .

ئەم ئایەتە بەڵگەی خراپی لاسایی کردنەوەی کوێرانەی تێدایە ، چونکە ئەو جۆرە کەسانە کە ئەو ئاژەڵانەیان بەبێ بنەما وبەبێ هیچ بەڵگەیەکی شەرعی حەرام کردبوو کە لەگەڵ عەقڵ وژیریشدا پێك نەدەهاتەوە ، پێیان بگوترایە وەرن با ئەو پرسە بە بەڵگەی قورئان وسوننەت ساغ بکەینەوە ، دەیانگوت : ئێمە لەسەر ئاینی باب وباپیرانمان لانادەین ، جێگای داخە ئێستاش لەو جۆرە کەسانە زۆرن کە هیچ لە شەریعەتی خودا نازانن وبە ناوی ئاین وخوداوە قسە دەکەن ، هەندێکیان نەفامیەکەیان سادەیە ودەڵێن : ئێمە هەروا هێناومانە !

، بەڵام هەندێکیان نەفامیەکەیان تێکەڵە (الجهل المركب) هیچ نازانن بەڵام خەڵك کافر دەکەن ، بەبێ بەڵگە ، وفەتوای ترسناك دەدەن .

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ عَلَيۡكُمۡ أَنفُسَكُمۡۖ لَا يَضُرُّكُم مَّن ضَلَّ إِذَا ٱهۡتَدَيۡتُمۡۚ إِلَى ٱللَّهِ مَرۡجِعُكُمۡ جَمِيعٗا فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ١٠٥﴾ ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە گرنگی بە خودی خۆتان بدەن ، زیانتان پێی ناگەیەنێت هەرکەسێك گومڕا بێت ئەگەر ئێوە لەسەر هیدایەت وڕێگای ڕاستبن ، هەمووتان بۆ لای خودا دەگەڕێنەوە وئاگادارتان دەکاتەوە لەو کردەوانەی کە ئەنجامتان داوە .

ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە ئەگەر کەسێك گرنگی بە نەفسی خۆی بدات وخۆی بپارێزێت لە خراپەکان وکردەوە چاکەکان بە گوێرەی توانای ئەنجام بدات ودامەزراوبێت ، خراپەی خراپەکاران زیانی پێ ناگەیەنێت ، ئیبن کەسیر دەڵێت : ئەم ئایەتە ناکرێتە بەڵگە بۆ وازهێنان لە فەرمان کردن بە چاکە ویاساغی کردنی خراپە ، ئەگەر لە توانادا هەبوو ئەو کارە بکرێت ؛ ئەحمەد وئەبوداود لە ئەبوبەکرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : ئەی خەڵکینە ئێوە ئەم ئایەتە دەخوێننەوە بەڵام لە شوێنی خۆیدا نایکەن بە بەڵگە : ﴿لَا يَضُرُّكُم مَّن ضَلَّ إِذَا ٱهۡتَدَيۡتُمۡۚ﴾ وئێمە لە پێغەمبەری خودامان صلى الله عليه وسلم بیستووە دەیفەرموو : خەڵك ئەگەر ستەمکاریان بینی ودەستەکانی نەگرن ، نزیکە خودا سبحانه وتعالى هەموویان سزا بدات ، وبەدڵنیاییەوە من لە پێغەمبەری خودام صلى الله عليه وسلم بیستووە دەیفەرموو : هیچ گەلێك نییە تاوان تیایدا ئەنجام بدرێت ، پاشان بتوانن بیگۆڕن ونەیگۆڕن نزیکن لەوەی خودا هەموویان سزا بدات ؛ کەواتە دەبێت

سوپاسی خودا بکەین لەبەر ئەوەی بە تاوانی کەسانی تر سزا نادرێین ئەگەر گۆڕینی خراپە لە توانا وسنوری دەسەڵاتی ئێمەدا نەبێت .

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ شَهَـٰدَةُ بَيْنِكُمْ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ ٱلْمَوْتُ حِينَ ٱلْوَصِيَّةِ ٱثْنَانِ ذَوَا عَدْلٍ مِّنكُمْ أَوْ ءَاخَرَانِ مِنْ غَيْرِكُمْ إِنْ أَنتُمْ ضَرَبْتُمْ فِى ٱلْأَرْضِ فَأَصَـٰبَتْكُم مُّصِيبَةُ ٱلْمَوْتِ ۚ تَحْبِسُونَهُمَا مِنۢ بَعْدِ ٱلصَّلَوٰةِ فَيُقْسِمَانِ بِٱللَّهِ إِنِ ٱرْتَبْتُمْ لَا نَشْتَرِى بِهِۦ ثَمَنًا وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَىٰ ۙ وَلَا نَكْتُمُ شَهَـٰدَةَ ٱللَّهِ إِنَّآ إِذًا لَّمِنَ ٱلْـَٔاثِمِينَ ﴿١٠٦﴾﴾ ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە شاهیدی بدەن لە نێوان خۆتاندا ، ئەگەر کەسێکتان لەسەرە مەرگدا بوو لە کاتی وەسیەت کردندا بادوو کەسی دادگەری موسڵمان بکات بە شاهید بەسەر وەسیەتەکەیەوە ، وئەگەر لە سەفەردا بوون وموسڵمانتان دەستنەکەوت وتووشی بەڵای مردن بوون دوو کەسی جگە لە خۆتان بکەن بە شاهید بەسەر وەسیەتەکەتانەوە ، ئەگەر گومانتان لە ڕاستگۆیی شاهیدەکان هەبوو ڕایانگرن لە دوای نوێژ وسوێند بخۆن بە خودا کە شاهیدییەکەیان بە هیچ نرخێك ناگۆڕنەوە ئەگەرچی خزمیشبن ، ولەبەر خودا شاهیدی ناشارینەوە ، ودڵنیابن ئەگەر شاهیدییەکەمان شاردەوە لە گوناهبارانین .

ئەم ئایەتە باسی کەسێك دەکات کە لە سەرەمەرگدا بێت وئەگەر وەسییەتی کرد دەبێت دوو کەسی موسڵمانی دادگەر بکات بە شاهید بەسەر وەسییەتەکەیەوە ، بەڵام ئەگەر لە سەفەردا بوو وتووشی بەڵای مردن هات وفریاکەوت وەسیەت بکات ، بەڵام موسڵمانی دەست نەکەوێت ئەو کاتە دوو کەس کە بەردەستبن ئەگەرچی موسڵمانیش نەبن دەیانکات بە شاهید بەسەر وەسیەتەکەیەوە ، ئەگەر کەسوکاری مردووەکە گومانیان لە شاهیدەکان هەبوو کە شتێکیان لە وەسیەتەکەی شاردووەتەوە ، ڕایان دەگرن لە دوای

نوێژ ، لە ئیبن عەباسەوە ﷺ ڕیوایەت کراوە دەڵێت : نوێژی عەسرە ، بە پێش چاوی خەڵکەوە سوێندیان دەدەن ، شاهیدەکانیش بۆ ئەستۆ پاکییان وڕەواندنەوەی گومان لەسەریان دەبێت لەبەر خودا سوێند بخۆن وبڵێن : سوێندبێت بە خودا شاهیدییەکەمان بەهیچ نرخێك ناگۆڕینەوە وهیچ لە وەسیەتی مردووەکە لەبەر خودا ناشارینەوە ئەگەرچی خزمیشمان بێت ، ئەگەر وانەبێت ئەوا بێگومان ئێمە لە تاوانبارانین ؛ بوخاری لە ئیبن عەباسەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پیاوێك لە تیرەی سەهمی هۆزی قورەیش لەگەڵ تەمیمی داری وعەدی کوڕی بەدا سەفەری کرد ، پیاوە سەهمییەکە لە شوێنێك مرد کە موسڵمانی تێدا نەبوو ، کاتێك پاشماوەکانی مردووەکەیان هێنایەوە ، قاپێکی لە زیو دروست کراو کە بە زێڕ پەلکی دارخورمای لەسەر نەخشێندرابوو لێ ون بوو ، پێغەمبەری خودا ﷺ سوێندی دان ، پاشان قاپەکەیان لە مەککە دۆزییەوە ، گوتیان : لە تەمیم وعەدی کڕیومانە ، دوو کەس لە کەسوکاری مردووەکە هەستان گوتیان : گەواهیدانی ئێمە لە پێشترە لە گەواهیدانی ئەو دوو کەسە ، وئەو قاپە موڵکی کەسە مردووەکەی ئێمەیە ، دەڵێت : ئەم ئایەتە لەو بارەیەوە دابەزی : ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ شَهَـٰدَةُ بَيْنِكُمْ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ ٱلْمَوْتُ﴾ ؛ ئەم باسەی هاوەڵی بەڕێز تەمیمی داری ﷺ پێشتر گاور بووە ، وپێش موسڵمان بوونی ئەم ڕووداوە ڕوویداوە .


﴿فَإِنْ عُثِرَ عَلَىٰٓ أَنَّهُمَا ٱسْتَحَقَّآ إِثْمًا فَـَٔاخَرَانِ يَقُومَانِ مَقَامَهُمَا مِنَ ٱلَّذِينَ ٱسْتَحَقَّ عَلَيْهِمُ ٱلْأَوْلَيَـٰنِ فَيُقْسِمَانِ بِٱللَّهِ لَشَهَـٰدَتُنَآ أَحَقُّ مِن شَهَـٰدَتِهِمَا وَمَا ٱعْتَدَيْنَآ إِنَّآ إِذًا لَّمِنَ ٱلظَّـٰلِمِينَ ١٠٧﴾ ئەگەر دەرکەوت ئەو دوو کەسە خۆیان گوناهبار کردووە وشاهیدییەکەیان وەك ئەوەی کە پێویستە نەداوە ، دوو کەسی تر شوێنی ئەو دوو شاهیدەی پێشوو بگرنەوە

کە خزم ونزیکی مردووەکەبن ، وسوێند بخۆن بە خودا لەسەر ناپاکی دوو شاهیدەکەی یەکەم وبڵێن : گەواهیدانەکەی ئێمە ڕاستترە لە گەواهیدانەکەی ئەوان ، وئەگەر ئێمەش سنورمان بەزاند وستەممان کرد وشاهیدیمان نەدا بەو شێوەیەی کە پێویستە ، بەدڵنیاییەوە ئێمە لە ستەمکارانین .

﴿ذَٰلِكَ أَدْنَىٰٓ أَن يَأْتُواْ بِٱلشَّهَٰدَةِ عَلَىٰ وَجْهِهَآ أَوْ يَخَافُوٓاْ أَن تُرَدَّ أَيْمَٰنٌۢ بَعْدَ أَيْمَٰنِهِمْۗ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَٱسْمَعُواْۗ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْفَٰسِقِينَ ١٠٨﴾ ئەم شێوەیە باشتر ونزیکترە کە شاهیدەکان هانبدات شاهیدییەکەیان وەك خۆی بدەن یان بترسن سوێندەکەیان دوای سوێندی دوو کەسەکەی تر ڕەت بکرێتەوە ، لە خودا بترسن وپارێزکار وگوێڕایەڵبن ، وخودا هیدایەتی گەلی لادەر ولە سنور دەرچوو نادات .

ئەم ئایەتانە بەڵگەی ئەوەیان تێدایە کە موسڵمان لەسەرە مەرگدا دەتوانێت وەسیەت بکات ، ودەبێت دوو موسڵمانی دادگەر بکات بە شاهید بەسەر وەسیەتەکەیەوە ، وئەگەر لە سەفەردا تووشی نەخۆشی بوو وکەوتە سەرەمەرگەوە وموسڵمانی دەست نەکەوت بیکات بە شاهید دەتوانێت دوو بێباوەڕ بکات بە شاهید بەسەر وەسییەتەکەیەوە لەبەر پێویستی لەو حاڵەتەدا ، وئەگەر گومان کرا لە شاهیدی شاهیدەکان دەتوانرێت سوێند بدرێن بە پێش چاوی خەڵکەوە ، وئەگەر دەرکەوت کە ناپاکن وخیانەتیان لە شاهیدییەکەیان کردووە ، دوو کەسی خزمی مردووەکە دەکرێت بە شاهید .

﴿۞ يَوْمَ يَجْمَعُ ٱللَّهُ ٱلرُّسُلَ فَيَقُولُ مَاذَآ أُجِبْتُمْۖ قَالُواْ لَا عِلْمَ لَنَآۖ إِنَّكَ أَنتَ عَلَّٰمُ ٱلْغُيُوبِ ١٠٩﴾ ڕۆژێك خودا هەموو پێغەمبەران کۆ دەکاتەوە وپێیان دەفەرموێت : خەڵك


الجُزۡءُ السَّابِعُ سُورَةُ المَائِدَةِ

۞ يَوۡمَ يَجۡمَعُ ٱللَّهُ ٱلرُّسُلَ فَيَقُولُ مَاذَآ أُجِبۡتُمۡۖ قَالُواْ لَا عِلۡمَ لَنَآۖ
إِنَّكَ أَنتَ عَلَّٰمُ ٱلۡغُيُوبِ ١٠٩ إِذۡ قَالَ ٱللَّهُ يَٰعِيسَى ٱبۡنَ مَرۡيَمَ
ٱذۡكُرۡ نِعۡمَتِي عَلَيۡكَ وَعَلَىٰ وَٰلِدَتِكَ إِذۡ أَيَّدتُّكَ بِرُوحِ
ٱلۡقُدُسِ تُكَلِّمُ ٱلنَّاسَ فِي ٱلۡمَهۡدِ وَكَهۡلٗاۖ وَإِذۡ عَلَّمۡتُكَ
ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ وَٱلتَّوۡرَىٰةَ وَٱلۡإِنجِيلَۖ وَإِذۡ تَخۡلُقُ
مِنَ ٱلطِّينِ كَهَيۡـَٔةِ ٱلطَّيۡرِ بِإِذۡنِي فَتَنفُخُ فِيهَا فَتَكُونُ
طَيۡرَۢا بِإِذۡنِيۖ وَتُبۡرِئُ ٱلۡأَكۡمَهَ وَٱلۡأَبۡرَصَ بِإِذۡنِيۖ وَإِذۡ تُخۡرِجُ
ٱلۡمَوۡتَىٰ بِإِذۡنِيۖ وَإِذۡ كَفَفۡتُ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ عَنكَ إِذۡ
جِئۡتَهُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِ فَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنۡهُمۡ إِنۡ هَٰذَآ
إِلَّا سِحۡرٞ مُّبِينٞ ١١٠ وَإِذۡ أَوۡحَيۡتُ إِلَى ٱلۡحَوَارِيِّـۧنَ أَنۡ ءَامِنُواْ
بِي وَبِرَسُولِي قَالُوٓاْ ءَامَنَّا وَٱشۡهَدۡ بِأَنَّنَا مُسۡلِمُونَ ١١١
إِذۡ قَالَ ٱلۡحَوَارِيُّونَ يَٰعِيسَى ٱبۡنَ مَرۡيَمَ هَلۡ يَسۡتَطِيعُ رَبُّكَ
أَن يُنَزِّلَ عَلَيۡنَا مَآئِدَةٗ مِّنَ ٱلسَّمَآءِۖ قَالَ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ إِن كُنتُم
مُّؤۡمِنِينَ ١١٢ قَالُواْ نُرِيدُ أَن نَّأۡكُلَ مِنۡهَا وَتَطۡمَئِنَّ قُلُوبُنَا
وَنَعۡلَمَ أَن قَدۡ صَدَقۡتَنَا وَنَكُونَ عَلَيۡهَا مِنَ ٱلشَّٰهِدِينَ ١١٣

١٢٦

چۆن بە دەنگتانەوە هاتن ووەڵامی بانگەوازەکەتانیان دایەوە ، دەڵێن : هیچ زانیاریمان نییە ، بێگومان هەر تۆ زانای هەموو پەنهان ونادیارەکانی .

ئیبن کەسیر دەڵێت : ﴿قَالُواْ لَا عِلۡمَ لَنَآۖ﴾ نواندنی ئەدەبە لەگەڵ پەروەردگار ﷻ ، واتە : هیچ زانیاریمان نییە ئەی خودایە لە ئاست زانستی تۆ کە دەورەی هەموو شتێکی داوە ، ئێمە ئەگەرچی ئەو کاتەی لە ژیاندا بووین دەمانزانی کێ وەڵامی داوینەتەوە ، بەڵام تەنها ڕەواڵەتمان دەبینی ، وزانیاریمان دەربارەی ناخیان نەبوو ، وتۆ زانای بە هەموو شتێك ، وئاگاداری لە هەموو شتێك ، زانستی ئێمە لە ئاست زانستی تۆ وەك ئەوەیە هیچ نەزانین چونکە تۆ زانای هەموو پەنهانەکانی .

﴿إِذۡ قَالَ ٱللَّهُ يَٰعِيسَى ٱبۡنَ مَرۡيَمَ ٱذۡكُرۡ نِعۡمَتِي عَلَيۡكَ وَعَلَىٰ وَٰلِدَتِكَ إِذۡ أَيَّدتُّكَ بِرُوحِ ٱلۡقُدُسِ تُكَلِّمُ ٱلنَّاسَ فِي ٱلۡمَهۡدِ وَكَهۡلٗاۖ وَإِذۡ عَلَّمۡتُكَ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ وَٱلتَّوۡرَىٰةَ وَٱلۡإِنجِيلَۖ وَإِذۡ تَخۡلُقُ مِنَ ٱلطِّينِ كَهَيۡـَٔةِ ٱلطَّيۡرِ بِإِذۡنِي فَتَنفُخُ فِيهَا فَتَكُونُ طَيۡرَۢا بِإِذۡنِيۖ وَتُبۡرِئُ ٱلۡأَكۡمَهَ وَٱلۡأَبۡرَصَ بِإِذۡنِيۖ وَإِذۡ تُخۡرِجُ ٱلۡمَوۡتَىٰ بِإِذۡنِيۖ وَإِذۡ كَفَفۡتُ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ

عَنكَ إِذۡ جِئۡتَهُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِ فَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنۡهُمۡ إِنۡ هَٰذَآ إِلَّا سِحۡرٞ مُّبِينٞ ﴿١١٠﴾

کاتێك خودا بە عیسای کوڕی مەریەمی ﷺ فەرموو : نازونیعمەتەکانم بەسەر خۆت ودایکتەوە بە یاد بهێنەرەوە ، کاتێك پاڵپشتیمان کردیت بە جبریل ﷺ لە بێشکەدا قسەت لەگەڵ خەڵکدا دەکرد وەك ئەو کاتەی کە گەورە بووی ، وکاتێك فێری نوسین ودانای وکارلەجێی وتەورات وئینجیلمان کردیت ، وکاتێك لە قوڕ هاوشێوەی باڵندەت دروست دەکرد وفوت پێدا دەکرد بە ڕوخسەتی من دەبوو بە باڵندە ، وکوێری زکماك وبەڵەکیت بە ڕوخسەتی من چاك دەکردەوە ، ومردووت لە گۆڕ دەردەهێنا وزیندووت دەکردەوە بە ڕوخسەتی من ، وکاتێك تۆمان پاراست لە نەوەکانی ئیسرائیل دوای ئەوەی بەڵگەی ڕوون وئاشکرات بۆ هێنان ، ئەوانەیان کە بێباوەڕ بوون گوتیان : ئەمە جادوویەکی ئاشکرایە .

لەم ئایەتەدا خودا باسی ئەو نیعمەتانەی خۆی دەکات کە بە پێغەمبەر عیسا ﷺ وخاتوو مەریەمی دایکی بەخشیوە ، لە پێشدا خودا ڕۆزی تایبەتی بە دایکی بەخشی وپێغەمبەر زەکەریای ﷺ دوای مردنی باوکی کرد بەسەرپەرشتیاری وخودا هەڵیبژارد بەسەر هەموو ئافرەتاندا وکردی بە یەکێك لەو ئافرەتانەی کە کامڵی کردوون لە دونیا ، وعیسای ﷺ بەبێ باوك لە سکیدا دروست کرد وپاشان پاکانەی کرد بەوەی عیسای کوڕی ﷺ بە کۆرپەلەیی هێنایە گۆ وئەستۆپاکی دایکی سەلماند لەوەی تۆمەتباریان کرد بە زینا ، وعیسای پێغەمبەر ﷺ خودا نازونیعمەتی گەورەی پێبەخشی هەر لە کۆرپەلەییەوە هێنایە گۆ وپاشان هەڵیبژارد بە پێغەمبەر وڕەوانەی کرد بۆ نەوەکانی ئیسرائیل ، و﴿عَلَّمۡتُكَ ٱلۡكِتَٰبَ﴾ : ڕاڤەکاران دوو لێکدانەوەیان بۆ کردووە ، یەکەم :

نوسین ، ودووەم : کتێب کە مەبەست ڕەگەزی کتێبەکانە وهەموو کتێبەکان دەگرێتەوە ، واتە : فێری دانای وکارلەجێی وتەورات وئینجیلم کردوویت ، وهەموو ئەو موعجیزانەی لەسەر دەستی پیشانی نەوەکانی ئیسرائیلی داوە ، ودوای ئەوەی باوەڕیان پێنەهێنا وبە درۆزن وجادوگەریان دانا وپیلانیان داڕشت بۆ کوشتنی ، خودا بەرزی کردەوە بۆ لای خۆی ولە دەستیان پاراستی وپێش هاتنی کۆتایی دونیا خودا ﷻ دەینێرێتەوە سەر زەوی وباوەڕ بە ئاینەکەی **محمد** ﷺ دەهێنێت ولەسەر ئەوە دەمرێت وموسڵمانان نوێژی لەسەر دەکەن .

﴿وَإِذۡ أَوۡحَيۡتُ إِلَى ٱلۡحَوَارِيِّـۧنَ أَنۡ ءَامِنُواْ بِي وَبِرَسُولِي قَالُوٓاْ ءَامَنَّا وَٱشۡهَدۡ بِأَنَّنَا مُسۡلِمُونَ ١١١﴾ وکاتێك سروشمان کرد بۆ دۆست وقوتابیە پاك ودڵسۆزەکانت وخستمانە دڵیانەوە کە باوەڕ بە من وبە پێغەمبەرەکەم بهێنن ، گوتیان باوەڕمان هێنا وتۆ شاهیدبە کە ئێمە بێگومان موسڵمانین .

﴿وَإِذۡ أَوۡحَيۡتُ﴾ مانای ئەوەیە خستمانە دڵیانەوە ، یان لە ڕێگای پێغەمبەر عیساوە ﵇ سروشمان بۆ کردوون ، ﴿ٱلۡحَوَارِيِّـۧنَ﴾ زانایان لێکدانەوەی زۆریان بۆ ماناکەی کردووە کە پێچەوانەنین وزۆربەی ماناکان لە دەوری پشتیوان وسەرخەر وپاك ودۆستی تایبەتە ، ولە سوننەتدا بە مانای سەرخەر هاتووە بوخاری لە جابری کوڕی عبداللەوە ﵄ ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەموو پێغەمبەرێك سەرخەر ودۆستی تایبەتی هەیە ، بێگومان زوبێر ﵁ سەرخەر ودۆستی تایبەتی منە .


﴿إِذۡ قَالَ ٱلۡحَوَارِيُّونَ يَٰعِيسَى ٱبۡنَ مَرۡيَمَ هَلۡ يَسۡتَطِيعُ رَبُّكَ أَن يُنَزِّلَ عَلَيۡنَا مَآئِدَةٗ مِّنَ ٱلسَّمَآءِۖ قَالَ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ١١٢﴾ کاتێك دۆست وقوتابیە پاك ودڵسۆزەکان

گوتیان : ئەی عیسای کوڕی مەریەم ئایا پەروەردگاری تۆ دەتوانێت خوانێکمان بۆ دابەزێنێت لە ئاسمانەوە ؟ فەرمووی : لە خودا بترسن وپارێزکاربن ئەگەر ئێوە باوەڕدارن .

تەبەری دەڵێت : کۆمەڵێك لە هاوەڵان وتابعییەکان ئەم ئایەتەیان بە ﴿هَلۡ تَسۡتَطِيعُ رَبَّكَ﴾ خوێندووەتەوە کە مانای ئەوەیە دەتوانیت داوا لە پەروەردگارت بکەیت ؟ یان ئایا تۆ ڕات چییە ودەتوانیت ؟ بەڵام ئەوەی پەسەندترە لەو دوو خوێندنەوەیە ئەمەیە :﴿يَسۡتَطِيعُ رَبُّكَ﴾ ، کە مانای ئەوەیە ئایا پەروەردگارت وەڵامت دەداتەوە ، وداواکاریەکەت جێبەجێ دەکات ؟ ودەیانگوت : حەوارییەکان گومانیان نەبوو کە خودا دەتوانێت ئەو خوانەی داوای دەکەن بۆیان دابەزێنێت ، بۆیە ئەوەیان بە پێغەمبەر عیسا ﵇ گوتووە .

﴿قَالُواْ نُرِيدُ أَن نَّأۡكُلَ مِنۡهَا وَتَطۡمَئِنَّ قُلُوبُنَا وَنَعۡلَمَ أَن قَدۡ صَدَقۡتَنَا وَنَكُونَ عَلَيۡهَا مِنَ ٱلشَّٰهِدِينَ ١١٣﴾ گوتیان : دەمانەوێت لێی بخۆین ودڵنیابین وبزانین کە ڕاستت لەگەڵ کردووین وببین بە شاهید بە سەریەوە .

﴿قَالَ عِيسَى ٱبۡنُ مَرۡيَمَ ٱللَّهُمَّ رَبَّنَآ أَنزِلۡ عَلَيۡنَا مَآئِدَةٗ مِّنَ ٱلسَّمَآءِ تَكُونُ لَنَا عِيدٗا لِّأَوَّلِنَا وَءَاخِرِنَا وَءَايَةٗ مِّنكَۖ وَٱرۡزُقۡنَا وَأَنتَ خَيۡرُ ٱلرَّٰزِقِينَ ١١٤﴾ عیسای کوڕی مەریەم فەرمووی : پەروەردگارمان داوات لێدەکەین خوانێکمان لە ئاسمانەوە بۆ دابەزێنیت بۆ ئەوەی ئەو خوانە ببێتە جەژن بۆ نەوەکانی ئێستا وداهاتوومان وبەڵگە ونیشانەیەك بێت لە تۆوە ، وڕۆزیمان بدە چونکە تۆ باشترین ڕۆزی بەخشیت .


الجُزْءُ السَّابِعُ سُورَةُ المَائِدَةِ

قَالَ عِيسَى ٱبۡنُ مَرۡيَمَ ٱللَّهُمَّ رَبَّنَآ أَنزِلۡ عَلَيۡنَا مَآئِدَةٗ مِّنَ ٱلسَّمَآءِ
تَكُونُ لَنَا عِيدٗا لِّأَوَّلِنَا وَءَاخِرِنَا وَءَايَةٗ مِّنكَۖ وَٱرۡزُقۡنَا وَأَنتَ
خَيۡرُ ٱلرَّٰزِقِينَ ١١٤ قَالَ ٱللَّهُ إِنِّي مُنَزِّلُهَا عَلَيۡكُمۡۖ فَمَن يَكۡفُرۡ بَعۡدُ
مِنكُمۡ فَإِنِّيٓ أُعَذِّبُهُۥ عَذَابٗا لَّآ أُعَذِّبُهُۥٓ أَحَدٗا مِّنَ ٱلۡعَٰلَمِينَ ١١٥
وَإِذۡ قَالَ ٱللَّهُ يَٰعِيسَى ٱبۡنَ مَرۡيَمَ ءَأَنتَ قُلۡتَ لِلنَّاسِ ٱتَّخِذُونِي
وَأُمِّيَ إِلَٰهَيۡنِ مِن دُونِ ٱللَّهِۖ قَالَ سُبۡحَٰنَكَ مَا يَكُونُ لِيٓ أَنۡ أَقُولَ
مَا لَيۡسَ لِي بِحَقٍّۚ إِن كُنتُ قُلۡتُهُۥ فَقَدۡ عَلِمۡتَهُۥۚ تَعۡلَمُ مَا فِي نَفۡسِي
وَلَآ أَعۡلَمُ مَا فِي نَفۡسِكَۚ إِنَّكَ أَنتَ عَلَّٰمُ ٱلۡغُيُوبِ ١١٦ مَا قُلۡتُ لَهُمۡ
إِلَّا مَآ أَمَرۡتَنِي بِهِۦٓ أَنِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ رَبِّي وَرَبَّكُمۡۚ وَكُنتُ عَلَيۡهِمۡ
شَهِيدٗا مَّا دُمۡتُ فِيهِمۡۖ فَلَمَّا تَوَفَّيۡتَنِي كُنتَ أَنتَ ٱلرَّقِيبَ عَلَيۡهِمۡۚ
وَأَنتَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ شَهِيدٌ ١١٧ إِن تُعَذِّبۡهُمۡ فَإِنَّهُمۡ عِبَادُكَۖ وَإِن
تَغۡفِرۡ لَهُمۡ فَإِنَّكَ أَنتَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ١١٨ قَالَ ٱللَّهُ هَٰذَا يَوۡمُ يَنفَعُ
ٱلصَّٰدِقِينَ صِدۡقُهُمۡۚ لَهُمۡ جَنَّٰتٞ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ
فِيهَآ أَبَدٗاۖ رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُمۡ وَرَضُواْ عَنۡهُۚ ذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ١١٩ لِلَّهِ
مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا فِيهِنَّۚ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرُۢ ١٢٠

١٢٧

﴿قَالَ ٱللَّهُ إِنِّي مُنَزِّلُهَا عَلَيۡكُمۡۖ فَمَن يَكۡفُرۡ بَعۡدُ مِنكُمۡ فَإِنِّيٓ أُعَذِّبُهُۥ عَذَابٗا لَّآ أُعَذِّبُهُۥٓ أَحَدٗا مِّنَ ٱلۡعَٰلَمِينَ ١١٥﴾ خودا فەرمووی : من ئەو خوانەی داوای دەکەن بۆتانی دادەبەزێنم ، دوای ئەوە هەرکەسێکتان بێباوەڕ بێت ، دڵنیابن سزایەکی دەدەم کە هیچ کەسێکم لە جیهاندا هاوشێوەی ئەو سزا نەدابێت .

واحیدی دەڵێت : وتراوە : مەبەست لە جۆرە سزایەکە کە هیچ کەسی تر بەو جۆرە سزایە سزا نادرێت ، گوتراوە : ﴿مِّنَ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ مەبەستی خەڵکی ئەو سەردەمەیە ، وتەبەری لە موجاهیدەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : خوانەکەیان ڕەت کردەوە کاتێك هەڕەشەی سزادان کرا لەو کەسانەی دوای دابەزینی بێباوەڕ دەبن ، ودیسان تەبەری لە حەسەنی بەصرییەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : کاتێك پێیان گوترا : ﴿فَمَن يَكۡفُرۡ بَعۡدُ﴾ هەتا کۆتایی ئایەتەکە ، گوتیان : پێویستمان پێی نییە وخوانەکە دانەبەزی ، بەڵام ئیبن عەباس رضي الله عنهما وتەبەری وئیبن ئەبوحاتم وواحیدی وقورتبی وئیبن کەسیر وجمهوری زانایان دەڵێن : خودا ئەو خوانەی دابەزاندووە ، لەبەر ئەوەی دەفەرموێت : ﴿إِنِّي مُنَزِّلُهَا عَلَيۡكُمۡۖ﴾ ؛ وناکۆکن ئایا ئەو خوانەی کە دابەزێنراوە چی لەسەر بووە ، تەبەری لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە دەڵێت :

خوانێك بووه كه نان وماسی لەسەر بووه ؛ وئیبن ئەبوحاتەم لە عەماری كوڕی یاسرەوە ﵄ ڕیوایەتی كردووە دەڵێت : خوانەكە بەروبوومی بەهەشتی لەسەر بووە ؛ تەبەری دەڵێت : ئەوەی كە پەسەندە دەربارەی ئەوەی چی لەسەر خوانەكە بووە ئەوەیە ، بگوترێت : هەموو خواردەمەنییەكی لەسەر بووە ، ودەشێت نان وماسی وبەروبوومی بەهەشتی لەسەر بووبێت ، كە زانستی ئەو شتانە سودی نییە ، ونەزانینی زیانی نییە .

﴿وَإِذۡ قَالَ ٱللَّهُ يَٰعِيسَى ٱبۡنَ مَرۡيَمَ ءَأَنتَ قُلۡتَ لِلنَّاسِ ٱتَّخِذُونِي وَأُمِّيَ إِلَٰهَيۡنِ مِن دُونِ ٱللَّهِۖ قَالَ سُبۡحَٰنَكَ مَا يَكُونُ لِيٓ أَنۡ أَقُولَ مَا لَيۡسَ لِي بِحَقٍّۚ إِن كُنتُ قُلۡتُهُۥ فَقَدۡ عَلِمۡتَهُۥۚ تَعۡلَمُ مَا فِي نَفۡسِي وَلَآ أَعۡلَمُ مَا فِي نَفۡسِكَۚ إِنَّكَ أَنتَ عَلَّٰمُ ٱلۡغُيُوبِ ١١٦﴾ وكاتێك كە خودا لە ڕۆژی قیامەتدا بە عیسای كوڕی مەریەم دەفەرموێت : ئایا تۆ بە خەڵكت گوتووە كە من ودایكم بە دوو پەرستراو دابنێن جگە لە خودا ؟ دەڵێت : پاك وبێگەردی بۆ تۆ ! ، بۆ من نییە شتێك بڵێم كە مافی من نییە وبەمن ڕەوا نییە ، ئەگەر ئەوەم گوتبا بێگومان تۆ دەتزانی ، ئەوەی لە نەفسم دایە تۆ دەیزانی ، وئەوەی لە نەفسی تۆدایە من نایزانم ، بێگومان هەر تۆ زانای هەموو پەنهان ونادیارەكانی .

﴿مَا قُلۡتُ لَهُمۡ إِلَّا مَآ أَمَرۡتَنِي بِهِۦٓ أَنِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ رَبِّي وَرَبَّكُمۡۚ وَكُنتُ عَلَيۡهِمۡ شَهِيدٗا مَّا دُمۡتُ فِيهِمۡۖ فَلَمَّا تَوَفَّيۡتَنِي كُنتَ أَنتَ ٱلرَّقِيبَ عَلَيۡهِمۡۚ وَأَنتَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ شَهِيدٌ ١١٧﴾ هیچم پێ نەگوتوون جگە لەوەی كە تۆ فەرمانت پێكردووم پێیان ڕابگەیەنم : كە خودا بە تاك وتەنهایی بپەرستن كە پەروەردگاری من وپەروەردگاری ئێوەشە ، ومن شاهید بووم بە سەریانەوە هەتاكو ئەو كاتەی لە نێویاندا بووم ، بەڵام دوای ئەوەی منت

بەرزکردەوە بۆ ئاسمان تۆ چاودێری کردەوەکانیان بوویت ، وتۆ شاهیدی بەسەر هەموو شتێکەوە وهیچت لێ شاراوە نییە .

قورتبی دەڵێت : ﴿فَلَمَّا تَوَفَّيْتَنِي كُنتَ أَنتَ ٱلرَّقِيبَ عَلَيْهِمْۚ﴾ گوتراوە : ئەمە بەڵگەیە کە خودا ﷻ ڕوحی کێشاوە پێش ئەوەی بیبات بۆ ئاسمان ، بەڵام ئەمە هیچ بەڵگەی لەسەر نییە ، چونکە بەڵگەی زۆرمان هەیە کە خودا ﷻ بەرزی کردووەتەوە ولە ئاسمانە وزیندووە ، ودادەبەزێتەوە سەر زەوی ودەجال دەکوژێت ، بەڵکو مانای ئەوەیە کاتێك منت بەرز کردەوە بۆ ئاسمان ، حەسەن دەڵێت : (الْوَفَاةُ) لە قورئاندا بە سێ مانا هاتووە ، بە مانای مردن : وەك ئەوەی خودا دەفەرموێت : ﴿ٱللَّهُ يَتَوَفَّى ٱلْأَنفُسَ حِينَ مَوْتِهَا ﴿٤٢﴾﴾(الزُّمَر) ، دوای کۆتایی هاتنی کاتی ، واتە : لە دونیا ، وبە مانای خەو : خودا دەفەرموێت : ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى يَتَوَفَّىٰكُم بِٱلَّيْلِ ﴿٦٠﴾﴾(الأنعَام) ، مانای ئەوەیە بە شەو دەتانخەوێنێت ، وبەمانای بەرزکردنەوە ، خودا دەفەرموێت : ﴿إِذْ قَالَ ٱللَّهُ يَٰعِيسَىٰٓ إِنِّى مُتَوَفِّيكَ وَرَافِعُكَ إِلَىَّ ﴿٥٥﴾﴾(آلِ عِمۡرَان) ؛ ترمزی ونەسائی لە (الکبری) لە ئەبوهرەیرەوە ﷺ ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : خودا ڕێنمایی پێغەمبەر عیسا ﷺ دەکات وبەڵگە دەخاتە سەر زمانی لەو ئایەتەدا کە دەفەرموێت : ﴿وَإِذْ قَالَ ٱللَّهُ يَٰعِيسَى ٱبْنَ مَرْيَمَ ءَأَنتَ قُلْتَ لِلنَّاسِ ٱتَّخِذُونِى وَأُمِّىَ إِلَٰهَيْنِ مِن دُونِ ٱللَّهِۖ﴾ ؟ ئەبوهرەیرە ﷺ دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : خودا ﷻ ڕێنمایی کرد وخستیە سەر زمانی کە بڵێت : ﴿سُبْحَٰنَكَ مَا يَكُونُ لِىٓ أَنْ أَقُولَ مَا لَيْسَ لِى بِحَقٍّۚ إِن كُنتُ قُلْتُهُۥ فَقَدْ عَلِمْتَهُۥۚ تَعْلَمُ مَا فِى نَفْسِى وَلَآ أَعْلَمُ مَا فِى نَفْسِكَۚ إِنَّكَ أَنتَ عَلَّٰمُ ٱلْغُيُوبِ ﴿١١٦﴾﴾ ؛ وبوخاری ومسلم لە ئیبن عەباسەوە ﷺ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ گوتاری خوێند وفەرمووی : ئەی خەڵکینە ئێوە هەمووتان لای خودا کۆ دەکرێنەوە ، بە پێی پەتی ، وبە ڕووتی ، وخەتەنە نەکراوی ، پاشان ئەو ئایەتەی

خوێندەوە : ﴿كَمَا بَدَأْنَآ أَوَّلَ خَلْقٍ نُّعِيدُهُۥۚ وَعْدًا عَلَيْنَآۚ إِنَّا كُنَّا فَٰعِلِينَ ١٠٤﴾(الأَنبيَاء) ، پاشان فەرمووی : ئەو کەسەی کە پێش هەمووان پۆشاکی لەبەر دەکرێت پێغەمبەر ئیبراهیمە عليه السلام ، وکەسانێك لە ئوممەتەکەم دەهێنن ئەوانەی دەستە چەپ دەیانبەن بۆ دۆزەخ ، دەڵێم : ئەی پەروەردگار ئەوانە لە ئوممەتەکەی منن ، دەگوترێت : تۆ نازانیت دوای تۆ چییان داهێناوە ، منیش ئەوە دەڵێم کە بەندە چاکەکەی خودا فەرمووی : ﴿وَكُنتُ عَلَيْهِمْ شَهِيدًا مَّا دُمْتُ فِيهِمْۖ فَلَمَّا تَوَفَّيْتَنِي كُنتَ أَنتَ ٱلرَّقِيبَ عَلَيْهِمْۚ وَأَنتَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ﴾ ، دەگوترێت : ئەو کەسانە دوای تۆ هەڵگەڕانەوە وپشتیان لە ئاینەکەت کرد .

﴿إِن تُعَذِّبْهُمْ فَإِنَّهُمْ عِبَادُكَۖ وَإِن تَغْفِرْ لَهُمْ فَإِنَّكَ أَنتَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ١١٨﴾ پەروەردگار ئەگەر سزایان بدەیت ئەوانە بێگومان بەندەی تۆن ، وئەگەر لێیان خۆش بیت وتاوانەکانیان بپۆشیت بێگومان تۆ باڵا دەست ودانای کار لەجێیت .

نەسائی وئیبن خوزیمە وحاکم لە ئەبوزەرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم شەوێك نوێژی کرد ئایەتێکی خوێندەوە هەتاکو کاتی سپێدە دووبارەی دەکردەوە ، لە کڕنوش وسوژدەشدا دەپاڕایەوە : ﴿إِن تُعَذِّبْهُمْ فَإِنَّهُمْ عِبَادُكَۖ وَإِن تَغْفِرْ لَهُمْ فَإِنَّكَ أَنتَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ١١٨﴾ ، کاتێك ڕۆژ بوویەوە گوتم : ئەی پێغەمبەری خودا بەردەوام ئەم ئایەتەت دەخوێندەوە هەتاکو سپێدەت بەسەردا هات ، فەرمووی : من داوای شەفاعەتم کرد بۆ ئوممەتەکەم خودا پێی بەخشیم ، وهەرکەسێك لە ئوممەتەکەم هاوبەش بۆ خودا بڕیار نەدات "إن شاء الله" دەیگرێتەوە ؛ ومسلم لە عبداللەی کوڕی عەمرەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم ئەو ئایەتەی خوێندەوە کە پێغەمبەر ئیبراهیم عليه السلام دەربارەی ئوممەتەکەی دەڵێت : ﴿رَبِّ إِنَّهُنَّ أَضْلَلْنَ كَثِيرًا مِّنَ ٱلنَّاسِۖ فَمَن تَبِعَنِي فَإِنَّهُۥ مِنِّيۖ وَمَنْ عَصَانِي فَإِنَّكَ غَفُورٌ

رَّحِيمُ ﴿٣٦﴾ (إبْرَاهِيم) ، وپێغەمبەر عیسا عليه السلام دەڵێت : ﴿إِن تُعَذِّبْهُمْ فَإِنَّهُمْ عِبَادُكَ وَإِن تَغْفِرْ لَهُمْ فَإِنَّكَ أَنتَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿١١٨﴾﴾ ، دەستەکانی بەرز کردەوە وفەرمووی : پەروەردگارا ئومەتەکەم ، ئومەتەکەم ، وگریا ، خودا عزوجل فەرمووی : ئەی جبریل عليه السلام برۆ بۆ لای محمد صلى الله عليه وسلم "وپەروەردگارت باش دەزانێت" پرسیاری لێ بکە بۆچی دەگریت ؟ جبریل عليه السلام هات بۆ لای وپرسیاری لێ کرد : پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم باسی بۆ کرد ، وجبریل عليه السلام باسەکەی بۆ خودا عزوجل گێڕایەوە "کە خودا خۆی بەوە زانا بوو" ، خودا عزوجل فەرمووی " ئەی جبریل عليه السلام بچۆ بۆ لای محمد صلى الله عليه وسلم پێی بڵێ : ئێمە دەربارەی ئومەتەکەی ڕازی دەکەین ، وشتێك نابێت کە ببێتە هۆکاری خەم وپەژارەت .


﴿قَالَ ٱللَّهُ هَٰذَا يَوْمُ يَنفَعُ ٱلصَّٰدِقِينَ صِدْقُهُمْ لَهُمْ جَنَّٰتٌ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُواْ عَنْهُ ذَٰلِكَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴿١١٩﴾﴾ خودا فەرمووی : ئەمڕۆ ڕۆژێکە ڕاستگۆکان ڕاستگۆییەکەیان سودیان پێدەگەیەنێت ، لە بەهەشتدا باخایان پێدەبەخشرێت کە جۆگەی ئاو بە ژێریاندا دەڕوات وبە هەتا هەتایی تیایدا دەمێننەوە ، خودایان لێ ڕازییە وئەوانیش لە خودا ڕازین ، ئەوەش بردنەوەی گەورەیە .

ئەو ڕۆژەی کە لەم ئایەتەدا ئاماژەی بۆ کراوە ڕۆژی قیامەتە ، ئیبن ئەبوحاتەم لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : ﴿هَٰذَا يَوْمُ يَنفَعُ ٱلصَّٰدِقِينَ صِدْقُهُمْ﴾ ئەمە ڕۆژێکە یەکتاپەرستان یەکتاپەرستیەکەیان سودیان پێ دەگەیەنێت .

﴿لِلَّهِ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا فِيهِنَّ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌۢ ﴿١٢٠﴾﴾ موڵکی خودایە ئاسمانەکان وزەوی وهەموو ئەوەی لە نێوانیدایە ، وخودایە کە توانای بەسەر هەموو شتێکدا هەیە .

﴿سُورَةُ الأَنعَامِ﴾

سورەتی (الأنعام) سورەتێکی مەککی یە ، هەندێك لە ڕاڤەکارانی قورئان دەڵێن : دوو ئایەتی مەدەنییە ، وهەندێکی تریان دەڵێن : شەش ئایەتی مەدەنییە ، تەبەرانی لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە وئیبن حەجەر بە حەسەنی داناوە وئەحمەد شاکر بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : سورەتی (الأنعام) هەمووی پێکەوە لە مەککە بە شەو دابەزیوە ، حەفتا هەزار فریشتە بە تەسبیحات دەورەیان دابوو ؛ سەد وشەست وپێنج ئایەتە ، (الأنعام) مانای حوشتر ومانگا ومەڕ وبزنە ، لەبەر ئەوەی هاوبەش بڕیاردەرە نەفامەکان ئاژەڵەکانیان دەکرد بە قوربانی بۆ بتەکانیان وئەو باسە بە درێژی لەم سورەتەدا هاتووە ئەو ناوەی لێنراوە ، بوخاری لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : ئەگەر پێت خۆشە نەفامی عەرەبت بۆ دەرکەوێت ئایەتەکانی سەرووی ئایەتی سەد وسی لە سورەتی (الأنعام) بخوێنەوە : ﴿قَدْ خَسِرَ ٱلَّذِينَ قَتَلُوٓاْ أَوْلَٰدَهُمْ سَفَهًۢا بِغَيْرِ عِلْمٍ﴾ هەتاکو ﴿وَمَا كَانُواْ مُهْتَدِينَ ١٤٠﴾(الأَنعَام) ؛ وئەم سورەتە یەکێکە لە حەوت سورەتە درێژەکەی قورئان ، ئەحمەد لە عائیشەی دایکی باوەڕدارانەوە رضي الله عنها ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەرکەس حەوت سورەتەکەی سەرەتا لەبەر بکات وکردەوەیان پێبکات ، یان بەردەوام بیانخوێنێتەوە ولێیان تێبگات وکردەوەیان پێبکات ئەو کەسە زانایە یان بەردەوام لە خێر وچاکەدایە ؛ وتەیالسی وتەحاوی وتەبەرانی لە واسلەی کوڕی ئەسقەعەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە ئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : حەوت سورەتە درێژەکەم پێبەخشراوە لە بری تەورات ، وسورەتە سەد ئایەتییەکانم پێبەخشراوە لە بری زەبور ،


الجزء السابع | سورة الأنعام
سُورَةُ الأَنعَامِ
بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ
ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ وَجَعَلَ ٱلظُّلُمَٰتِ
وَٱلنُّورَۖ ثُمَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِرَبِّهِمۡ يَعۡدِلُونَ ١ هُوَ ٱلَّذِي
خَلَقَكُم مِّن طِينٖ ثُمَّ قَضَىٰٓ أَجَلٗاۖ وَأَجَلٞ مُّسَمًّى عِندَهُۥۖ ثُمَّ أَنتُمۡ
تَمۡتَرُونَ ٢ وَهُوَ ٱللَّهُ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَفِي ٱلۡأَرۡضِ يَعۡلَمُ سِرَّكُمۡ
وَجَهۡرَكُمۡ وَيَعۡلَمُ مَا تَكۡسِبُونَ ٣ وَمَا تَأۡتِيهِم مِّنۡ ءَايَةٖ مِّنۡ
ءَايَٰتِ رَبِّهِمۡ إِلَّا كَانُواْ عَنۡهَا مُعۡرِضِينَ ٤ فَقَدۡ كَذَّبُواْ بِٱلۡحَقِّ
لَمَّا جَآءَهُمۡ فَسَوۡفَ يَأۡتِيهِمۡ أَنۢبَٰٓؤُاْ مَا كَانُواْ بِهِۦ يَسۡتَهۡزِءُونَ ٥
أَلَمۡ يَرَوۡاْ كَمۡ أَهۡلَكۡنَا مِن قَبۡلِهِم مِّن قَرۡنٖ مَّكَّنَّٰهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ
مَا لَمۡ نُمَكِّن لَّكُمۡ وَأَرۡسَلۡنَا ٱلسَّمَآءَ عَلَيۡهِم مِّدۡرَارٗا وَجَعَلۡنَا ٱلۡأَنۡهَٰرَ
تَجۡرِي مِن تَحۡتِهِمۡ فَأَهۡلَكۡنَٰهُم بِذُنُوبِهِمۡ وَأَنشَأۡنَا مِنۢ بَعۡدِهِمۡ قَرۡنًا
ءَاخَرِينَ ٦ وَلَوۡ نَزَّلۡنَا عَلَيۡكَ كِتَٰبٗا فِي قِرۡطَاسٖ فَلَمَسُوهُ بِأَيۡدِيهِمۡ
لَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِنۡ هَٰذَآ إِلَّا سِحۡرٞ مُّبِينٞ ٧ وَقَالُواْ لَوۡلَآ أُنزِلَ
عَلَيۡهِ مَلَكٞۖ وَلَوۡ أَنزَلۡنَا مَلَكٗا لَّقُضِيَ ٱلۡأَمۡرُ ثُمَّ لَا يُنظَرُونَ ٨
١٢٨

وسورەتی (الفاتحە)م پێبەخشراوە لە بری ئینجیل وفەزڵم دراوە بەسەر هەموویاندا بە سورەتە کورتەکان ؛ قورتبی دەڵێت : زانایان دەڵێن : ئەم سورەتە بنەمای مشتومڕ وساغ کردنەوەی بەڵگەیە بەسەر هاوبەش بڕیاردەران وموبتەدیع وئەوانەی باوەڕیان بە زیندووبوونەوە نییە ، ئەمەش وادەخوازێت هەمووی پێکەوە دابەزێت ، چونکە هەمووی بەڵگەیە لەسەر یەك مانا ئەگەرچی بە چەند دەربڕینێك گوزارشتی لێکراوە .

﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ بە ناوی خودای میهرەبانی بە بەزەیی .

﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ وَجَعَلَ ٱلظُّلُمَٰتِ وَٱلنُّورَۖ ثُمَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِرَبِّهِمۡ يَعۡدِلُونَ ١﴾ سوپاس وستایش بۆ خودا کە ئاسمانەکان وزەوی دروست کردووە ، وشەوی تاریك کردووە وڕۆژی ڕووناك کردووە ، کەچی بێباوەڕان هاوتا وهاوبەش بۆ پەروەردگاریان دادەنێن .

قورتبی دەڵێت : زانایان ناکۆکن لە لێکدانەوەی : ﴿ٱلظُّلُمَٰتِ وَٱلنُّورَۖ﴾ ، سودی وقەتادە وجمهوری ڕاڤەکاران دەڵێن : مەبەست تاریکی شەو وڕووناکی ڕۆژە ، حەسەنی

بەصری دەڵێت : مەبەستی کوفر وباوەڕە ؛ و﴿يَعۡدِلُونَ﴾ زانایان دوو لێکدانەوەیان بۆ کردووە ، یەکەم : لادان لە ڕێگای ڕاست وگومڕا بوون ، دووەم : هاوتا وهاوبەش بۆ خودا دانان ، ئەحمەد وترمزی لە عبداللەی کوڕی عەمرەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : خودا دروستکراوەکانی لە تاریکیدا دروست کرد ، پاشان لە ڕووناکی خۆی پێبەخشین ، هەرکەسێك لەو ڕووناکییەی بەرکەوتبێت هیدایەتی وەرگرتووە ، وهەرکەسێك بێبەش بوو‌بێت گومڕا دەبێت .

﴿هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن طِينٖ ثُمَّ قَضَىٰٓ أَجَلٗاۖ وَأَجَلٞ مُّسَمًّى عِندَهُۥۖ ثُمَّ أَنتُمۡ تَمۡتَرُونَ ٢﴾ خودایە کە لە قوڕ دروستی کردوون ، پاشان تەمەنی لە ژیانی دونیادا بۆ دیاری کردوون ، وکاتێکی بۆ بەرپابوونی قیامەت لای خۆی دیاری کردووە ، کەچی ئێوە هەر گومانتان هەیە ودوودڵن .

لەم ئایەتەدا خودا سبحانه وتعالى ئەو ڕاستیەمان بۆ باس دەکات کە باوکی مرۆڤایەتی ئادەم عليه السلام لە خۆڵ وقوڕ دروست کردووە پاشان مرۆڤەکان هەریەکە تەمەنیان دیاری کراوە ودەمرن ، وکاتی هاتنی ڕۆژی قیامەتی لای خۆی دیاری کردووە ، بەڵام مرۆڤ لەگەڵ بینینی ئەو ڕاستیانە هێشتا دڵنیایی تەواویان نییە بە زیندوو بوونەوە وبەرپابوونی قیامەت ، ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە کەس نازانێت کەی قیامەت بەرپا دەبێت ، مسلم فەرموودەیەکی درێژی لە عومەری کوڕی خەتابەوە رضي الله عنه ڕیوایەت کردووە کە بە فەرموودەکەی جبریل عليه السلام ناسراوە تێیدا هاتووە : جبریل عليه السلام پرسیاری کرد لە پێغەمبەری

خودا ﷺ : هەواڵم بدەرێ دەربارەی هاتنی قیامەت ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : پرسیار لێکراو "مەبەستی خۆیەتی" زانیاری زیاتر نییە لە پرسیارکار "مەبەستی جبریلە ﷺ" .

﴿وَهُوَ ٱللَّهُ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَفِي ٱلۡأَرۡضِ يَعۡلَمُ سِرَّكُمۡ وَجَهۡرَكُمۡ وَيَعۡلَمُ مَا تَكۡسِبُونَ ٣﴾ خودایە کە لە ئاسمانەکان وزەویدا پەنهان وئاشکراتان دەزانێت ودەزانێت چی کردەوەیەك ئەنجام دەدەن .

ئیبن کەسیر دەڵێت : ڕاڤەکاران ناکۆکن لە لێکدانەوەی ئەم ئایەتە ، وکۆدەنگن لەوەی کە جەهمییەکان هەڵەن کە دەڵێن : خودا لە هەموو شوێنێکە ! وئایەتەکەیان بەو شێوەیە مانا کردووە ، ئەوەی پەسەندترین بۆچوونە ئەوەیە : خودایە کە هەرچی لە ئاسمانەکان وزەویدا هەیە دەیپەرستن ولێی دەپاڕێنەوە بە ترس وویستەوە جگە لەوانەی کە بێباوەڕن لە جن ومرۆڤ ؛ وەك ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت : ﴿وَهُوَ ٱلَّذِي فِي ٱلسَّمَآءِ إِلَٰهٞ وَفِي ٱلۡأَرۡضِ إِلَٰهٞۚ ٨٤﴾(الزُّخْرُف) .

﴿وَمَا تَأۡتِيهِم مِّنۡ ءَايَةٖ مِّنۡ ءَايَٰتِ رَبِّهِمۡ إِلَّا كَانُواْ عَنۡهَا مُعۡرِضِينَ ٤﴾ هەر بەڵگە ونیشانەیەکیان بۆ بێت لە بەڵگە ونیشانەکانی پەروەردگاریان ئیللا حاشای لێدەکەن وپشت هەڵدەکەن .

ئەم ئایەتە بەڵگەی کەللەڕەقی بێباوەڕان دەردەخات کە چەندە بەڵگە ونیشانەیان پیشان بدرێت باوەڕ ناهێنن وبەردەوام دەبن لەسەر سەرکەشی وملهوڕی ، بوخاری ومسلم لە ئەبوهورەیرەوە ﷺ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هیچ پێغەمبەرێك نییە لە پێغەمبەران ئیللا ئەوەندە بەڵگە ونیشانەی پێدراوە کە هەموو مرۆڤ بە

هۆیەوە باوەڕ بهێنن ، وئەوەی بە من بەخشراوە سروشە کە خودا بۆی دابەزاندووم ، ئومێدەوارم من لە هەموو پێغەمبەران شوێنکەتووم زیاتر بێت .

﴿فَقَدْ كَذَّبُواْ بِٱلْحَقِّ لَمَّا جَآءَهُمْ فَسَوْفَ يَأْتِيهِمْ أَنۢبَـٰٓؤُاْ مَا كَانُواْ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ ۝٥﴾ کە ڕاستییان بۆ هات باوەڕیان پێ نەهێنا وبە درۆیان زانی ، لە دوارۆژدا هەواڵی ئەو شتانەیان پێ دەگات کە گاڵتەیان پێ دەکرد .

ئەو ڕاستییەی کە خودا ﷻ لە قورئاندا بۆ پێغەمبەرەکەی دابەزاندووە بێباوەڕانی قورەیش لەبەر کەللەڕەقی ولووت بەرزییان گاڵتەیان پێ دەکرد ، خودا هەڕەشەیان لێدەکات بەوەی کە سەرئەنجامی ئەو ملهوڕیەیان دەبینن وهەواڵی ئەوەیان پێدەگات کە لە دونیا گاڵتەیان پێ دەکرد .

﴿أَلَمْ يَرَوْاْ كَمْ أَهْلَكْنَا مِن قَبْلِهِم مِّن قَرْنٍ مَّكَّنَّـٰهُمْ فِى ٱلْأَرْضِ مَا لَمْ نُمَكِّن لَّكُمْ وَأَرْسَلْنَا ٱلسَّمَآءَ عَلَيْهِم مِّدْرَارًا وَجَعَلْنَا ٱلْأَنْهَـٰرَ تَجْرِى مِن تَحْتِهِمْ فَأَهْلَكْنَـٰهُم بِذُنُوبِهِمْ وَأَنشَأْنَا مِنۢ بَعْدِهِمْ قَرْنًا ءَاخَرِينَ ۝٦﴾ ئایا نەیان بینیوە یان نازانن کە چەند نەوەیەکمان پێش ئەوان قڕ کرد وتەفروتونامان کردن ، ئەو هێز ودەسەڵاتەش بەوانمان بەخشی بوو بە ئێوەمان نەبەخشیوە ، لە ئاسمانەوە بارانی بە خوڕ ولێزمەمان بۆ باراندن کە جۆگە وڕووباری ئاوی لێ پەیدابوو بە ژێر کۆشك وتەلار وباخەکانیان دەڕۆیشت ، بە هۆی تاوانەکانیانەوە لە ناومان بردن وتەفروتونامان کردن ، ودوای ئەوان نەوەیەکی ترمان دروستکرد وهێنامانە بوون .


ئیبن جەوزی دەڵێت : ﴿كَمۡ أَهۡلَكۡنَا مِن قَبۡلِهِم مِّن قَرۡنٍ﴾ قەڕن : خەڵکی سەردەمێکن هەموویان پێکەوە دەژین ، وڕاڤەکاران حەوت بۆچوونیان هەیە دەربارەی ماوەی قەڕن ، گوتراوە : چل ساڵ ، وهەشتا ساڵ ، وسەد ساڵ ، وسەد وبیست ساڵ ، وبیست ساڵ ، وحەفتا ساڵ ، وحەوتەمیان : قەڕن : خەڵکی سەردەمێکن کە پێغەمبەرێکی تێدابێت ، یان کۆمەڵێ لە زانایان ، ژمارەی ساڵەکانی زۆربن یان کەم ، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەی کە بوخاری ومسلم لە ئیبن مەسعودەوە ﵁ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت : باشترین خەڵك خەڵکی ئەم سەردەمەی منە ، پاشان ئەوانەی دوای ئەوان دێن ، پاشان ئەوانەی دوای ئەوان دێن .

﴿وَلَوۡ نَزَّلۡنَا عَلَيۡكَ كِتَٰبٗا فِي قِرۡطَاسٖ فَلَمَسُوهُ بِأَيۡدِيهِمۡ لَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِنۡ هَٰذَآ إِلَّا سِحۡرٞ مُّبِينٞ ٧﴾ ئەگەر نوسراوێکمان لەسەر کاغەزێك بۆت دابەزاندایە ودەستیان لێ بدایە ، ئەوانەی کە بێباوەڕن دەیانگوت ئەمە تەنها جادوویەکی ئاشکرایە .

حاکم لە ئیبن عەباسەوە ﵄ ڕیوایەتی کردووە وزەهەبی بە صەحیحی داناوە لەسەر مەرجی بوخاری ومسلم ، دەڵێت : ﴿ثُمَّ قَضَىٰٓ أَجَلٗاۖ وَأَجَلٞ مُّسَمًّى عِندَهُۥۖ﴾ ئەوە دوو کاتی دیاری کراوە ، کاتی ژیانی دونیا ، وکاتی بەرپابوونی قیامەت کەس زانیاری لە بارەوە نییە جگە لە خودا ، وئەوەی دەفەرموێت : ﴿وَلَوۡ نَزَّلۡنَا عَلَيۡكَ كِتَٰبٗا فِي قِرۡطَاسٖ فَلَمَسُوهُ بِأَيۡدِيهِمۡ﴾ مانای ئەوەیە ئەگەر دەستی لێ بدەن وبە چاویان ببینن باوەڕی پێناهێنن .

﴿وَقَالُواْ لَوۡلَآ أُنزِلَ عَلَيۡهِ مَلَكٞۖ وَلَوۡ أَنزَلۡنَا مَلَكٗا لَّقُضِيَ ٱلۡأَمۡرُ ثُمَّ لَا يُنظَرُونَ ﴿٨﴾﴾ ودەیانگوت بریا فریشتەیەكی بۆ دابەزیایە ئەگەر فریشتەمان دابەزاندایە كار لە كار دەترازا وپاشان مۆڵەت نەدەدران .

ئەمە پێشنیاریان نەبوو بۆ ئەوەی باوەڕ بهێنن بەڵكو ئەمە لەبەر كەللەڕەقییان بوو بۆ ئەوەی باوەڕ نەهێنن ، بۆیە ئەگەر فریشتە دابەزیایە لەگەڵ خۆیدا سزای بۆ دەهێنان وهیچ مۆڵەت نەدەدران بۆ ئەوەی باوەڕ بهێنن .


الجُزْءُ السَّابِعُ سُورَةُ الأَنْعَامِ
وَلَوْ جَعَلْنَٰهُ مَلَكًا لَّجَعَلْنَٰهُ رَجُلًا وَلَلَبَسْنَا عَلَيْهِم مَّا
يَلْبِسُونَ ٩ وَلَقَدِ ٱسْتُهْزِئَ بِرُسُلٍ مِّن قَبْلِكَ فَحَاقَ بِٱلَّذِينَ
سَخِرُوا۟ مِنْهُم مَّا كَانُوا۟ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ ١٠ قُلْ سِيرُوا۟
فِى ٱلْأَرْضِ ثُمَّ ٱنظُرُوا۟ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلْمُكَذِّبِينَ
١١ قُل لِّمَن مَّا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ قُل لِّلَّهِ كَتَبَ عَلَىٰ
نَفْسِهِ ٱلرَّحْمَةَ لَيَجْمَعَنَّكُمْ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ لَا رَيْبَ
فِيهِ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ فَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ ١٢ ۞ وَلَهُۥ
مَا سَكَنَ فِى ٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ١٣ قُلْ
أَغَيْرَ ٱللَّهِ أَتَّخِذُ وَلِيًّا فَاطِرِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَهُوَ
يُطْعِمُ وَلَا يُطْعَمُ قُلْ إِنِّىٓ أُمِرْتُ أَنْ أَكُونَ أَوَّلَ مَنْ أَسْلَمَ
وَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ١٤ قُلْ إِنِّىٓ أَخَافُ إِنْ عَصَيْتُ
رَبِّى عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ ١٥ مَّن يُصْرَفْ عَنْهُ يَوْمَئِذٍ فَقَدْ رَحِمَهُۥ
وَذَٰلِكَ ٱلْفَوْزُ ٱلْمُبِينُ ١٦ وَإِن يَمْسَسْكَ ٱللَّهُ بِضُرٍّ فَلَا كَاشِفَ
لَهُۥٓ إِلَّا هُوَ وَإِن يَمْسَسْكَ بِخَيْرٍ فَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ
١٧ وَهُوَ ٱلْقَاهِرُ فَوْقَ عِبَادِهِۦ وَهُوَ ٱلْحَكِيمُ ٱلْخَبِيرُ ١٨
١٢٩

﴿وَلَوۡ جَعَلۡنَٰهُ مَلَكٗا لَّجَعَلۡنَٰهُ رَجُلٗا وَلَلَبَسۡنَا عَلَيۡهِم مَّا يَلۡبِسُونَ ﴿٩﴾﴾ ئەگەر پێغەمبەرەكەمان فریشتە بووایە لەسەر شێوەی پیاوێك ڕەوانەمان دەكرد ، دیسان لێمان دەشێواندن وتووشی گومانمان دەكردن وەك چۆن لە خۆیان شێواند وخۆیان تووشی گومان كرد.

ئیبن قەیم دەڵێت : ئەگەر ئەو فریشتەیە لەسەر شێوازی پیاوێك بێت ، تووشی گومان دەبن ئایا پیاوە یان فریشتە ؟ خودا دەفەرموێت : ﴿وَلَوۡ جَعَلۡنَٰهُ مَلَكٗا لَّجَعَلۡنَٰهُ رَجُلٗا وَلَلَبَسۡنَا عَلَيۡهِم﴾ لەو حاڵەشدا ﴿مَّا يَلۡبِسُونَ﴾ تووشی گومان دەبن ئەگەر فریشتەیان لەسەر شێوازی مرۆڤ بۆ ڕەوانە بكرێت وبیبینن ، دەڵێن : ئەمە مرۆڤە وفریشتە نییە ؛

وتەبەری دەڵێت : هاوبەش بڕیاردەرانن دەڵێن : بۆچی فریشتەیەك لە ئاسمانەوە بۆ محمد ﷺ دانەبەزێنراوە ، وگەواهی ڕاستی بۆ بدات وفەرمانی بە شوێنکەوتنی بکات ؟ ، ﴿لَّجَعَلۡنَٰهُ رَجُلٗا﴾ لەسەر شێوەی پیاوێك ڕەوانەمان دەکرد ، چونکە ناتوانن فریشتە ببینن لەسەر شێوازی خۆی ، ئەگەر بەو شێوەیەش بێت ، ئەگەر فریشتەیان بۆ ڕەوانە بکرێت یان مرۆڤ جیاوازی نابێت .

﴿وَلَقَدِ ٱسۡتُهۡزِئَ بِرُسُلٖ مِّن قَبۡلِكَ فَحَاقَ بِٱلَّذِينَ سَخِرُواْ مِنۡهُم مَّا كَانُواْ بِهِۦ يَسۡتَهۡزِءُونَ ١٠﴾ بێگومان سوکایەتی وگاڵتە بە زۆرێك لە پێغەمبەرانی پێش تۆ کراوە ، ئەو کەسانەی گاڵتەیان بە پێغەمبەران دەکرد سزادران لە پاداشتی ئەو گاڵتەکردن وسوکایەتی کردنەیان .

ئەم ئایەتە بۆ دڵدانەوەی پێغەمبەری خودایە ﷺ ، کە قورەیشی خزمی بانگەوازەکەیان قەبوڵ نەکردووە ودژایەتیان کرد وگاڵتەیان پێ کرد ، وئازاری هاوەڵانیاندا وناڕەحەتیان کردن وناچاریان کردن شار وولاتی خۆیان بەجێ بهێڵن ، بەوەی ئەو کردەوە خراپ وناڕەوایە بەرامبەر زۆرێك لە پێغەمبەران کراوە ، بەڵام سەرئەنجام خودا دوژمنانی پێغەمبەرانی ڕیسوا کردووە وسزای داون ، بەو شێوەیەش دوژمنانی تۆ سزا دەدات وڕیسوایان دەکات وئاینەکەت سەر دەخات .

﴿قُلۡ سِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ ثُمَّ ٱنظُرُواْ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلۡمُكَذِّبِينَ ١١﴾ بڵێ : بڕۆن بەسەر زەویدا گەشت بکەن وبگەڕێن وبە چاوی خۆتان ببینن کە چارەنووسی ئەوانەی ئایەتەکانی خودا وپێغەمبەرانیان بە ڕاست نەزانیوە چی بووە .

﴿قُل لِّمَن مَّا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِۖ قُل لِّلَّهِۚ كَتَبَ عَلَىٰ نَفْسِهِ ٱلرَّحْمَةَۚ لَيَجْمَعَنَّكُمْ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ لَا رَيْبَ فِيهِۚ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ فَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿١٢﴾﴾ بڵێ : موڵکی کێیە هەموو ئەوەی لە ئاسمانەکان وزەویدا هەیە ؟ بڵێ : موڵکی خودایە ، لەسەر نەفسی خۆی بەزەیی پێویست کردووە ، بە دڵنیاییەوە کۆتان دەکاتەوە لە ڕۆژی قیامەتدا کە هیچ گومانی تێدا نییە ، ئەو کەسانەی خۆیان دۆڕاندووە وزیانمەندن باوەڕ ناهێنن .

ئەم ڕەحمەتەی کە لەم ئایەتەدا باس کراوە سیفەتی پەروەردگارە ، بەڵام ئەو ڕەحمەتەی کە سەد بەشە وبەشێکی لە دونیادا داناوە دروستکراوە ، **تەبەری** دەڵێت : ﴿ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ﴾ ئەو کەسانەی بت وپەیکەرەکانیان کردە هاوتای خودا ودەیانپەرست ، نەفسی خۆیان بە هیلاکدا برد بەوەی هاوتا وهاوبەشیان بۆ خودا بڕیاردا ، خودا لێیان تووڕە بوو وسزای زۆر سەختیان دەدات لە قیامەتدا ؛ مسلم لە سەلمانی فارسییەوە ﵁ ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : بێگومان خودا ﷻ ئەو ڕۆژەی ئاسمانەکان وزەوی دروست کرد سەد ڕەحمەتیشی دروست کرد ، هەریەکە لەو ڕەحمەتانە لێوان لێوی ئاسمان وزەوییە ، یەکێك لەو ڕەحمەتانەی ناردووەتە سەر زەوی ، بە هۆی ئەو بەزەییەوە دایك سۆزی بۆ منداڵەکەی هەیە ، وئاژەڵی کێوی وباڵندە بەزەییان بە یەکتردا دێتەوە ، ئەگەر ڕۆژی قیامەت هات ، بە هەر **هەموو سەد بەزەییەکەی** ڕەحم بە بەندەکانی دەکات ؛ وبوخاری ومسلم لە ئەبوهرەیرەوە ﵁ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : خودا کاتێك دروست کراوەکانی دروست کرد ، نوسراوێکی لای خۆی نوسی لەسەر عەرشەوە ، بێگومان ڕەحمەتم پێش تووڕە بوونم کەوتووە.

﴿۞ وَلَهُۥ مَا سَكَنَ فِي ٱلَّيۡلِ وَٱلنَّهَارِۚ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ ١٣﴾ هەموو ئەوەی ئۆقرەی گرتووە لە شەو ورۆژدا موڵکی خودایە ، وخودایە کە بیسەر وبینایە .

﴿قُلۡ أَغَيۡرَ ٱللَّهِ أَتَّخِذُ وَلِيّٗا فَاطِرِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَهُوَ يُطۡعِمُ وَلَا يُطۡعَمُۗ قُلۡ إِنِّيٓ أُمِرۡتُ أَنۡ أَكُونَ أَوَّلَ مَنۡ أَسۡلَمَۖ وَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ١٤﴾ بڵێ : ئایا جگە لە **خودا بە خۆشەویست وپشتیوان هەڵبژێرم ؟** کە بەدیهێنەری ئاسمانەکان وزەوییە ، ڕۆزی دروستکراوەکانی دەدات وپێویستی بە ڕۆزییان نییە ، بڵێ : من فەرمانم پێکراوە پێش هەمووان ملکەچبم وموسڵمانبم ، ولەو کەسانە نەبم کە هاوبەش بۆ خودا دادەنێن .


نەسائی لە (الکبری) وئیبن حبان لە ئەبوهرەیرەوە ﷺ ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پیاوێك لە پشتیوانان دەعوەتی پێغەمبەری خودای کرد ﷺ ، ئێمەش لەگەڵی ڕۆیشتین ، کاتێك کە نانی خوارد ودەستی شۆرد ، فەرمووی : سوپاس وستایش بۆ خودا کە ڕۆزی دروستکراوەکانی دەدات وپێویستی بە ڕۆزییان نییە ، ومننەتی بەسەردا کردووین کە هیدایەتی داوین وڕۆزیمان دەدات وخواردن وخواردنەوەمان پێ دەبەخشێت .

﴿قُلۡ إِنِّيٓ أَخَافُ إِنۡ عَصَيۡتُ رَبِّي عَذَابَ يَوۡمٍ عَظِيمٖ ١٥﴾ بڵێ : بێگومان من **دەترسم ئەگەر** سەرپێچی فەرمانەکانی پەروەردگارم بکەم لە سزای ڕۆژێکی گەورە وسەخت ودژوار.

﴿مَّن يُصۡرَفۡ عَنۡهُ يَوۡمَئِذٖ فَقَدۡ رَحِمَهُۥۚ وَذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡمُبِينُ ١٦﴾ هەرکەسێك خودا لەو ڕۆژە لە سزا لای بدات ، بێگومان ڕەحمی پێکردووە وبەر بەزەیی خۆی خستووە ، کە ئەوەش بردنەوەی ئاشکرایە .

﴿وَإِن يَمۡسَسۡكَ ٱللَّهُ بِضُرّٖ فَلَا كَاشِفَ لَهُۥٓ إِلَّا هُوَۖ وَإِن يَمۡسَسۡكَ بِخَيۡرٖ فَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ١٧﴾ ئەگەر خودا تووشی زیانێکت بکات کەس نییە لەسەرتی لابدات جگە لە خۆی ، وئەگەر تووشی خێر وچاکەیەکت بکات ، هەر خودایە کە توانا ودەسەڵاتی هەیە بەسەر هەموو شتێکدا .

ئەم ئایەتە ئەوەی تێدایە کە موسڵمان بۆ هەموو ئومێد وهیواکانی پشت بە خودا ﷻ ببەستێت وبێ نیاز بێت لە هەموو دروستکراوەکان ، چونکە هەموو بەڵا ونەخۆشی وزیان وهەژارییەك خودا ﷻ دەتوانێ لەسەر بەندەکانی لای بدات ، ودەسەڵاتی هەیە کە هەموو خێر وخۆشییەکی بۆ بهێنێت ، کەس ناتوانێت ڕێگری لە خێر وچاکەیەك بکات کە خودا بیەوێت تووشی هەرکەسێکی بکات ، بوخاری ومسلم لە موغیرەی کوڕی شوعبەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : پەروەردگارا ئەوەی تۆ دەیبەخشیت کەس ناتوانێت ڕێگری لێ بکات ، وئەوەی تۆ نەیبەخشیت کەس نییە بیبەخشێت ، وهیچ دەوڵەمەندێك دەوڵەمەندییەکەی ناتوانێت لە تۆ بێ نیاز وبێ پێویستی بکات ؛ **ئەحمەد وترمزی لە ئیبن عەباسەوە** رضي الله عنهما **ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : ڕۆژێك لە پشتی پێغەمبەری خوداوە ﷺ سواربووم ، فەرمووی : ئەی لاو سنورەکانی خودا بپارێزە خودا دەتپارێزێت ، سنورەکانی خودا بپارێزە خودا پشتیوان ویارمەتیدەرت دەبێت ، لە کاتی خۆشیدا خودا بپەرستە خودا لە تەنگانەدا بە هاناتەوە دێت ، ئەگەر داوات کرد تەنها داوا لە خودا بکە ، وتەنها پشت بە خودا ببەستە ، وبزانە ئەگەر هەموو خەڵك کۆ ببنەوە بۆ ئەوەی سودێکت پێ بگەیەنن ، ناتوانن هیچ سودێکت پێ بگەیەنن ، سودێك نەبێت کە خودا بۆی نوسیبێت ، وئەگەر هەموویان کۆ ببنەوە بۆ**


الجزء السابع　　سورة الأنعام

قُلْ أَيُّ شَيْءٍ أَكْبَرُ شَهَٰدَةً ۖ قُلِ ٱللَّهُ ۖ شَهِيدٌۢ بَيْنِى وَبَيْنَكُمْ ۚ وَأُوحِىَ إِلَىَّ هَٰذَا
ٱلْقُرْءَانُ لِأُنذِرَكُم بِهِۦ وَمَنۢ بَلَغَ ۚ أَئِنَّكُمْ لَتَشْهَدُونَ أَنَّ مَعَ ٱللَّهِ ءَالِهَةً
أُخْرَىٰ ۚ قُل لَّآ أَشْهَدُ ۚ قُلْ إِنَّمَا هُوَ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ وَإِنَّنِى بَرِىٓءٌ مِّمَّا تُشْرِكُونَ
١٩ ٱلَّذِينَ ءَاتَيْنَٰهُمُ ٱلْكِتَٰبَ يَعْرِفُونَهُۥ كَمَا يَعْرِفُونَ أَبْنَآءَهُمُ ۘ ٱلَّذِينَ
خَسِرُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ فَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ ٢٠ وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى
ٱللَّهِ كَذِبًا أَوْ كَذَّبَ بِـَٔايَٰتِهِۦٓ ۗ إِنَّهُۥ لَا يُفْلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ ٢١ وَيَوْمَ نَحْشُرُهُمْ
جَمِيعًا ثُمَّ نَقُولُ لِلَّذِينَ أَشْرَكُوٓا۟ أَيْنَ شُرَكَآؤُكُمُ ٱلَّذِينَ كُنتُمْ تَزْعُمُونَ ٢٢
ثُمَّ لَمْ تَكُن فِتْنَتُهُمْ إِلَّآ أَن قَالُوا۟ وَٱللَّهِ رَبِّنَا مَا كُنَّا مُشْرِكِينَ ٢٣
ٱنظُرْ كَيْفَ كَذَبُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ ۚ وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَفْتَرُونَ ٢٤
وَمِنْهُم مَّن يَسْتَمِعُ إِلَيْكَ ۖ وَجَعَلْنَا عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ أَكِنَّةً أَن يَفْقَهُوهُ
وَفِىٓ ءَاذَانِهِمْ وَقْرًا ۚ وَإِن يَرَوْا۟ كُلَّ ءَايَةٍ لَّا يُؤْمِنُوا۟ بِهَا ۚ حَتَّىٰٓ إِذَا
جَآءُوكَ يُجَٰدِلُونَكَ يَقُولُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ إِنْ هَٰذَآ إِلَّآ أَسَٰطِيرُ
ٱلْأَوَّلِينَ ٢٥ وَهُمْ يَنْهَوْنَ عَنْهُ وَيَنْـَٔوْنَ عَنْهُ ۖ وَإِن يُهْلِكُونَ إِلَّآ
أَنفُسَهُمْ وَمَا يَشْعُرُونَ ٢٦ وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذْ وُقِفُوا۟ عَلَى ٱلنَّارِ فَقَالُوا۟
يَٰلَيْتَنَا نُرَدُّ وَلَا نُكَذِّبَ بِـَٔايَٰتِ رَبِّنَا وَنَكُونَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ٢٧

١٣٠

ئەوەی زیانێکت پێ بگەیەنن ناتوانن زیانت پێ بگەیەنن ، شتێك نەبێت کە خودا لەسەرتی نوسیبێت .

﴿وَهُوَ ٱلْقَاهِرُ فَوْقَ عِبَادِهِۦ ۚ وَهُوَ ٱلْحَكِيمُ ٱلْخَبِيرُ ۝١٨﴾ خودایە باڵا دەست ودەسەڵاتدارە بەسەر هەموو بەندەکانییەوە ، وهەموویان ملکەچ وزەبوونی فەرمانەکانین ، وخودایە دانای کارلەجێی شارەزا .

﴿قُلْ أَيُّ شَيْءٍ أَكْبَرُ شَهَٰدَةً ۖ قُلِ ٱللَّهُ ۖ شَهِيدٌۢ بَيْنِى وَبَيْنَكُمْ ۚ وَأُوحِىَ إِلَىَّ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانُ لِأُنذِرَكُم بِهِۦ وَمَنۢ بَلَغَ ۚ أَئِنَّكُمْ لَتَشْهَدُونَ أَنَّ مَعَ ٱللَّهِ ءَالِهَةً أُخْرَىٰ ۚ قُل لَّآ أَشْهَدُ ۚ قُلْ إِنَّمَا هُوَ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ وَإِنَّنِى بَرِىٓءٌ مِّمَّا تُشْرِكُونَ ۝١٩﴾ بڵێ : شایەتیدانی کێ لە شایەتی هەمووان گەورە وگرنگترە ؟ بڵێ : شایەتیدانی خودا لە هەموو شایەتیدانەکانی تر گەورەترە ، با خودا شایەت بێت لە نێوان من وئێوەدا ، وئەم قورئانەم بە سروش بۆ هاتووە بۆ ئەوەی ئێوە وهەرکەسێك کە پێی دەگات بیترسێنم لە سزای خودا ، ئایا ئێوە شایەتی دەدەن کە لەگەڵ خودادا پەرستراوی تر هەیە ؟! بڵێ : من ئەو شایەتییە نادەم ، بڵێ : بێگومان تەنها یەك پەرستراوی حەق هەیە کە خودایە ، ومن بەریم لە هەموو ئەو شتانەی دەیانکەن بە هاوبەش وهاوتای خودا .

ئەم ئایەتە ئەگەرچی ڕووی گوتاری لە پێغەمبەری خودایە ﷺ بەڵام بۆ هەموو موسڵمانانە وەك هەموو فەرمانەكانی تری ئاین جگە لەوەی بە بەڵگە تایبەت دەكرێت بە پێغەمبەری خوداوە ﷺ ، بوخاری لە عبداللەی كوڕی عەمرەوە ﵄ ڕیوایەتی كردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرمووێت : بیگەیەنن لە منەوە ئەگەر ئایەتێكیش بێت ؛ موقاتل دەڵێت : هەركەسێك قورئانی پێبگات لە جن ومرۆڤ ئەوە ترسێنەرە بۆی وئاگادار كراوەتەوە ، ومحمدی كوڕی كەعبی قورەزی دەڵێت : ئەو كەسەی قورئانی پێبگات وەك ئەوەیە محمدی ﷺ ببینێت ولێی ببیستێت ؛ وترمزی لە ئیبن مەسعودەوە ﵁ ڕیوایەتی كردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت : ڕووسپێتی بۆ ئەو بەندەیەی فەرموودەی من دەبیستێت ، ولەبەری دەكات وتێی دەگات ودەیگەیەنێت ، لەوانەیە كەسێك زانستی پێی بێت بەڵام تێی نەگات ، ولەوانەیە كەسێك هەبێت زانست بگەیەنێت بەكەسێك كە لە خۆی شارەزاتربێت ؛ ئیبن عوسەیمین دەڵێت : لە سودەكانی ئەم ئایەتە ئەوەیە كە قورئانی پیرۆز بەسە بۆ ترساندنی خەڵك لەبەر ئەوەی دەفەرموێت : ﴿لِأُنذِرَكُم بِهِۦ﴾ ، هەركەسێك ئامۆژگاری لە قورئانەوە وەرنەگرێت ، خودا ڕێنمایی ناكات ، خودا دەفەرموێت : ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ قَدْ جَآءَتْكُم مَّوْعِظَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَشِفَآءٌ لِّمَا فِى ٱلصُّدُورِ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ ۝٥٧﴾(يُونُس) ، وهەروەها هەركەسێك قورئانی پێبگات بەڵگەی بەسەردا ساغ بووەتەوە ، لەبەر ئەوەی دەفەرموێت : ﴿لِأُنذِرَكُم بِهِۦ وَمَنۢ بَلَغَ﴾ ، بەڵام ئایا ئەگەر كەسێك قورئانی پێبگات وزمانی عەرەبی نەزانێت دەگوترێت : بەڵگەی بەسەردا ساغ بووەتەوە ؟ نەخێر ، بەڵگەش ئەو ئایەتەیە كە خودا دەفەرموێت : ﴿وَمَآ أَرْسَلْنَا مِن رَّسُولٍ إِلَّا بِلِسَانِ قَوْمِهِۦ لِيُبَيِّنَ لَهُمْ ۝٤﴾(إِبْرَاهِيم)

، وهەروەها پێویستە لەسەر زانایانی موسڵمانان قورئان بگەیەنن بە هەموو کەسێك ، چونکە میراتگری پێغەمبەرانن ، بەڵام کەسێك زمانی عەرەبی نەزانێت مانای قورئانی بۆ باس دەکرێت ، پاشان قورئانی پێ دەدرێت بە زمانی عەرەبی بیخوێنێتەوە ، وئەگەر قورئان بگات بە کەسانێك کە عەرەبی دەزانن بەڵام لەگەڵ کۆمەڵێك پێشەوای سەرلێشواو وگومڕادا ژیابن ، وهیچ نەزانن ، چونکە ئەو پێشەوا گومڕاکارانە ئاینیان بە شێواوی پێگەیاندوون ، ئایا ئەو جۆرە کەسانە بیانوویان هەیە یان نا ؟ ئەوەی بۆچوونی منە بیانوویان هەیە ، بەڵام پێویستە لەسەریان کاتێك ئاگادار کرانەوە بە دوای حەق وڕاستیدا بگەڕێن ، ئەگەر پێداگر بوون دوای ئاگادارکردنەوەیان ، وگوتیان : ﴿إِنَّا وَجَدۡنَآ ءَابَآءَنَا عَلَىٰٓ أُمَّةٖ ٢٢﴾(الزُّخۡرُف) ، ئەوە بێباوەڕن ، ئەمە ئەو بۆچوونەیە کە بەڵگەکان کۆ دەکاتەوە ، وئەمە بۆ کەسانێکە کە لەسەر نەفامی بەردەوامن وئاگادار نەکرابێتنەوە وڕاستییان بۆ ڕوون نەکرابێتەوە ئەوکاتە بیانوویان هەیە ، بەڵام کەسێك موسڵمان نەبێت وشوێن پێشەوای گومڕا بکەوێت ، وبزانێت کە موسڵمان نین وەك گاور وجوولەکە بۆ نموونە ، ئەوانە بێباوەڕییان ئاشکرایە وهەتا خۆشیان دەزانن لە بێباوەڕانن وخۆیان نادەنە پاڵ ئیسلام.

﴿ٱلَّذِينَ ءَاتَيۡنَٰهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ يَعۡرِفُونَهُۥ كَمَا يَعۡرِفُونَ أَبۡنَآءَهُمُ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ فَهُمۡ لَا يُؤۡمِنُونَ ٢٠﴾ ئەوانەی کتێبمان پێبەخشیون پێغەمبەری خودا ﷺ دەناسنەوە وەك چۆن کوڕەکانیان دەناسنەوە ، ئەو کەسانەی خۆیان دۆڕاندووە وزیانمەندن باوەڕ ناهێنن .

﴿يَعۡرِفُونَهُۥ﴾ چەند لێکدانەوەیەکی بۆ کراوە : مەبەستی ناسینی پێغەمبەری خودایە ﷺ ، یان یەکتاپەرستی دەزانن بەڵام هاوبەش بڕیاردەدەن ، یان ئەو حەق وڕاستییە دەزانن کە قورئان پێی هاتووە ، ئەو مانایانە هەموو نزیکە لەیەکەوە .

﴿وَمَنۡ أَظۡلَمُ مِمَّنِ ٱفۡتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا أَوۡ كَذَّبَ بِـَٔايَٰتِهِۦٓۚ إِنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٢١﴾﴾ کێ لەو کەسە ستەمکارترە کە درۆ بە ناوی خوداوە بکات یان ئایەتەکانی بە درۆ بزانێت ؟! ، بێگومان ئەو کەسانەی ستەمکارن ، وسەرفراز وسەرکەوتوو نابن .

﴿وَيَوۡمَ نَحۡشُرُهُمۡ جَمِيعًا ثُمَّ نَقُولُ لِلَّذِينَ أَشۡرَكُوٓاْ أَيۡنَ شُرَكَآؤُكُمُ ٱلَّذِينَ كُنتُمۡ تَزۡعُمُونَ ﴿٢٢﴾﴾ ڕۆژێك هەموویان کۆ دەکەینەوە ، پاشان بەو کەسانەی کە هاوبەشیان بۆ خودا بڕیاردا بوو دەڵێین : کوان ئەوانەی بە درۆ کردبووتانە هاوتای خودا .

﴿ثُمَّ لَمۡ تَكُن فِتۡنَتُهُمۡ إِلَّآ أَن قَالُواْ وَٱللَّهِ رَبِّنَا مَا كُنَّا مُشۡرِكِينَ ﴿٢٣﴾﴾ دوای ئەوەی تاقی دەکرێنەوە وپرسیاریان لێ دەکرێت هیچ بیانوویەکیان نییە جگە لەوەی کە دەڵێن : سوێند بە خودا ئێمە هاوبەشمان بۆ خودا بڕیار نەداوە .

﴿ٱنظُرۡ كَيۡفَ كَذَبُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡۚ وَضَلَّ عَنۡهُم مَّا كَانُواْ يَفۡتَرُونَ ﴿٢٤﴾﴾ بڕوانە چۆن خۆیان بە درۆ دەخەنەوە ! ، وهەموو ئەوەی بە درۆ لە دونیا کردیانە هاوبەشی خودا وچاوەڕوانی یارمەتییان بوون هەمووی لێیان ون بوو وتیاچوون .

﴿وَمِنْهُم مَّن يَسْتَمِعُ إِلَيْكَ ۖ وَجَعَلْنَا عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ أَكِنَّةً أَن يَفْقَهُوهُ وَفِي آذَانِهِمْ وَقْرًا ۚ وَإِن يَرَوْا كُلَّ آيَةٍ لَّا يُؤْمِنُوا بِهَا ۚ حَتَّىٰ إِذَا جَاءُوكَ يُجَادِلُونَكَ يَقُولُ الَّذِينَ كَفَرُوا إِنْ هَٰذَا إِلَّا أَسَاطِيرُ الْأَوَّلِينَ ﴿٢٥﴾﴾ وهەندێکیان گوێت بۆ دەگرن ، بەڵام ئێمە پەردەیەکمان هێناوە بەسەر دڵیاندا ئەوەی بانگەوازیان دەکەیت بۆ یەکتاپەرستی تێیناگەن وگوێمان قورس وکەڕ کردوون لە ئاست بیستنی حەق ، وئەگەر هەموو بەڵگە ونیشانەیەکیش بە چاو ببینن باوەڕی پێ ناهێنن ، هەتا کاتێکیش بێن بۆ لات دەمەدەم ومشتومڕت لەگەڵدا دەکەن ، ئەوانەی بێباوەڕن دەڵێن : ئەمەی محمد باسی دەکات چیرۆك وسەرگوزەشتەی پێشینەکانە ولە خوداوە بۆی نەهاتووە .


تەبەری وئبن ئەبوحاتەم لە قەتادەوە ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : ﴿وَجَعَلْنَا عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ أَكِنَّةً أَن يَفْقَهُوهُ وَفِي آذَانِهِمْ وَقْرًا ۚ﴾ بە گوێکانیان دەبیستن ، بەڵام هیچ لێی تێناگەن ، وەك ئاژەڵ کە بانگ بکرێت دەبیستێت ، بەڵام نازانێ چی پێی دەگوترێت ؛ ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە ئەو کەسەی حەقی بۆ باس بکرێت گوێی بۆ نەگرێت یان گوێ بگرێت ولای لێنەکاتەوە ، وکردەوەی پێنەکات وەك ئەو کەسەیە کە دڵی مردووە وگوێکانی کەڕن ، وئەوەی سودیان پێ دەگەیەنێت نایبیستن وتێی ناگەن ، وئەوانەی کە بێباوەڕ وپوچەڵکار ولاڕێ وموبتەدیعن هەرکات ئەوەی کە دەیکەن بە بەڵگە وپووچەڵ کرایەوە وهیچیان بە دەستەوە نەما دەست دەکەن بە دەمەدەم ومشتومڕ وکەللە ڕەقی دەکەن وخۆیان دەدزنەوە وحەقخوازان تۆمەتبار دەکەن بە هەندێك تۆمەتی ناڕەوا وبێ بنەما ، ئەوە خووی هەموو بێباوەڕ وخراپەکارانە لە هەموو سەردەمەکان ، هەموو بێباوەڕ وخراپەکار ولاڕێکان تانە وتەشەر لە حەقخوازان دەدەن ، وهەرجارە بە گوێرەی

دڵخوازی ئەو گومڕاییەی کە ناو وناتۆرەکە دادەهێنێت ودەیداتە پاڵ ئەهلی سوننەت وسەلەفییەکان ، بۆ نموونە : حەنبەلییەکان ، وەهابییەکان ، جامییەکان ، ئێستاش بۆ بەرتەسك کردنەوەی بانگەوازی حەق وبە بچووك وناشیرین پیشاندانی ، هەموو گومڕا ولارێکان بەو کەسانەی بەڕاستی دەستیان بە سوننەتەوە گرتووە وئامادەنین سازش لەسەر مەنهەجەکەیان بکەن پێیان دەڵێن : مەدخەلی ؟! ، ئەوەش تەنها لەبەر ئەوەی ئەو زانایە دژایەتی پارچە پارچە کردنی موسڵمانان دەکات وبە گژ هەموو پووچەڵی ونارەوایی ولارێییەکانیان چووەتەوە ، **سەر گەورە گومڕاکانیانی** بە موسڵمانان ناساندووە وئاگاداری کردوونەتەوە لە حیزبایەتی وبیدعە وداهێنراوەکان کە بە ناوی ئیسلامەوە دەکرێت .

﴿وَهُمْ يَنْهَوْنَ عَنْهُ وَيَنْـَٔوْنَ عَنْهُۖ وَإِن يُهْلِكُونَ إِلَّآ أَنفُسَهُمْ وَمَا يَشْعُرُونَ ٢٦﴾ ئەو بێباوەڕانە یاساغی لە خەڵك دەکەن لە پێغەمبەری خودا نزیك ببنەوە وباوەڕی پێ بهێنن ، وخۆیشیان دووری لێ دەگرن ، بەو کردەوەیان خۆیان بە هیلاکدا دەبەن بەڵام هەستی پێناکەن .

تەبەری وئیبن ئەبوحاتەم و**حاکم** لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە وزەهەبی بە صەحیحی داناوە دەڵێت : ئەو ئایەتەی کە خودا دەفەرمویت : ﴿وَهُمْ يَنْهَوْنَ عَنْهُ وَيَنْـَٔوْنَ عَنْهُۖ﴾ دەربارەی ئەبوتالب دابەزیوە ، ڕێگری دەکرد لەوەی هاوبەش بڕیاردەران ئازاری پێغەمبەری خودا ﷺ بدەن وزیانی پێ بگەیەنن ، وخۆیشی شوێنی ئەو ئاینە نەدەکەوت کە پێغەمبەری خودا ﷺ لە لایەن خوداوە هێنا بووی .

﴿وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذْ وُقِفُواْ عَلَى ٱلنَّارِ فَقَالُواْ يَٰلَيْتَنَا نُرَدُّ وَلَا نُكَذِّبَ بِـَٔايَٰتِ رَبِّنَا وَنَكُونَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ٢٧﴾ وئەگەر ئەو بێباوەڕانە ببینی کە لە ئاگری دۆزەخدا ڕاگیراون ، دەڵێن


الجزء السابع　　سورة الأنعام

بَلْ بَدَا لَهُم مَّا كَانُوا يُخْفُونَ مِن قَبْلُ وَلَوْ رُدُّوا لَعَادُوا لِمَا نُهُوا عَنْهُ
وَإِنَّهُمْ لَكَٰذِبُونَ ﴿٢٨﴾ وَقَالُوا إِنْ هِيَ إِلَّا حَيَاتُنَا الدُّنْيَا وَمَا نَحْنُ
بِمَبْعُوثِينَ ﴿٢٩﴾ وَلَوْ تَرَىٰ إِذْ وُقِفُوا عَلَىٰ رَبِّهِمْ قَالَ أَلَيْسَ هَٰذَا
بِالْحَقِّ قَالُوا بَلَىٰ وَرَبِّنَا قَالَ فَذُوقُوا الْعَذَابَ بِمَا كُنتُمْ تَكْفُرُونَ
﴿٣٠﴾ قَدْ خَسِرَ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِلِقَاءِ اللَّهِ حَتَّىٰ إِذَا جَاءَتْهُمُ السَّاعَةُ
بَغْتَةً قَالُوا يَٰحَسْرَتَنَا عَلَىٰ مَا فَرَّطْنَا فِيهَا وَهُمْ يَحْمِلُونَ أَوْزَارَهُمْ
عَلَىٰ ظُهُورِهِمْ أَلَا سَاءَ مَا يَزِرُونَ ﴿٣١﴾ وَمَا الْحَيَوٰةُ الدُّنْيَا
إِلَّا لَعِبٌ وَلَهْوٌ وَلَلدَّارُ الْآخِرَةُ خَيْرٌ لِّلَّذِينَ يَتَّقُونَ أَفَلَا تَعْقِلُونَ
﴿٣٢﴾ قَدْ نَعْلَمُ إِنَّهُ لَيَحْزُنُكَ الَّذِي يَقُولُونَ فَإِنَّهُمْ لَا يُكَذِّبُونَكَ
وَلَٰكِنَّ الظَّٰلِمِينَ بِـَٔايَٰتِ اللَّهِ يَجْحَدُونَ ﴿٣٣﴾ وَلَقَدْ كُذِّبَتْ
رُسُلٌ مِّن قَبْلِكَ فَصَبَرُوا عَلَىٰ مَا كُذِّبُوا وَأُوذُوا حَتَّىٰ أَتَىٰهُمْ
نَصْرُنَا وَلَا مُبَدِّلَ لِكَلِمَٰتِ اللَّهِ وَلَقَدْ جَاءَكَ مِن نَّبَإِي الْمُرْسَلِينَ
﴿٣٤﴾ وَإِن كَانَ كَبُرَ عَلَيْكَ إِعْرَاضُهُمْ فَإِنِ اسْتَطَعْتَ أَن تَبْتَغِيَ
نَفَقًا فِي الْأَرْضِ أَوْ سُلَّمًا فِي السَّمَاءِ فَتَأْتِيَهُم بِـَٔايَةٍ وَلَوْ شَاءَ
اللَّهُ لَجَمَعَهُمْ عَلَى الْهُدَىٰ فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ الْجَٰهِلِينَ ﴿٣٥﴾

١٣١

: خۆزگە بگەڕێینەوە ژیانی دونیا وئایەتەکانی پەروەردگارمان بە درۆ نەزانین ، ولەگەڵ باوەڕداران باوەڕ بهێنین .

ڕاڤەکاران چەند لێکدانەوەیەکیان بۆ : ﴿وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذْ وُقِفُواْ عَلَى ٱلنَّارِ﴾ کردووە : بێباوەڕان لە ئاگردا ئەو خۆزگەیە دەخوازن ، یان لە کەناری دۆزەخ ڕادەگیرێن پێش ئەوەی فڕێ بدرێنە نێو ئاگری دۆزەخەوە ، یان لەسەر پردی (صراط) کە خوارەوەیان دۆزەخە ، یان دوای ئەوەی دڵنیا دەبن کە بە هەمیشەیی لە ئاگردا دەمێننەوە ، هەموو ئەو بۆچوونانە نزیکن لەیەکەوە ، وهەموویان دەربڕینی پەشیمانی ودڵنیا بوونە لە ڕەنجەڕۆی وبەدچارەیی بێباوەڕان .

﴿بَلۡ بَدَا لَهُم مَّا كَانُواْ يُخۡفُونَ مِن قَبۡلُۖ وَلَوۡ رُدُّواْ لَعَادُواْ لِمَا نُهُواْ عَنۡهُ وَإِنَّهُمۡ لَكَٰذِبُونَ ﴿٢٨﴾﴾ بەڵکو ئەوەی لە ناخیاندا حەشاریاندابوو بۆیان ئاشکرا بوو ، ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ دونیا دیسان دەگەڕێنەوە سەرئەوەی کە یاساغییان لێکرا بوو ، بە دڵنیاییەوە ئەوانە کەسانێکی درۆزنن .

بێباوەڕ ودووڕوو وخراپەکاران لە قیامەتیشدا درۆ دەکەن ، وئەو خۆزگەی کە خواستیان بۆ ئەوەی مۆڵەت بدرێن وبگەڕێنەوە ژیانی دونیایان بەڵکو باوەڕ بە خودا بهێنن وئایەتەکانی بە درۆ دانەنێن ، دوای ئەوەیە کە دڵنیابوون ئاینی خودا ڕاستە وبە چاوی خۆیان بینییان ، خودا ﷻ پێیان دەفەرموێت : درۆزنن ئەگەر دوای ئەوەش بگەڕێنەوە بۆ ژیانی دونیایان دیسان خراپەکاری دەکەن ، وگاڵتە بە ئایەتەکانی خودا دەکەن وباوەڕ ناهێنن ، بەڵکو بۆ هەڵهاتنە لەو دیمەنە سامناکانە نەوەك بۆ ئەوەی باوەڕ بهێنن .

﴿وَقَالُوٓاْ إِنْ هِىَ إِلَّا حَيَاتُنَا ٱلدُّنْيَا وَمَا نَحْنُ بِمَبْعُوثِينَ ﴿٢٩﴾﴾ ودەیانگوت : جگە لەم ژیانەی دونیامان ژیانی تر بوونی نییە ، وئێمە دوای مردن زیندوو ناکرێینەوە .

کەسانێك هەیە ئەگەر باسی قەبر وقیامەتی بۆ بکرێت دەڵێت : کێ لە قەبرەوە یان لە قیامەتەوە هاتووەتەوە ؟! ئەم گوتەیە مانای نکوڵی کردنی زیندوو بوونەوەی تێدایە ، دەبێت موسڵمان دووربێت لە هاوشێوەی ئەو دەربڕینە گومانایە نارەوایانە ، وئەگەر زیندوو بوونەوە ولێپرسینەوە نەبووایە ژیان هیچ مانایەکی نەدەبوو ، چونکە زۆر جار موسڵمان ستەم وناسۆر وژان وسنوربەزاندن دەبینێت ئەگەر وێستگەیەك نەبێت بۆ لێپرسینەوە وپاداشت وسزا ئەوا هەموو مافەکان ون دەبوون وکەسانێکی زۆر ستەم دیدە وماف خوراو دەبوون ، وکۆمەڵە کەسێکیش لە سزا ڕزگاریان دەبوو .

﴿وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذْ وُقِفُواْ عَلَىٰ رَبِّهِمْۚ قَالَ أَلَيْسَ هَٰذَا بِٱلْحَقِّۚ قَالُواْ بَلَىٰ وَرَبِّنَاۚ قَالَ فَذُوقُواْ ٱلْعَذَابَ بِمَا كُنتُمْ تَكْفُرُونَ ﴿٣٠﴾﴾ ئەگەر بیان بینی کاتێك ڕاگیراون لەبەر دەستی پەروەردگاریان ، خودا پێیان دەفەرموێت : ئایا ئەمە ڕاست نییە ؟ ، دەڵێن : بەڵێ سوێند

بە تۆ ئەی پەروەردگارمان ، فەرمووی : دە بچێژن سزای ئاگری دۆزەخ بە هۆی ئەوەی بێباوەڕ بوون بە ئایەتەکانی خودا وباوەڕتان بەمە نەبوو کە ئێستا دەیبینن .

﴿قَدْ خَسِرَ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِلِقَآءِ ٱللَّهِۖ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَتْهُمُ ٱلسَّاعَةُ بَغْتَةً قَالُواْ يَٰحَسْرَتَنَا عَلَىٰ مَا فَرَّطْنَا فِيهَا وَهُمْ يَحْمِلُونَ أَوْزَارَهُمْ عَلَىٰ ظُهُورِهِمْۚ أَلَا سَآءَ مَا يَزِرُونَ ﴿٣١﴾﴾
بێگومان دۆڕاو وزیانمەندن ئەو کەسانەی دیداری خودایان بە درۆ زانی ، هەتا لە ناکاو قیامەتیان بەسەردا دێت ، دەڵێن : هاوار بە حاڵمان بۆ ئەوەی لە دەستماندا وکەمتەرخەم بووین وپەشیمانین لە ژیانی دونیامان ، باری تاوان وگوناهەکانیان لەسەر شان هەڵگرتووە ، چەندە خراپە ئەو کۆڵ وباری تاوانەی بەسەر شانیانەوەیە .

ئەحمەد ونەسائی لە "الکبری" لە ئەبوهرەیرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت : هەموو بەهەشتییەکان شوێنی خۆیان لە ئاگری دۆزەخدا دەبینن ، دەڵێن : ئەگەر خودا هیدایەتمانی نەدایە ئەوە شوێنمان بوو ، ئەوەش دەبێتە سوپاسگوزاری بۆیان ، وهەموو دۆزەخییەکان شوێنی خۆیان لە بەهەشتدا دەبینن ، دەڵێن : ئەگەر خودا هیدایەتی دابایین ئەوە شوێنمان بوو، ئەوەش دەبێتە پەشیمانی وخەم وپەژارە بۆیان .

﴿وَمَا ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَآ إِلَّا لَعِبٌ وَلَهْوٌۖ وَلَلدَّارُ ٱلْءَاخِرَةُ خَيْرٌ لِّلَّذِينَ يَتَّقُونَۚ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴿٣٢﴾﴾ ژیانی دونیا جگە لە یاری وگاڵتە بەدەر هیچی تر نییە ، ماڵ وژیانی دواڕۆژ باشترە بۆ ئەو کەسانەی پارێزکار ولە خودا ترسن ، ئایا ئێوە عەقڵتان نییە کە هەست بەو گومڕایی وهەڵەیەی خۆتان بکەن ؟!.

دونیا جێگای دڵخۆشی نییە بۆ موسڵمان ، ئێمە لە بنەمادا خەڵکی بەهەشتین ودابەزاندنمان بۆ سەر زەوی سزایە ، خودا دەفەرموێت : ﴿قَالَ ٱهْبِطُواْ بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ وَلَكُمْ فِى ٱلْأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَٰعٌ إِلَىٰ حِينٍ ﴿٢٤﴾﴾(الأَعْرَاف) ، مسلم لە ئەبوهرەیرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : دونیا بەندیخانەیە بۆ باوەڕدار وبەهەشتە بۆ بێباوەڕ ؛ بۆیە پێویستە موسڵمان هەموو هەوڵ وتێکۆشانی بۆ بەدەستهێنانی بەهەشت بێت وئەوەندەش کە پێویستە بۆ ژیانی دونیای هەوڵی بۆ بدات بۆ ئەوەی ئاتاجی خەڵك نەبێت وەك خودا دەفەرموێت : ﴿وَٱبْتَغِ فِيمَآ ءَاتَىٰكَ ٱللَّهُ ٱلدَّارَ ٱلْءَاخِرَةَ وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ ٱلدُّنْيَا ﴿٧٧﴾﴾(القَصَص) .

﴿قَدْ نَعْلَمُ إِنَّهُۥ لَيَحْزُنُكَ ٱلَّذِى يَقُولُونَ فَإِنَّهُمْ لَا يُكَذِّبُونَكَ وَلَٰكِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ يَجْحَدُونَ ﴿٣٣﴾﴾ بێگومان دەزانین ئەوەی کە دەیڵێن دڵتەنگ وخەفەتبارت دەکات ، بە ڕاستی ئەوان تۆ بە درۆزن دانانێن بەڵکو ستەمکارن ، ونکولی ئایەتەکانی خودا دەکەن .

ئەم ئایەتە دڵدانەوە ودڵنەوایی کردنی خودایە سبحانه وتعالى بۆ پێغەمبەرەکەی ﷺ کە ئەوان لە ناخیاندا تۆ بە درۆزن دانانێن ، ئەگەرچی بە زمانیان دەڵێن : جادووگەر ودرۆزنە ! بەڵام لەبەر ئەوەی ستەمکار وسنور بەزێنن باوەڕ بە ئایەتەکانی خودا ناهێنن ولەبەر لووت بەرزی ولە خۆبایی بوونیان نکولی دەکەن .

﴿وَلَقَدْ كُذِّبَتْ رُسُلٌ مِّن قَبْلِكَ فَصَبَرُواْ عَلَىٰ مَا كُذِّبُواْ وَأُوذُواْ حَتَّىٰٓ أَتَىٰهُمْ نَصْرُنَا وَلَا مُبَدِّلَ لِكَلِمَٰتِ ٱللَّهِ وَلَقَدْ جَآءَكَ مِن نَّبَإِى ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿٣٤﴾﴾ بێگومان زۆرێك لە

پێغەمبەرانی پێش تۆ بە درۆزن دانران وئازاردران ، ئارامیان گرت لەسەر ئەو بە درۆ دانان وئازاردانەیان ، هەتاکو سەرکەوتنی ئێمەیان بۆ هات ، وهەرگیز وشە وبەڵێنەکانی خودا بۆ سەرخستنی پێغەمبەر وباوەڕداران گۆڕانی بەسەردا نایەت وسەرئەنجام سەریان دەخات ، وبە دڵنیاییەوە هەواڵ وسەرگوزەشتەی پێغەمبەرانت پێگەیشتووە .


ئەم ئایەتەش دیسان خودا ﷻ دڵنەوایی پێغەمبەری خودا ﷺ دەکات بەوەی زۆرێك لە پێغەمبەران لە لایەن گەلەکانیان هاوتای بێباوەڕانی گەلەکەی تۆ بەدرۆزن دانران وئازاردران ، بەڵام بەڵێنی خودایان بۆ جێبەجێ بوو لە دونیا پێش ڕۆژی دوایی ، وبێباوەڕان سەرشۆڕ وڕیسوا بوون وناویان ون بوو ولە بیرکران وناوی پێغەمبەرانی خودا زیندوو مایەوە ، وپەند وئامۆژگاری ودڵدانەوەی بۆ ئەو کەسانەش تێدایە کە بەڕاستی دەست بە ڕێبازی پێغەمبەرانەوە دەگرن ، ئەگەر بە درۆزن تۆمەتبارکران وئازاری لاشە ودەروونیشیان چەشت ، پێویستە ئارام بگرن وسارد نەبنەوە هەتا ئەوەی خودا ﷻ سەرکەوتن یان مردن وشەهید بوونیان لەسەر ڕێبازی ئەو پێغەمبەرە بەڕێزانە بە خەڵات پێ دەبەخشێت .

﴿وَإِن كَانَ كَبُرَ عَلَيْكَ إِعْرَاضُهُمْ فَإِنِ ٱسْتَطَعْتَ أَن تَبْتَغِيَ نَفَقًا فِى ٱلْأَرْضِ أَوْ سُلَّمًا فِى ٱلسَّمَآءِ فَتَأْتِيَهُم بِـَٔايَةٍۢ ۚ وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ لَجَمَعَهُمْ عَلَى ٱلْهُدَىٰ ۚ فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلْجَـٰهِلِينَ ﴿٣٥﴾﴾ ئەگەر پشت هەڵکردن ووەڵام نەدانەوەی بانگەوازی خودا لەلایەن هاوبەش بڕیاردەرانەوە قورس وگرانە لەسەرت ، ئەگەر دەتتوانی تونێلێك لە زەوی هەڵبکۆڵیت یان پەیژەیەك بۆ ئاسمان دابنێیت وپێیدا سەربکەویت وبەڵگە ونیشانەیەکیان بۆ بهێنیت ، وابکە ، بەڵام سودی لێ نابینن ، ئەگەر خودا بیویستایە هەموویانی لەسەر ڕێگای هیدایەت کۆی دەکردنەوە ، ئیتر تۆ لەو کەسانە مەبە کە نەزانن بەو ڕاستییانە .

ئەم ئایەتە کەللە ڕەقی بێباوەڕان دەسەلمێنێت ، ئەگەر کاری ئەستەم بکەیت وبە پێش چاویانەوە زەوی هەڵبکۆڵیت یان بە پەیژە سەر بکەویت بۆ ئاسمان باوەڕ ناهێنن ، ئیبن عوسەیمین دەڵێت : نەزانین دوو جۆرە ، نەزانینی گەمژەیی وگێلی ، ونەزانینی زانست نەبوون ، لێرە دووەمیان مەبەستە ، کەواتە : ﴿فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلْجَٰهِلِينَ﴾ مانای ئەوەیە لەو کەسانە مەبە کە سوننەتی خودا لە دروستکراوەکانی نازانن ، ئەگەر کەسێك بڵێت : ئایا ئەوەی کە خودا ﷻ یاساغی لە پێغەمبەرەکەی ﷺ دەکات لەو کەسانە نەبێت کە نەزانن ، دەبێت پێغەمبەری خودا ﷺ بەو شێوەیە بوو بێت لەبەر ئەوە خودا ئەو یاساغییەی لێ کردووە ؟ وەڵامەکەی : نەخێرە ، وەك چۆن خودا ﷻ دەفەرموێت : ﴿ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكَ فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلْمُمْتَرِينَ ١٤٧﴾(البَقَرَة) ، ودەفەرموێت : ﴿فَإِن كُنتَ فِى شَكٍّ مِّمَّآ أَنزَلْنَآ إِلَيْكَ فَسْـَٔلِ ٱلَّذِينَ يَقْرَءُونَ ٱلْكِتَٰبَ مِن قَبْلِكَ ۚ لَقَدْ جَآءَكَ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكَ فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلْمُمْتَرِينَ ٩٤﴾(يُونُس) ، کەواتە ئەوەی بە مەرج دانراوە وابەستەی بەدیهاتنی بە مەرج گیراوەکە نییە ، مەبەستم ئەوەیە : ﴿لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ ٦٥﴾(الزُّمَر) وهاوشێوەی ئەم ئایەتانە ، ﴿فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلْجَٰهِلِينَ﴾ مانای ئەوەیە : لەو کەسانە مەبە کە سوننەتی خودا لە دروستکراوەکانی نازانن ، وریابە ئەی محمد ﷺ تۆ نەزان نیت هەتاکو قورس وگران بێت بەسەرتەوە کە پشت هەڵبکەن وخەفەت بخۆی بۆ ئەوەی باوەڕ ناهێنن ، چونکە ئەوە دانای وکار لەجێیی خودایە .

﴿۞إِنَّمَا يَسْتَجِيبُ ٱلَّذِينَ يَسْمَعُونَ ۘ وَٱلْمَوْتَىٰ يَبْعَثُهُمُ ٱللَّهُ ثُمَّ إِلَيْهِ يُرْجَعُونَ ٣٦﴾ بێگومان تەنها ئەو کەسانە وەڵام دەدەنەوە وبەدەم بانگەوازی خوداوە دێن کە دەبیستن ، وئەوانەی کە مردوون خودا زیندوویان دەکاتەوە پاشان بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە .

تەبەری وئیبن ئەبوحاتەم لە قەتادەوە ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : ﴿إِنَّمَا يَسْتَجِيبُ ٱلَّذِينَ يَسْمَعُونَ﴾ ئەمە نموونەی ئەو باوەڕدارەیە کە قورئانی بیستووە وسوودی لێ دەبینێت وکرداری پێدەکات ولێی تێدەگات ، ئەو کەسە دڵی زیندووە وچاوەکانی ڕاستی دەبینن ، ﴿وَٱلْمَوْتَىٰ يَبْعَثُهُمُ ٱللَّهُ ثُمَّ إِلَيْهِ يُرْجَعُونَ﴾ وئەمە نموونەی بێباوەڕە کە کەڕ ولاڵە وڕاستی وهیدایەت نابینێت وسوودی لێ وەرناگرێت .


الجُزْءُ السَّابِعُ سُورَةُ الأَنْعَامِ
إِنَّمَا يَسْتَجِيبُ ٱلَّذِينَ يَسْمَعُونَ وَٱلْمَوْتَىٰ يَبْعَثُهُمُ ٱللَّهُ ثُمَّ إِلَيْهِ
يُرْجَعُونَ ٣٦ وَقَالُوا۟ لَوْلَا نُزِّلَ عَلَيْهِ ءَايَةٌ مِّن رَّبِّهِۦ قُلْ إِنَّ ٱللَّهَ
قَادِرٌ عَلَىٰٓ أَن يُنَزِّلَ ءَايَةً وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ٣٧ وَمَا
مِن دَآبَّةٍ فِى ٱلْأَرْضِ وَلَا طَٰٓئِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيْهِ إِلَّآ أُمَمٌ أَمْثَالُكُم
مَّا فَرَّطْنَا فِى ٱلْكِتَٰبِ مِن شَىْءٍ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِمْ يُحْشَرُونَ ٣٨
وَٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا صُمٌّ وَبُكْمٌ فِى ٱلظُّلُمَٰتِ مَن يَشَإِ
ٱللَّهُ يُضْلِلْهُ وَمَن يَشَأْ يَجْعَلْهُ عَلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ٣٩ قُلْ
أَرَءَيْتَكُمْ إِنْ أَتَىٰكُمْ عَذَابُ ٱللَّهِ أَوْ أَتَتْكُمُ ٱلسَّاعَةُ أَغَيْرَ ٱللَّهِ
تَدْعُونَ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ٤٠ بَلْ إِيَّاهُ تَدْعُونَ فَيَكْشِفُ
مَا تَدْعُونَ إِلَيْهِ إِن شَآءَ وَتَنسَوْنَ مَا تُشْرِكُونَ ٤١ وَلَقَدْ أَرْسَلْنَآ
إِلَىٰٓ أُمَمٍ مِّن قَبْلِكَ فَأَخَذْنَٰهُم بِٱلْبَأْسَآءِ وَٱلضَّرَّآءِ لَعَلَّهُمْ
يَتَضَرَّعُونَ ٤٢ فَلَوْلَآ إِذْ جَآءَهُم بَأْسُنَا تَضَرَّعُوا۟ وَلَٰكِن قَسَتْ
قُلُوبُهُمْ وَزَيَّنَ لَهُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ٤٣ فَلَمَّا
نَسُوا۟ مَا ذُكِّرُوا۟ بِهِۦ فَتَحْنَا عَلَيْهِمْ أَبْوَٰبَ كُلِّ شَىْءٍ حَتَّىٰٓ
إِذَا فَرِحُوا۟ بِمَآ أُوتُوٓا۟ أَخَذْنَٰهُم بَغْتَةً فَإِذَا هُم مُّبْلِسُونَ ٤٤
١٣٢

﴿وَقَالُواْ لَوْلَا نُزِّلَ عَلَيْهِ ءَايَةٌ مِّن رَّبِّهِۦ قُلْ إِنَّ ٱللَّهَ قَادِرٌ عَلَىٰٓ أَن يُنَزِّلَ ءَايَةً وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ٣٧﴾ ودەیانگوت : ئەوە بۆچی محمد بەڵگە ونیشانەیەکی لە لایەن پەروەردگارییەوە بۆ دانابەزێت ، بڵێ : بێگومان خودا بەتوانایە کە بەڵگە ونیشانەیەك دابەزێنێت ، بەڵام زۆربەیان نازانن .

بێباوەڕان ئەم داوایەیان دیسان لەبەر کەللەڕەقی بوو کە داوایان دەکرد موعجیزەیەك بۆ پێغەمبەری خودا ﷺ دابەزێت ، وئەو هەموو بەڵگەی قورئان وموعجیزانەیان بە چاو دەبینی نوکوڵییان لێ دەکرد ، باوەڕیان نە دەهێنا ، خودا ﷻ پێی فەرموون : خودا

بەتوانایە ئەوەی داوای دەکەن دایبەزێنێت بەڵام ئێوە زۆربەتان نازانن ، ئیبن قەیم دەڵێت : ئەو فەرموودەی کە خودا ﷻ دەفەرموێت : ﴿وَقَالُواْ لَوۡلَا نُزِّلَ عَلَيۡهِ ءَايَةٞ مِّن رَّبِّهِۦۚ قُلۡ إِنَّ ٱللَّهَ قَادِرٌ عَلَىٰٓ أَن يُنَزِّلَ ءَايَةٗ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ ٣٧﴾ مانای ئەوەیە ئەو کەسانە دانایی خودا وبەرژەوەندی بەندەکانی نازانن لەوەی ئەو ئایەتانە دانابەزێنێت کە خەڵك پێشنیاری دەکەن بۆ پێغەمبەران ، مەبەست ئەوە نییە کە زۆربەی خەڵك نازانن کە خودا ﷻ بە توانایە ، چونکە کەسێك نییە لەوانەی دان بە بوونی خودا ﷻ دادەنێن نکولی توانایی خودا بکەن ، بەڵام دانایی خودا لەو کردارە زۆربەی خەڵك نایزانن .

﴿وَمَا مِن دَآبَّةٖ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا طَٰٓئِرٖ يَطِيرُ بِجَنَاحَيۡهِ إِلَّآ أُمَمٌ أَمۡثَالُكُمۚ مَّا فَرَّطۡنَا فِي ٱلۡكِتَٰبِ مِن شَيۡءٖۚ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِمۡ يُحۡشَرُونَ ٣٨﴾ هەموو زیندەوەرێك کە لەسەر زەوی دەجووڵێت وهەموو باڵندەیەك کە بە باڵەکانی دەفڕێت ئیللا ئوممەتێکی هاوشێوەی ئێوەن ، لە (لوح المحفوظ)دا هیچ شتێکمان فەرامۆش نەکردووە ، پاشان هەموویان لای پەروەردگاریان کۆ دەکرێنەوە .

ئیبن قەیم دەڵێت : زانایان ناکۆکن لە لێکدانەوەی مانای کتێب ، ئایا مەبەست پێی قورئانە یان (لوح المحفوظ)ە ، هەندێکیان دەڵێن : مەبەست قورئانە ، وئەو گشتییە مەبەست پێی تایبەتە ، مانای ئەوەیە هیچ شتێکمان لە قورئاندا فەرامۆش نەکردووە کە پێویستیان بە باسکردن وناوهێنانی هەبێت ، وەك ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت : ﴿وَنَزَّلۡنَا عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ تِبۡيَٰنٗا لِّكُلِّ شَيۡءٖ ٨٩﴾(النَّحل) ، ودەشێت گشتی بێت ومەبەست ئەوەبێت هەموو شتێکی بە کورتی وبە درێژی تێدا باسکراوە ، وەك ئیبن مەسعود ﷺ دەڵێت :

نەفرەت کراوە لەو کەسەی قژێکی خوازراو بەکاردەهێنێت ، یان بۆ کەسێکی تر بەکاری دەهێنێت ، وئەو کەسەی داوا دەکات ئەو جۆرە قژەی بۆ بەکار بهێنرێت ، ومن چۆن نەفرەت نەکەم لە کەسێك کە خودا لە قورئاندا نەفرەتی لیێ کردووە ، ئافرەتێك گوتی : من قورئانم خوێندووەتەوە وئەوەم تێدا نەبینیوە ! ، گوتی : ئەگەر بە وردی بتخوێندایەتەوە دەتبینی ، خودا دەفەرموێت : ﴿وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمۡ عَنۡهُ فَٱنتَهُواْۚ ۝٧﴾(الحَشر) ، وپێغەمبەری خودا ﷺ نەفرەتی لەو کەسانە کردووە ؛ وشافعی دەڵێت : هیچ شتێکی نویێ نییە تووشی موسڵمانان ببێت ئیللا لە کتێبەی خودادا ﷻ ڕێگا چارەیەك هەیە بەڵگەبێت لەسەری ؛ وهەندێکی تر دەڵێن : مەبەست بە کتێب لەم ئایەتە (لوح المحفوظ)ە ، کە خودا هەموو شتێکی تێدا نوسیوە ، ئەمە ڕیوایەتێکە لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ، وئەم بۆچوونە پەسەندترە ، ئەوەش بۆچوونی تەبەری وبەغەوی وقورتبی وئیبن کەسیر وشەوکانی وقەنوجی وسەعدی وئیبن عوسەیمین وئەلبانیشە ، ئەحمەد وئیبن حبان لە ئەبوزەرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : کاتێك پێغەمبەری خودا ﷺ بەجێی هێشتین ، هیچ باڵندەیەك نەبوو بە باڵەکانی لە ئاسماندا بفڕێت ئیللا زانستێکمان لە بارەیەوە هەبوو ؛ وئەبوداود لە عوبادەی کوڕی صامتەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە دەڵێت : گوێم لە پێغەمبەری خودا ﷺ بوو دەیفەرموو : یەکەم شت کە خودا دروستی کرد قەڵەم بوو ، پێی فەرموو : بنووسە ، گوتی : پەروەردگار چی بنووسم ؟ فەرمووی : قەدەری هەموو شتێك هەتا بەرپابوونی قیامەت ، وفەرمووی : هەرکەسێك باوەڕی بەمە نەبێت لە من نییە ؛ شەوکانی دەڵێت : ﴿أُمَمٌ أَمۡثَالُكُمۚ﴾ کۆمەڵ کۆمەڵن خودا دروستی کردوون وەك چۆن ئێوەی دروست کردووە ، ورۆزی داون وەك چۆن ڕۆزی ئێوە دەدات ، هیچیان لە زانستی خودا بەدەرنین

وقەدەری هەموویانی نوسیوە ودەسەڵاتی بەسەر هەموویاندا هەیە ، وگوتراوە : هاوشێوەی ئێوە یادی خودا دەکەن وبەڵگەن لەسەر بوونی پەروەردگار ، وگوتراوە : هاوشێوەی ئێوە کۆ دەکرێنەوە ولێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت ؛ قورتبی دەڵێت : ﴿ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِمْ يُحْشَرُونَ﴾ کۆ دەکرێنەوە بۆ پاداشت وەرگرتنەوە ، وەك ئەو فەرموودەی مسلم لە ئەبوهرەیرەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت : مافەکان دەگەڕێننەوە بۆ خاوەنەکانیان لە ڕۆژی قیامەتدا ، هەتا مافی بەرانی بێشاخ لە بەرانی شاخدار دەسێندرێتەوە ؛ ئەمەش بەڵگەی ئەوەی تێدایە زیندەوەرانیش کۆ دەکرێنەوە ، ماف بۆ مافە پێشێل کراوەکان وەردەگیرێتەوە ، ئەوەش بۆچوونی ئەبوزەر وئەبوهرەیرەیە ﷺ وحەسەنی بەصری وجگە لەوانیشە ، وئیبن عەباس ﷺ دەڵێت : بە مردن زیندەوەر وباڵندە هەموو شتێکیان کۆتایی دێت ، بەڵام بۆچوونی یەکەم پەسەندترە لەبەر ڕەواڵەتی ئایەتەکە وئەو فەرموودە صەحیحەش .

﴿وَٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا صُمٌّ وَبُكۡمٌ فِي ٱلظُّلُمَٰتِۗ مَن يَشَإِ ٱللَّهُ يُضۡلِلۡهُ وَمَن يَشَأۡ يَجۡعَلۡهُ عَلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسۡتَقِيمٍ ٣٩﴾ وئەو کەسانەی ئایەتەکانی ئێمەی بە درۆ زانی کەڕن ڕاستی نابیستن ولاڵن ڕاستی گۆ ناکەن ولە تاریکییەکانی کوفر ونەفامیدا ژیان دەگوزەرێنن وڕاستی نابینن ، خودا کێی بوێت گومڕای دەکات وکێی بوێت هیدایەتی دەدات بۆ ڕێگای ڕاست .

ئیبن عوسەیمین دەڵێت : ئەگەر کەسێك بڵێت ئایا مرۆڤ بەڵگە وبیانوی هەیە ئەگەر خودا گومڕای کرد وهیدایەتی کەسانی تریدا ؟ نەخێر ، چونکە هیدایەت فەزڵی خودایە ﷻ ، وفەزڵی خودا بە هەرکەسێکی دەبەخشێت کە بیەوێت ، وهەروەها گومڕا کردن پێویستە لەسەر حاڵی بەندە ، لەبەر ئەو فەرموودەی خودا کە دەفەرموێت : ﴿فَلَمَّا زَاغُوٓاْ

أَزَاغَ ٱللَّهُ قُلُوبَهُمْۚ ﴿٥﴾﴾(الصَّفّ) ، وئەوەی کە دەفەرموێت : ﴿فَإِن تَوَلَّوْاْ فَٱعْلَمْ أَنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ أَن يُصِيبَهُم بِبَعْضِ ذُنُوبِهِمْۗ وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنَ ٱلنَّاسِ لَفَٰسِقُونَ ﴿٤٩﴾﴾(المَائِدَة) ، کەواتە خودا کێی بوێت گومڕای دەکات وکێی بوێت هیدایەتی دەدات لەبەر داناییەك ، وبێگومان گومڕاکردن لەبەر کردەوەی بەندەیە .

﴿قُلْ أَرَءَيْتَكُمْ إِنْ أَتَىٰكُمْ عَذَابُ ٱللَّهِ أَوْ أَتَتْكُمُ ٱلسَّاعَةُ أَغَيْرَ ٱللَّهِ تَدْعُونَ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٤٠﴾﴾ بلێ : هەواڵم بدەنێ ئەگەر سزای خودا یەخەی پێگرتن یان قیامەتتان بەسەردابێت ، ئایا ئەو کاتەش جگە لە خودا دەپاڕێنەوە وهاوار دەکەن ؟ ، ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن پەرستراوەکانتان سود وزیانیان بە دەستە دەبا بە هاناتانەوە بێن ! .

﴿بَلْ إِيَّاهُ تَدْعُونَ فَيَكْشِفُ مَا تَدْعُونَ إِلَيْهِ إِن شَآءَ وَتَنسَوْنَ مَا تُشْرِكُونَ ﴿٤١﴾﴾ بەڵکو ئەو کاتە هانا بۆ خودا دەبەن ولێی دەپاڕێنەوە ، ئەوەی داوای دەکەن ولە خودا دەپاڕێنەوە لەسەرتان لای دەبات ئەگەر ویستی لەسەربێت ، وئەو شتانەی دەتان کرد بە هاوبەشی خودا لە بیریان دەکەن .

مەبەست ئەوەیە مرۆڤ لە تەنگانە وناڕەحەتیدا بە دڵسۆزییەوە لە خودا دەپاڕێتەوە ، وهەموو ئەوشتانەی دڵی وابەستەی بووە لە کاتی خۆشی وئاساییدا لە بیری دەچێتەوە ، چونکە لە ناخەوە باوەڕی وایە کە سود وزیان تەنها بە دەستی خودایە ﷻ .


﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَآ إِلَىٰٓ أُمَمٍ مِّن قَبْلِكَ فَأَخَذْنَٰهُم بِٱلْبَأْسَآءِ وَٱلضَّرَّآءِ لَعَلَّهُمْ يَتَضَرَّعُونَ ﴿٤٢﴾﴾ بێگومان پێغەمبەرمان بۆ ئومەتەکانی پێش تۆ ڕەوانە کردووە ، ئەوانەیان بێباوەڕ بوون

تووشی هەژاری ونەخۆشی وبەلاّ وتەنگەژەمان کردن ، بۆ ئەوەی هانامان بۆ بهێنن وسەرکزبن ولێمان بپاڕێنەوە .

﴿فَلَوْلَآ إِذْ جَآءَهُم بَأْسُنَا تَضَرَّعُواْ وَلَـٰكِن قَسَتْ قُلُوبُهُمْ وَزَيَّنَ لَهُمُ ٱلشَّيْطَـٰنُ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ ﴿٤٣﴾﴾ دەبوو لەو کاتەی نارەحەتی وسزای ئێمەیان تووش بوو ، هانایان بۆ خودا بهێنایە وبەدڵسۆزییەوە لێی بپاڕێنەوە ، بەلاّم دڵیان ڕەق بوو وشەیتان ئەو کردەوە خراپانەی ئەنجامیان دەدا بۆی ڕازاندنەوە .

﴿فَلَمَّا نَسُواْ مَا ذُكِّرُواْ بِهِۦ فَتَحْنَا عَلَيْهِمْ أَبْوَٰبَ كُلِّ شَىْءٍ حَتَّىٰٓ إِذَا فَرِحُواْ بِمَآ أُوتُوٓاْ أَخَذْنَـٰهُم بَغْتَةً فَإِذَا هُم مُّبْلِسُونَ ﴿٤٤﴾﴾ کاتێك ئەو ئامۆژگاری وبیرهێنانەوەیان پشتگوێ خست ولە بیریان کرد ، دەرگای هەموو شتێکمان بەسەردا کردنەوە ، هەتا ئەوەی دڵخۆش وشادمان بوون بەوەی پێیان بەخشراوە ، لە ناکاو گیرۆدەی سزامان کردن ، لەو کاتەی کە لە ئاسودەی وخۆشگوزەرانیدا نغرۆ بوون ، لە ناکاو لە هەموو شتێك نائومێد بوون .

ئەحمەد لە عوقبەی کوڕی عامرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : ئەگەر بینیت بەندە ئەوەی پێی خۆشە خودا پێی دەبەخشێت لە کاتێکدا تاوانکار وخراپەکارە ، دڵنیابە ئەوە چاوبەست ومۆڵەتە بۆ ئەوەی واگومان ببەن لەسەر هەڵە نین (استدراج) ، پاشان پێغەمبەری خودا ﷺ ئەم ئایەتەی خوێندەوە : ﴿فَلَمَّا نَسُواْ مَا ذُكِّرُواْ بِهِۦ فَتَحْنَا عَلَيْهِمْ أَبْوَٰبَ كُلِّ شَىْءٍ حَتَّىٰٓ إِذَا فَرِحُواْ بِمَآ أُوتُوٓاْ أَخَذْنَـٰهُم بَغْتَةً فَإِذَا هُم مُّبْلِسُونَ ﴿٤٤﴾﴾ .


الجُزْءُ السَّابِعُ　　　سُورَةُ الأَنْعَامِ

فَقُطِعَ دَابِرُ ٱلْقَوْمِ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ ۚ وَٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٤٥﴾
قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِنْ أَخَذَ ٱللَّهُ سَمْعَكُمْ وَأَبْصَٰرَكُمْ وَخَتَمَ عَلَىٰ قُلُوبِكُم
مَّنْ إِلَٰهٌ غَيْرُ ٱللَّهِ يَأْتِيكُم بِهِ ۗ ٱنظُرْ كَيْفَ نُصَرِّفُ ٱلْءَايَٰتِ
ثُمَّ هُمْ يَصْدِفُونَ ﴿٤٦﴾ قُلْ أَرَءَيْتَكُمْ إِنْ أَتَىٰكُمْ عَذَابُ ٱللَّهِ
بَغْتَةً أَوْ جَهْرَةً هَلْ يُهْلَكُ إِلَّا ٱلْقَوْمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٤٧﴾ وَمَا
نُرْسِلُ ٱلْمُرْسَلِينَ إِلَّا مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ ۖ فَمَنْ ءَامَنَ وَأَصْلَحَ
فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٤٨﴾ وَٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا
يَمَسُّهُمُ ٱلْعَذَابُ بِمَا كَانُوا۟ يَفْسُقُونَ ﴿٤٩﴾ قُل لَّآ أَقُولُ لَكُمْ
عِندِى خَزَآئِنُ ٱللَّهِ وَلَآ أَعْلَمُ ٱلْغَيْبَ وَلَآ أَقُولُ لَكُمْ إِنِّى مَلَكٌ ۖ
إِنْ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَىٰٓ إِلَىَّ ۚ قُلْ هَلْ يَسْتَوِى ٱلْأَعْمَىٰ وَٱلْبَصِيرُ ۚ
أَفَلَا تَتَفَكَّرُونَ ﴿٥٠﴾ وَأَنذِرْ بِهِ ٱلَّذِينَ يَخَافُونَ أَن يُحْشَرُوٓا۟ إِلَىٰ
رَبِّهِمْ ۙ لَيْسَ لَهُم مِّن دُونِهِۦ وَلِىٌّ وَلَا شَفِيعٌ لَّعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ
﴿٥١﴾ وَلَا تَطْرُدِ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُم بِٱلْغَدَوٰةِ وَٱلْعَشِىِّ يُرِيدُونَ
وَجْهَهُۥ ۖ مَا عَلَيْكَ مِنْ حِسَابِهِم مِّن شَىْءٍ وَمَا مِنْ حِسَابِكَ
عَلَيْهِم مِّن شَىْءٍ فَتَطْرُدَهُمْ فَتَكُونَ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٥٢﴾

١٣٣

﴿فَقُطِعَ دَابِرُ ٱلْقَوْمِ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ ۚ وَٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٤٥﴾﴾ ئیتر ئەو کەسانەی ستەمکار بوون وئایەتەکانی خودایان بە ڕاست نەدەزانی وپێغەمبەرانیان بە درۆ دەزانی دوابڕاو وڕیشەکێشمان کردن وهەموویان تیاچوون ، سوپاس وستایش بۆ خودای پەروەردگاری هەموو بوونەوەر .

﴿قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِنْ أَخَذَ ٱللَّهُ سَمْعَكُمْ وَأَبْصَٰرَكُمْ وَخَتَمَ عَلَىٰ قُلُوبِكُم مَّنْ إِلَٰهٌ غَيْرُ ٱللَّهِ يَأْتِيكُم بِهِ ۗ ٱنظُرْ كَيْفَ نُصَرِّفُ ٱلْءَايَٰتِ ثُمَّ هُمْ يَصْدِفُونَ ﴿٤٦﴾﴾ بڵێ : هەواڵم بدەنێ ئەگەر خودا هەستی بیستن وسۆمای چاوەکانتان لێ بسێنێت ومۆر بداتە سەر دڵەکانتاندا ، چی پەرستراوێك جگە لە خودا پێتان دەبەخشێتەوە ، بڕوانە چۆن بەڵگەی هەمە چەشنیان بۆ ڕوون دەکرێتەوە ، پاشان هەر باوەڕ ناهێنن وپشت هەڵدەکەن ، وخۆیان دەبوێرن وپەند وئامۆژگارییان لێ وەرناگرن .

﴿قُلْ أَرَءَيْتَكُمْ إِنْ أَتَىٰكُمْ عَذَابُ ٱللَّهِ بَغْتَةً أَوْ جَهْرَةً هَلْ يُهْلَكُ إِلَّا ٱلْقَوْمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٤٧﴾﴾ بڵێ : پێم بڵێن ، ئەگەر لە ناکاو بەبێ ئەوەی هەست بکەن تووشی

سزای خودابن ، یان بە ئاشکرا بە چاوی خۆتان ئەو سزایانە ببینن ، ئایا هیچ کەس جگە لە ستەمکاران تیادەچن ودۆڕا وزیانمەند دەبن ؟.

ئیبن عوسەیمین دەڵێت : ﴿هَلْ يُهْلَكُ إِلَّا ٱلْقَوْمُ ٱلظَّٰلِمُونَ﴾ ستەم دوو جۆرە : ستەم کردن لە مافەکانی خودا ﷻ ، وستەم کردن لە مافی بەندەکان ، ستەم کردن لە مافەکانی خودا چارەسەرەکەی تەوبەکردن وپەشیمان بوونەوەیە ، هەرچەند تاوان وستەمەکە گەورە بێت ، ئەگەر هاوبەش بۆ خودا بڕیاردانیش بێت ، بەڵکو ئەگەر قسەی نەشیاو وجنێودانیش بێت بە خودا لەسەر بۆچوونی پەسەند بۆی هەیە تەوبە بکات ، بەڵام مافی مرۆڤەکان کە لە ئەستۆیدایە دەبێت بۆی بگەڕێنێتەوە یان خاوەن مافەکە بیبەخشێت وگەردنی ئازاد بکات ، ئەگەرنا هەرچەند مرۆڤ تەوبە بکات ودڵسۆزبێت وپەشیمان ببێتەوە ، ئەوەندەی بەس نییە هەتاکو مافەکان نەگەڕێنێتەوە بۆ خاوەنەکانیان ، چونکە گەڕانەوەی مافە خوراوەکان بۆ خاوەنەکانیان لە مەرجەکانی تەوبە کردنە .

﴿وَمَا نُرْسِلُ ٱلْمُرْسَلِينَ إِلَّا مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ ۖ فَمَنْ ءَامَنَ وَأَصْلَحَ فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٤٨﴾﴾ پێغەمبەرانمان ڕەوانە نەکردووە بۆ ئەوە نەبێت مژدە بدەن بەو کەسانەی باوەڕ دەهێنن وسنورەکانی خودا نابەزێنن ، وئەو کەسانە بترسێنن کە باوەڕ ناهێنن وسەرپێچی فەرمانەکانی خودا دەکەن ، جا هەرکەسێك باوەڕ بهێنێت وچاکەکاربێت وشوێن پێغەمبەران بکەوێت ، ترسیان لەسەر نییە لەوەی کە لە دواڕۆژدا ڕوودەدات ، وخەفەت ناخۆن بۆ ئەوەی لە دونیا لە دەستیان دەردەچێت .

﴿وَٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا يَمَسُّهُمُ ٱلْعَذَابُ بِمَا كَانُواْ يَفْسُقُونَ ﴿٤٩﴾﴾ وئەو كەسانەی كە ئایەتەكانی ئێمەیان بە درۆ زانی سزا دەچێژن لەبەر ئەو لارێی ولە فەرمان دەرچوونەیان .

﴿قُل لَّآ أَقُولُ لَكُمْ عِندِى خَزَآئِنُ ٱللَّهِ وَلَآ أَعْلَمُ ٱلْغَيْبَ وَلَآ أَقُولُ لَكُمْ إِنِّى مَلَكٌ إِنْ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَىٰٓ إِلَىَّ قُلْ هَلْ يَسْتَوِى ٱلْأَعْمَىٰ وَٱلْبَصِيرُ أَفَلَا تَتَفَكَّرُونَ ﴿٥٠﴾﴾ بلێ : من پێتان نالێم گەنجینەكانی خودا لای منە ، وپەنهان نازانم ، وپێتان نالێم من فریشتەم ، من شوێن ئەو فەرمانانە دەكەوم كە بە سروش بۆم دادەبەزێت ، بلێ : ئایا كوێر وچاوساغ وەك یەكن ؟ ، ئەوە بۆچی تێنافكرن وبیر ناكەنەوە .


ئەم ئایەتە بەندایەتی پێغەمبەری خودا ﷺ دەسەلمێنێت ، وبەرپەرچی ئەو كەسانە دەداتەوە كە بانگەشەی ئەوە دەكەن كە دەتوانن مندالْ بە خەلْك ببەخشن ورۆزییان زیاد بكەن ، یان خێر وخۆشییان بۆ دەستگیر بكەن وزیانیان لێ دوور بخەنەوە ، ئەگەر خودا ئەوەی نەدابێتە دەست پێغەمبەرە خۆشەویست وهەلْبژێردراوەكەی ﷺ ، ئەوا دلْنیابن هەركەسێك بانگەشەی بەخشینی یەكێك لەو شتانە بكات درۆ دەكات وهاوبەشی بۆ خودا بڕیارداوە ، وهەروەها هەموو ئەو كەسانەی بانگەشەی ئەوە دەكەن كە پەنهان وئەوەی لە ئایندە ڕوو دەدات دەیزانن درۆزنن ، چونكە ئەو شتانە كەس نایانزانێت جگە لە خودا ، جێی باسە ئاماژە بەوە بكەم كە پەنهان دوو جۆرە ، یەكەم پەنهانی ڕێژەیی (غيب نسبـي) ، واتە : بۆ هەندێك شاراوەیە بەلاَم لای هەندێكی تر شاراوە نییە ، بۆ نموونە : ئەگەر كەسێك لە مالْەوە بێت ئاگاداری حالْی كەسانێك نییە كە لە دەرەوەن ، بەلاَم ئەو كەسانەی كە لەگەلْیانن دەیان بینن حالْیان دەزانن ، وپەنهانی ڕەها (غيب مطلق) : ئەوەیە كە لە هەموو كەس شاراوەیە وكەس زانستی دەربارەی نییە ، وەك ئەوەی كە لە ئایندەدا

ڕوودەدات ، پێغەمبەری خوداش ﷺ ئەوە نازانێت چونکە دەفەرموێت : ﴿وَلَآ أَعۡلَمُ ٱلۡغَيۡبَ﴾ ، وئەگەر باسی شتێکی کردبێت کە لـە ئایندە ڕوو دەدات ، خودا سروشی بۆ کردووە وئاگاداری کردووەتەوە ، وپێغەمبەری خودا ﷺ فریشتە نییە ، بەڵکو مرۆڤە لـە نەوەی ئادەمە عليه السلام ، هەموو ئەوەی تووشی مرۆڤەکان دەبێت لـە سەرما وگەرما وبرسێتی وتینوێتی ولـەش ساغی ونەخۆشی وهاوشێوەی ئەمانە تووشی دەبێت ، مەگەر ئەوەی خودا تایبەتمەندییەکی پێببەخشێت ، وەك ئەو فەرموودەی بوخاری ومسلم لە عائیشەی دایکی باوەڕدارانەوە رضي الله عنها ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ یاساغی کرد لـەوەی دوو ڕۆژ بەردەوام ڕۆژوو بگیرێت (الـوصال) ، پێم گوت : ئەی تۆ بەو شێوەیە ڕۆژوو دەگریت ؟ فەرمووی : من وەك ئێوەنیم ، من بەو شێوەیە دەمێنمەوە خواردن وخواردنەوەم پێ دەدرێت ؛ تەبەری لـە قەتادەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : ﴿هَلۡ يَسۡتَوِي ٱلۡأَعۡمَىٰ وَٱلۡبَصِيرُۚ﴾ کوێر لـەم ئایەتە مەبەستی بێباوەڕە کە کوێر بووە لـە ئاست بینینی مافەکانی خودا وفەرمانەکانی وناز ونیعمەتەکانی ، وچاوساغ وبینەر ئەو کەسەیە دەبینێت وسودی پێ دەگەیەنێت ، بە تەنها خودا دەپەرستێت وگوێڕایەڵی پەروەردگاری دەکات وسوود وەردەگرێت لـەوەی خودا پێی بەخشیوە .

﴿وَأَنذِرۡ بِهِ ٱلَّذِينَ يَخَافُونَ أَن يُحۡشَرُوٓاْ إِلَىٰ رَبِّهِمۡ لَيۡسَ لَهُم مِّن دُونِهِۦ وَلِيّٞ وَلَا شَفِيعٞ لَّعَلَّهُمۡ يَتَّقُونَ ٥١﴾ بە قورئان ئەو کەسانە بترسێنە وئاگاداریان بکەرەوە کە لـەو ڕۆژە دەترسن لای پەروەردگاریان کۆ دەکرێنەوە ، کەس جگە لـە خودا پشتیوانیان نییە وکەسیش تکاکاریان نییە ، بەڵکو پارێزکاربن ولـە خودا بترسن .

﴿وَلَا تَطْرُدِ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُم بِٱلْغَدَوٰةِ وَٱلْعَشِيِّ يُرِيدُونَ وَجْهَهُۥ مَا عَلَيْكَ مِنْ حِسَابِهِم مِّن شَيْءٍ وَمَا مِنْ حِسَابِكَ عَلَيْهِم مِّن شَيْءٍ فَتَطْرُدَهُمْ فَتَكُونَ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٥٢﴾﴾ ئەو کەسانە لە کۆڕ ودانیشتنەکانت دەرمەکە ودووریان مەخەرەوە کە بەیانیان وئێواران بە نیاز پاکی لە پەروەردگاریان دەپاڕێنەوە مەبەستیان بە دەست هێنانی ڕەزامەندی خودایە ، لێپرسینەوەی هیچ شتێکی ئەوان لەسەر تۆ نییە ، ولێپرسینەوەی هیچ شتێکی تۆش لەسەر ئەوان نییە ، ئەگەر دەریان بکەیت ودووریان بخەیتەوە دەچیتە ڕیزی ستەمکارانەوە .

ئیبن کەسیر دەڵێت : ﴿يَدْعُونَ رَبَّهُم﴾ مانای ئەوەیە دەیپەرستن ولێی دەپاڕێنەوە ، ﴿بِٱلْغَدَوٰةِ وَٱلْعَشِيِّ﴾ سەعیدی کوڕی موسەیب وموجاهید وحەسەن وقەتادە دەڵێن : مەبەست نوێژە فەرزەکانە ؛ مسلم لە سەعدی کوڕی ئەبووەقاصەوە ﵁ ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : ئێمە شەش کەس بووین لەگەڵ پێغەمبەری خودا ﷺ ، هاوبەش بڕیاردەران گوتیان : ئەو کەسانە دەربکە ودووریان بخەرەوە بۆ ئەوەی بوێر نەبن قسەمان لەگەڵ بکەن ، من وئیبن مەسعود وپیاوێك لە هۆزی هوزیل وبیلال ودوو کەسی تر کە ناویان ناهێنم ، لە دڵی پێغەمبەری خودا شتێك دروست بوو کە خودا ویستی دروست ببێت ، لەگەڵ خۆیدا قسەی کرد ، خودا ﷻ ئەم ئایەتەی دابەزاند : ﴿وَلَا تَطْرُدِ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُم بِٱلْغَدَوٰةِ وَٱلْعَشِيِّ يُرِيدُونَ وَجْهَهُۥ﴾ ؛ وئەحمەد وتەیەری وتەبەرانی لە ئیبن مەسعودەوە ﵁ ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : کۆمەڵێك لە دەم ڕاستەکانی قورەیش بە لای پێغەمبەری خودا ﷺ تێپەڕین ، لەو کاتەدا صوهەیب وعەمار وخەباب ﵃ وهاوشێوەی ئەوان لە موسڵمانە لاواز وبێ دەسەڵاتەکان لای


الجزء السابع		سورة الأنعام

وَكَذَٰلِكَ فَتَنَّا بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لِّيَقُولُوٓا۟ أَهَٰٓؤُلَآءِ مَنَّ ٱللَّهُ
عَلَيْهِم مِّنۢ بَيْنِنَآ ۗ أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِأَعْلَمَ بِٱلشَّٰكِرِينَ ﴿٥٣﴾ وَإِذَا
جَآءَكَ ٱلَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِـَٔايَٰتِنَا فَقُلْ سَلَٰمٌ عَلَيْكُمْ ۖ كَتَبَ
رَبُّكُمْ عَلَىٰ نَفْسِهِ ٱلرَّحْمَةَ ۖ أَنَّهُۥ مَنْ عَمِلَ مِنكُمْ سُوٓءًۢا
بِجَهَٰلَةٍ ثُمَّ تَابَ مِنۢ بَعْدِهِۦ وَأَصْلَحَ فَأَنَّهُۥ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٥٤﴾
وَكَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلْـَٔايَٰتِ وَلِتَسْتَبِينَ سَبِيلُ ٱلْمُجْرِمِينَ
﴿٥٥﴾ قُلْ إِنِّى نُهِيتُ أَنْ أَعْبُدَ ٱلَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ ۚ قُل
لَّآ أَتَّبِعُ أَهْوَآءَكُمْ ۙ قَدْ ضَلَلْتُ إِذًا وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلْمُهْتَدِينَ
﴿٥٦﴾ قُلْ إِنِّى عَلَىٰ بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّى وَكَذَّبْتُم بِهِۦ ۚ مَا عِندِى مَا
تَسْتَعْجِلُونَ بِهِۦٓ ۚ إِنِ ٱلْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ ۖ يَقُصُّ ٱلْحَقَّ ۖ وَهُوَ
خَيْرُ ٱلْفَٰصِلِينَ ﴿٥٧﴾ قُل لَّوْ أَنَّ عِندِى مَا تَسْتَعْجِلُونَ بِهِۦ لَقُضِىَ
ٱلْأَمْرُ بَيْنِى وَبَيْنَكُمْ ۗ وَٱللَّهُ أَعْلَمُ بِٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٥٨﴾ ۞ وَعِندَهُۥ
مَفَاتِحُ ٱلْغَيْبِ لَا يَعْلَمُهَآ إِلَّا هُوَ ۚ وَيَعْلَمُ مَا فِى ٱلْبَرِّ
وَٱلْبَحْرِ ۚ وَمَا تَسْقُطُ مِن وَرَقَةٍ إِلَّا يَعْلَمُهَا وَلَا حَبَّةٍ فِى ظُلُمَٰتِ
ٱلْأَرْضِ وَلَا رَطْبٍ وَلَا يَابِسٍ إِلَّا فِى كِتَٰبٍ مُّبِينٍ ﴿٥٩﴾

١٣٤

دانیشتبوون ، گوتیان : ئەی **محمد** ، ئەو کەسانە دەربکە ودووریان بخەرەوە ، ئایا ئەو کەسانە بە خزمەکانت دەگۆڕیتەوە ؟! ، وئایا ئێمە شوێنی ئەو کەسانە بکەوین ؟ ، ئایا ئەو کەسانە خودا مننەتی بەسەردا کردوون لە نێو ئێمەدا ؟! ، لەوانەیە ئەو کەسانە دەربکەیت ودووریان بخەیتەوە لە خۆت ئێمە بێین بۆ لات ، ئەم ئایەتە دابەزی : ﴿وَلَا تَطْرُدِ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُم بِٱلْغَدَوٰةِ وَٱلْعَشِىِّ يُرِيدُونَ وَجْهَهُۥ ۖ﴾ .

﴿وَكَذَٰلِكَ فَتَنَّا بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لِّيَقُولُوٓا۟ أَهَٰٓؤُلَآءِ مَنَّ ٱللَّهُ عَلَيْهِم مِّنۢ بَيْنِنَآ ۗ أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِأَعْلَمَ بِٱلشَّٰكِرِينَ ﴿٥٣﴾﴾ وهەر بەوشێوەیە هەندێکیان بە هەندێکی تریان تاقی کردەوە ، بۆ ئەوەی بڵێن : ئایا ئەو کەسانە خودا ڕێزی لێناون ومننەتی کردووە بەسەریاندا لە نێوان ئێمەدا ؟ ، ئایا خودا زانا نییە بە حاڵی سوپاسگوزاران ؟.

ئەو کەسانەی لووت بەرز وبەفیز بوون دەیانگوت : ئەو ئاینەی **محمد** ﷺ هێناوییەتی ئەگەر ڕاست بووایە ئەو لاواز وبێنەوا وبێ دەسەڵات وکۆیلە وهەژارانە شوێنی نەدەکەوتن ، بەڵکو ئێمە شایان بووین خودا هیدایەتمان بدات بۆ ئەوەی شوێنی بکەوین ! ، خودا ﷻ وەڵامی ئەو ڕەخنە ناقۆڵا ونابەجێیەی دانەوە بەوەی خودا ﷻ زانایە کە کێ

شایانی هیدایەتدانە وسوپاسگوزاری خودا دەكات لەسەر هیدایەتدانی ، ئیبن كەسیر دەڵێت : ﴿وَكَذَٰلِكَ فَتَنَّا بَعۡضَهُم بِبَعۡضٖ﴾ مانای ئەوەیە هەندێكمان بە هەندێكی تریان تاقی كردەوە ، ﴿لِّيَقُولُوٓاْ أَهَٰٓؤُلَآءِ مَنَّ ٱللَّهُ عَلَيۡهِم مِّنۢ بَيۡنِنَآۗ﴾ ئایا ئەوانە خودا منەتی بەسەردا كردوون لە نێوانماندا ؟ چونكە لە سەرەتادا زۆربەی ئەوانەی باوەڕیان هێنا كەسانی لاواز وبێ دەسەڵات بوون لە پیاوان وئافرەتان وكۆیلە وكەنیزەكەكان ، وكەسانێكی كەم لە پیاوماقوڵان شوێنی كەوتن ، وەك گەلەكەی پێغەمبەر نوح ﷺ دەیانگوت : ﴿وَمَا نَرَىٰكَ ٱتَّبَعَكَ إِلَّا ٱلَّذِينَ هُمۡ أَرَاذِلُنَا بَادِيَ ٱلرَّأۡيِ ﴿٢٧﴾﴾(هُود) ؛ وهیرقل پرسیاری لە ئەبوسوفیان كرد : ئایا خەڵكە لاواز وبێ دەسەڵاتەكە شوێنی كەوتوون یان پیاوماقوڵان ؟ ئەبوسوفیان لە وەڵامدا گوتی : لاواز وبێ دەسەڵاتەكان ، هیرقل گوتی : ئەوانە شوێنكەوتووانی پێغەمبەرانن ؛ هاوبەش بڕیاردەرانی قورەیش گاڵتە ولاقرتییان بەو كەسە لاواز وبێ دەسەڵاتانە دەكرد كە باوەڕیان هێنا بوو وسزای هەركەسێكیان دەدا كە دەستیان بڕۆیشتایە بەسەریدا ، ودەیانگوت : ﴿أَهَٰٓؤُلَآءِ مَنَّ ٱللَّهُ عَلَيۡهِم مِّنۢ بَيۡنِنَآۗ﴾ ، واتە : ناشێت خودا ئەوانە هیدایەت بدات بۆ خێر وچاكە "ئەگەر ئەوەی شوێنی كەوتوون خێر وچاكەبێت" وئێمە هیدایەت نەدات ، وەك دەیانگوت : ﴿لَوۡ كَانَ خَيۡرٗا مَّا سَبَقُونَآ إِلَيۡهِۚ ﴿١١﴾﴾(الأَحْقَاف) .

﴿وَإِذَا جَآءَكَ ٱلَّذِينَ يُؤۡمِنُونَ بِـَٔايَٰتِنَا فَقُلۡ سَلَٰمٌ عَلَيۡكُمۡۖ كَتَبَ رَبُّكُمۡ عَلَىٰ نَفۡسِهِ ٱلرَّحۡمَةَ أَنَّهُۥ مَنۡ عَمِلَ مِنكُمۡ سُوٓءَۢا بِجَهَٰلَةٖ ثُمَّ تَابَ مِنۢ بَعۡدِهِۦ وَأَصۡلَحَ فَأَنَّهُۥ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴿٥٤﴾﴾ ئەگەر ئەو كەسانەی كە باوەڕیان بە بەڵگە ونیشانەكانی ئێمە هێناوە هاتن بۆ

لات پێیان بڵێ : سڵاوتان لێ بێت ، بێگومان پەروەردگارتان بە فەزڵی خۆی بەزەیی لەسەر نەفسی پێویست کردووە ، هەرکەسێك کردەوەیەکی خراپ بە نەزانینەوە ئەنجام بدات ودوای ئەوە پەشیمان ببێتەوە وکردەوەی باش ئەنجام بدات ، بە دڵنیاییەوە خودا لێخۆش بوو وپۆشەری تاوانە وبە بەزەییە .

ئیبن کەسیر دەڵێت : هەندێك لە سەلەف دەڵێن : هەر کەسێك سەرپێچی خودا بکات نەفامە ، وعیکرمە دەڵێت : ﴿ثُمَّ تَابَ مِنۢ بَعۡدِهِۦ وَأَصۡلَحَ﴾ واتە : پەشیمان ببێتەوە لەو تاوانانەی کە ئەنجامی داوە ، وتەوبە بکات وسوربێت لەسەر ئەوەی نەگەڕێتەوە سەر ئەنجامدانی ولە ئایندەدا کردەوەی باش ئەنجام بدات ﴿فَأَنَّهُۥ غَفُورٞ رَّحِيمٞ﴾ ئەوا بە دڵنیاییەوە خودا لێخۆش بوو وپۆشەری تاوانە وبە بەزەییە ؛ ئیبن ماجە وتەبەری لە خەبابی کوڕی ئەرەتەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : ئەقرەعی کوڕی حابس وعویینەی کوڕی حصن هاتن بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ ، بینییان پێغەمبەری خودا ﷺ صوهەیب وبیلال وعەمار وخەباب وکۆمەڵێك خەڵکی لاواز وبێ دەسەڵاتی باوەڕدارانی لەگەڵدایە رضي الله عنهم ، بە چاوێکی سووکەوە تێیان ڕوانین ، پێغەمبەری خودایان ﷺ جیا کردەوە وپێیان گوت : دەمانەوێت کۆڕێك تایبەت بکەیت بۆ دانیشتن لەگەڵ ئێمە بۆ ئەوەی عەرەب فەزڵ وڕێزی ئێمە بزانن ، چونکە شاندی عەرەب دێن بۆ لات ئێمە پێمان شەرمە عەرەب لەگەڵ ئەم کۆیلانەدا بمان بینێت ، کاتێك ئێمە هاتین بۆ لات ڕوخسەتیان بدە ، ئەگەر دانیشتنت لەگەڵ ئێمە تەواو بوو ، لەگەڵیان دابنیشە ئەگەر ویستت ، فەرمووی : بەڵێ ، گوتیان : نوسراوێکمان لەوبارەیەوە لەسەر خۆت بۆ بنووسە ، بانگی کرد پارچە کاغەزێکی بۆ بهێنن وبانگی عەلی کرد رضي الله عنه بۆ

ئەوەی نوسراوەکە بنوسێت ، ئێمە لە گۆشەیەکەوە دانیشتبووین ، جبریل ﷺ هات بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ وئەم ئایەتانەی بۆ دابەزاند : ﴿وَلَا تَطْرُدِ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُم بِٱلْغَدَوٰةِ وَٱلْعَشِيِّ يُرِيدُونَ وَجْهَهُۥ مَا عَلَيْكَ مِنْ حِسَابِهِم مِّن شَىْءٍ وَمَا مِنْ حِسَابِكَ عَلَيْهِم مِّن شَىْءٍ فَتَطْرُدَهُمْ فَتَكُونَ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٥٢﴾﴾ ، پاشان ناوی ئەقرەعی کوڕی حابس وعویینەی کوڕی حصنی هێناو ، فەرمووی : ﴿وَكَذَٰلِكَ فَتَنَّا بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لِّيَقُولُوٓا۟ أَهَٰٓؤُلَآءِ مَنَّ ٱللَّهُ عَلَيْهِم مِّنۢ بَيْنِنَآ أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِأَعْلَمَ بِٱلشَّٰكِرِينَ ﴿٥٣﴾﴾ پاشان فەرمووی : ﴿وَإِذَا جَآءَكَ ٱلَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِـَٔايَٰتِنَا فَقُلْ سَلَٰمٌ عَلَيْكُمْ كَتَبَ رَبُّكُمْ عَلَىٰ نَفْسِهِ ٱلرَّحْمَةَ ﴿٥٤﴾﴾ ، خەباب ﷺ دەڵێت : ئیدی لە پێغەمبەری خودا ﷺ نزیك بووینەوە هەتاکو ئەژنۆمان نوساند بە ئەژنۆکانیەوە ، وپێغەمبەری خودا ﷺ لەگەڵمان دادەنیشت ، ئەگەر بیویستایە دەڕۆیشت وئێمەی بەجێ دەهێشت ، خودا ئەم ئایەتەی دابەزاند : ﴿وَٱصْبِرْ نَفْسَكَ مَعَ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُم بِٱلْغَدَوٰةِ وَٱلْعَشِيِّ يُرِيدُونَ وَجْهَهُۥ وَلَا تَعْدُ عَيْنَاكَ عَنْهُمْ﴾ ، هەروەها لەگەڵ ئەو دەم ڕاست وپیاوماقوڵانەدا دامەنیشە کە: ﴿تُرِيدُ زِينَةَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَلَا تُطِعْ مَنْ أَغْفَلْنَا قَلْبَهُۥ عَن ذِكْرِنَا﴾ مەبەستی عویینە وئەقرەعە : ﴿وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ وَكَانَ أَمْرُهُۥ فُرُطًا ﴿٢٨﴾﴾(الكَهْف) ، سەرئەنجامیان تیاچوونە ، پاشان خودا نموونەی بەو دوو کەسە هێنایەوە لە ژیانی دونیا ، وفەرمووی : ﴿وَٱضْرِبْ لَهُم مَّثَلًا رَّجُلَيْنِ جَعَلْنَا لِأَحَدِهِمَا جَنَّتَيْنِ مِنْ أَعْنَٰبٍ وَحَفَفْنَٰهُمَا بِنَخْلٍ وَجَعَلْنَا بَيْنَهُمَا زَرْعًا ﴿٣٢﴾﴾ ، خەباب ﷺ دەڵێت : ئیدی لەگەڵ پێغەمبەری خودا ﷺ دادەنیشتین ، ئەگەر ئەو کاتە بە کۆتا بگەیشتایە کە دەبوو هەستێت ئێمە دەڕۆیشتین وبەجێمان دەهێشت

دوایی ئەو دەڕۆیشت ؛ مەبەستی ئەوەیە فەرمانەکەی خودای ﷻ بەجێ هێنا کە فەرمانی پێکرد لەگەڵ باوەڕداران ئارام بگرێت .

﴿وَكَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلْـَٔايَٰتِ وَلِتَسْتَبِينَ سَبِيلُ ٱلْمُجْرِمِينَ ۝٥٥﴾ وبەو شێوەیە ئایەتەکان بە درێژی باس دەکەین وڕوونیان دەکەینەوە ، بۆ ئەوەی بەرچاوتان ڕوون بێت وڕێگای تاوانبار وخراپەکاران ڕوون وئاشکرا بێت .

﴿وَلِتَسْتَبِينَ سَبِيلَ﴾ هەندێك لە قورئان خوێنەکان بە (فەتحە) پیتی لامەکەیان خوێندووەتەوە ، ئەو کاتە مانای ئەوەیە ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ بۆ ئەوەی ڕێگای تاوانباران وخراپەکارانت بۆ ڕوون ببێتەوە ، ئەو کاتەش هەر مەبەست ئوممەتەکەیە ، چونکە هەموو گوتارێك کە ڕوو لە پێغەمبەری خودا بێت ﷺ بە بەڵگەی تایبەت نەبێت ئوممەتەکەشی دەگرێتەوە ، وپێغەمبەری خودا ﷺ خودای پەروەردگار ڕێگای تاوانبار وخراپەکانی پێناساندووە وبەرچاوی ڕوون بووە لە بارەیانەوە .

﴿قُلْ إِنِّي نُهِيتُ أَنْ أَعْبُدَ ٱلَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ ۚ قُل لَّآ أَتَّبِعُ أَهْوَآءَكُمْ ۙ قَدْ ضَلَلْتُ إِذًا وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلْمُهْتَدِينَ ۝٥٦﴾ بڵێ : بە دڵنیاییەوە من یاساغیم لێکراوە ئەو شتانە بپەرستم ولێیان بپاڕێمەوە کە ئێوە دەیانپەرستن ولێیان دەپاڕێنەوە جگە لە خودا ، بڵێ : من شوێن حەز وئارەزووەکانی ئێوە ناکەوم ، ئەگەر وانەبم ئەوا گومڕا وسەرلێشێواوم ، ولە ڕیزی ئەو کەسانە نابم کە خودا هیدایەتیداون .

بوخاری لە هوزیلی کوڕی شورحبیلەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پرسیارکرا لە ئەبوموسا رضي الله عنه دەربارەی میراتی کچێك وکچی کوڕێك وخوشکێك ، گوتی : نیوەی

میراتەکە بۆ کچەکەیە ، ونیوەکەی تری بۆ خوشکەکەیە ، برۆ بۆ لای ئیبن مەسعود ﵁ پرسیاری لێ بکە ، ودەزانم گلەیی لە من دەکات ، پرسیارکرا لە ئیبن مەسعود ﵁ وئەوەی ئەبوموسایان ﵁ بۆ گێڕایەوە گوتی : ﴿قَدۡ ضَلَلۡتُ إِذٗا وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلۡمُهۡتَدِينَ﴾ حوکم دەکەم بەوەی کە پێغەمبەری خودا ﷺ حوکمی کردووە : نیوەی میراتەکە بۆ کچەکەیە ، وکوڕەزا کچەکە شەش یەکی بەردەکەوێت ، بۆ ئەوە دووبەش لەسێ بەشەکە تەواو بکات ، وئەوەی دەمێنێتەوە بۆ خوشکەکەیە .

﴿قُلۡ إِنِّي عَلَىٰ بَيِّنَةٖ مِّن رَّبِّي وَكَذَّبۡتُم بِهِۦۚ مَا عِندِي مَا تَسۡتَعۡجِلُونَ بِهِۦٓۚ إِنِ ٱلۡحُكۡمُ إِلَّا لِلَّهِۖ يَقُصُّ ٱلۡحَقَّۖ وَهُوَ خَيۡرُ ٱلۡفَٰصِلِينَ ﴿٥٧﴾﴾ بلّێ : من بێگومان بەرچاو ڕوونی وبەڵگەی ئاشکرام لە پەروەردگارمەوە بۆ هاتووە ، شایانی ئەوە نییە کە ئێوە بە درۆی دادەنێن ، ئەو سزایەی کە ئێوە بۆی بە پەلەن بە دەستی من نییە ، حوکم وفەرمان تەنها بۆ خودایە ، ڕاستی وڕەوایەتی دەگێڕێتەوە ، خودایە باشترین جیاکەرەوەی ڕەوا لە نارەوا وپووچەڵ .

بێباوەڕان بە گاڵتەجارییەوە داوایان دەکرد ئەگەر ڕاست دەکەیت ئەو سزایە کە باسی دەکەیت باتووشمان بێت وبابەسەرتدا دابەزێت ، خودا بە پێغەمبەری ﷺ فەرموو ، بلّێ : ئەوە بە دەستی من نییە ، وئەگەر بە دەستی من بووایە کار لەکار دەترازا .


﴿قُل لَّوۡ أَنَّ عِندِي مَا تَسۡتَعۡجِلُونَ بِهِۦ لَقُضِيَ ٱلۡأَمۡرُ بَيۡنِي وَبَيۡنَكُمۡۗ وَٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٥٨﴾﴾ بلّێ : ئەگەر ئەو سزایەی کە بۆی بە پەلەن وداوای دەکەن بە دەستی من بووایە کاری نێوان من وئێوە کۆتایی پێ دەهات ، وخودا زانایە بە ستەمکاران .

ئیبن كەسیر دەڵێت : ﴿قُل لَّوْ أَنَّ عِندِى مَا تَسْتَعْجِلُونَ بِهِۦ لَقُضِىَ ٱلْأَمْرُ بَيْنِى وَبَيْنَكُمْ﴾ واتە : ئەو سزایە بە دەستی من بووایە كە بۆی بە پەلەن ، ئەو سزای كە شایانی بوون بەسەرتاندا دەمهێنا ، ئەگەر گوترا : چۆن ئەم ئایەتە وئەو فەرموودەی كە لە هەردوو صەحیحەكەدا هاتووە كۆ دەكەنەوە وئاراستەیان دەكەن كە لە عائیشەی دایكی باوەڕدارانەوە ﵂ ڕیوایەتیان كردووە دەڵێت : بە پێغەمبەری خودام ﷺ گوت : ئایا هیچ ڕۆژێكت بەسەردا هاتووە كە لە ڕۆژی ئوحود سەخت ودژوارتربێت ، فەرمووی : خزمەكانت لە ڕۆژی ئوحود زیاتر تووشی نارەحەتییان كردم كاتێك لە ڕۆژی عەقەبە باسی حاڵی خۆمم بۆ ئیبن عەبدیالیل كوڕی عەبدكولال كرد ، ئەوەی كە ویستم وەڵامی نەدامەوە ، ڕۆیشتم وخەم وپەژارە دایگرتبووم ، بە ئاگا نەهاتمەوە لە (قرن الثعالب) نەبێت ، سەرم بەرز كردەوە بینیم پەڵە هەورێك بوو بە سێبەر بەسەرمەوە ، سەیرم كرد جبریلی تێدایە ﵇ ، بانگی كردم ، فەرمووی : بێگومان خودا وەڵامی خزمەكانتی بیست ، كە چۆن وەڵامیان دایتەوە ، وفریشتەی شاخەكانی بۆ ڕەوانە كردوویت بۆ ئەوەی فەرمانی پێ بكەیت ئەوەی دەتەوێت بەسەریان بهێنیت ، فەرمووی : فریشتەی شاخەكان بانگی كردم وسەلامی لێكردم ، وفەرمووی : ئەی محمد ، بێگومان خودا وەڵامی خزمەكانتی بیست ، وپەروەردگارت منی بۆ لای تۆ ڕەوانە كردووە ، بۆ ئەوەی فەرمانم پێ بكەیت بەو فەرمانەی كە دەتەوێت ، ئەگەر دەتەوێت ئەو دوو شاخەی دەوروبەری مەككە دەدەم بە سەریاندا ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : نەخێر ، من ئومێدەوارم لە پشتی ئەو كەسانە خودا نەوەیەك دروست بكات ، كە خودا بە تەنهایی بپەرستن وهاوبەشی بۆ بڕیار نەدەن ؛ ئەمە ڕیوایەتی موسلمە ؛ پێغەمبەری خودا ﷺ بژاردەی سزادان وڕیشەكێش كردنیان بۆ پێشنیاركرد كەچی ئارامی لەسەر گرتن ، وداوای مۆڵەتی بۆ كردن ، بەڵكو خودا لە

نەوەکانیان کەسانێك دروست بکات هاوبەش بۆ خودا بڕیار نەدەن ، چۆن ئەم فەرموودە وئەو ئایەتە کۆ دەکرێنەوە وئاراستە دەکرێن کە دەفەرموێت : ﴿قُل لَّوۡ أَنَّ عِندِي مَا تَسۡتَعۡجِلُونَ بِهِۦ لَقُضِيَ ٱلۡأَمۡرُ بَيۡنِي وَبَيۡنَكُمۡۗ وَٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِٱلظَّٰلِمِينَ ۝٥٨﴾ ؟ وەڵامەکەی ئەوەیە و"خودا زاناترە" ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەو سزایەی کە داوایان دەکرد لەو کاتەدا بە دەستی بووایە سزای دەدان ، بەڵام فەرموودەکە ، ئەوەی تێدا نییە کە داوایان کردبێت تووشی سزایان بکات ، بەڵکو فریشتەی شاخەکان ئەوەی بۆ پێشنیار کردووە کە ئەگەر بیەوێت ئەو دوو شاخەیان بەسەردا دەدات "کە دوو شاخن دەوری مەککەیان داوە لە باشور وباکورەوە" لەبەر ئەوە ئارامی لەسەر گرتوون وداوای بەزەیی بۆ کردوون .

﴿۞وَعِندَهُۥ مَفَاتِحُ ٱلۡغَيۡبِ لَا يَعۡلَمُهَآ إِلَّا هُوَۚ وَيَعۡلَمُ مَا فِي ٱلۡبَرِّ وَٱلۡبَحۡرِۚ وَمَا تَسۡقُطُ مِن وَرَقَةٍ إِلَّا يَعۡلَمُهَا وَلَا حَبَّةٖ فِي ظُلُمَٰتِ ٱلۡأَرۡضِ وَلَا رَطۡبٖ وَلَا يَابِسٍ إِلَّا فِي كِتَٰبٖ مُّبِينٖ ۝٥٩﴾ کلیلی پەنهان تەنها لای خودایە وبەدەر لە خۆی کەس نایزانێت ، وهەموو ئەوەی لە وشکانی ودەریادا هەیە دەیزانێ ، وهەرگەڵایەك بوەرێت ئیللا دەیزانێت ، وهیچ تۆویەك نییە لە ناخ وتاریکییەکانی زەویدابێت ، وهیچ تەڕ و وشکێك نییە ئیللا هەمووی لە کتێبێکی ئاشکرادا نوسراوە .

ئەم ئایەتە دەبێت ئەوە لای موسڵمان بەرجەستە بکات کە ورد ودرشتی هەموو کردار وگوفتارێکی خودای پەروەردگار دەیزانێت وهیچی لێ شاراوە نییە ، ئەوەش پێویستی دەکات لەسەری هەست بە چاودێری بکات لە هەموو جووڵە ووەستانێکی دا ، وئەو کتێبەی لێرە باسکراوە (لوح المحفوظە) ، ﴿۞وَعِندَهُۥ مَفَاتِحُ ٱلۡغَيۡبِ لَا يَعۡلَمُهَآ إِلَّا هُوَۚ﴾


الجزء السابع　　سورة الأنعام
وَهُوَ الَّذِي يَتَوَفَّاكُم بِاللَّيْلِ وَيَعْلَمُ مَا جَرَحْتُم بِالنَّهَارِ ثُمَّ يَبْعَثُكُمْ فِيهِ لِيُقْضَىٰ أَجَلٌ مُّسَمًّى ثُمَّ إِلَيْهِ مَرْجِعُكُمْ ثُمَّ يُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٦٠﴾ وَهُوَ الْقَاهِرُ فَوْقَ عِبَادِهِ وَيُرْسِلُ عَلَيْكُمْ حَفَظَةً حَتَّىٰ إِذَا جَاءَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ تَوَفَّتْهُ رُسُلُنَا وَهُمْ لَا يُفَرِّطُونَ ﴿٦١﴾ ثُمَّ رُدُّوا إِلَى اللَّهِ مَوْلَاهُمُ الْحَقِّ أَلَا لَهُ الْحُكْمُ وَهُوَ أَسْرَعُ الْحَاسِبِينَ ﴿٦٢﴾ قُلْ مَن يُنَجِّيكُم مِّن ظُلُمَاتِ الْبَرِّ وَالْبَحْرِ تَدْعُونَهُ تَضَرُّعًا وَخُفْيَةً لَّئِنْ أَنجَانَا مِنْ هَٰذِهِ لَنَكُونَنَّ مِنَ الشَّاكِرِينَ ﴿٦٣﴾ قُلِ اللَّهُ يُنَجِّيكُم مِّنْهَا وَمِن كُلِّ كَرْبٍ ثُمَّ أَنتُمْ تُشْرِكُونَ ﴿٦٤﴾ قُلْ هُوَ الْقَادِرُ عَلَىٰ أَن يَبْعَثَ عَلَيْكُمْ عَذَابًا مِّن فَوْقِكُمْ أَوْ مِن تَحْتِ أَرْجُلِكُمْ أَوْ يَلْبِسَكُمْ شِيَعًا وَيُذِيقَ بَعْضَكُم بَأْسَ بَعْضٍ انظُرْ كَيْفَ نُصَرِّفُ الْآيَاتِ لَعَلَّهُمْ يَفْقَهُونَ ﴿٦٥﴾ وَكَذَّبَ بِهِ قَوْمُكَ وَهُوَ الْحَقُّ قُل لَّسْتُ عَلَيْكُم بِوَكِيلٍ ﴿٦٦﴾ لِّكُلِّ نَبَإٍ مُّسْتَقَرٌّ وَسَوْفَ تَعْلَمُونَ ﴿٦٧﴾ وَإِذَا رَأَيْتَ الَّذِينَ يَخُوضُونَ فِي آيَاتِنَا فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ حَتَّىٰ يَخُوضُوا فِي حَدِيثٍ غَيْرِهِ وَإِمَّا يُنسِيَنَّكَ الشَّيْطَانُ فَلَا تَقْعُدْ بَعْدَ الذِّكْرَىٰ مَعَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ ﴿٦٨﴾
١٣٥

بوخاری لە ئیبن عومەرەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : کلیلەکانی پەنهان پێنجن بەدەر لە خودا ﷻ کەس نایانزانێت : ﴿إِنَّ ٱللَّهَ عِندَهُۥ عِلۡمُ ٱلسَّاعَةِ وَيُنَزِّلُ ٱلۡغَيۡثَ وَيَعۡلَمُ مَا فِي ٱلۡأَرۡحَامِۖ وَمَا تَدۡرِي نَفۡسٞ مَّاذَا تَكۡسِبُ غَدٗاۖ وَمَا تَدۡرِي نَفۡسُۢ بِأَيِّ أَرۡضٖ تَمُوتُۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرُۢ ﴿٣٤﴾﴾(لُقْمَان) ، تەبەری وئیبن ئەبوحاتەم لە سودییەوە ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : ﴿وَعِندَهُۥ مَفَاتِحُ ٱلۡغَيۡبِ﴾ واتە : گەنجینەکانی پەنهان لای خودای پەروەردگارە ؛ وئیبن ئەبوحاتەم لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : ﴿وَمَا تَسۡقُطُ مِن وَرَقَةٍ إِلَّا يَعۡلَمُهَا﴾ واتە هیچ درەختێك نییە لە وشکانی ولە دەریادا ئیللا فریشتەیەکی پێ ڕاسپێردراوە هەر گەڵایەکی بوەرێت دەینوسێت .

﴿وَهُوَ ٱلَّذِي يَتَوَفَّىٰكُم بِٱلَّيۡلِ وَيَعۡلَمُ مَا جَرَحۡتُم بِٱلنَّهَارِ ثُمَّ يَبۡعَثُكُمۡ فِيهِ لِيُقۡضَىٰٓ أَجَلٞ مُّسَمّٗىۖ ثُمَّ إِلَيۡهِ مَرۡجِعُكُمۡ ثُمَّ يُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ﴿٦٠﴾﴾ وەهەر خودایە لە شەودا دەتانخەوێنێت ، ودەزانێت بە ڕۆژ چی کردەوەیەکتان ئەنجامداوە ، وپاشان زیندووتان دەکاتەوە وڕوحەکانتان لە ڕۆژدا بۆ دەگەڕێنێتەوە ، بۆ ئەوەی هەرکەسێك

ماوەی دیاری کراوی تەمەنی بەسەر ببات ، پاشان بۆ لای خودا دەگەڕێنەوە وئاگادارتان دەکاتەوە بە هەموو ئەو کردەوانەی ئەنجامتانداوە .

ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر زیندووکردنەوەی بەندەکان ، وئەو کردارە هیچ قورس وگران نییە بەلای خودای پەروەردگارەوە ، وەك چۆن لەکاتی خەودا هەستەکانیان لێ وەردەگرێتەوە ووەك مردوویان لێ دێت وپاشان ئەو کەسانەیان مۆڵەتی ژیانیان مابێت ڕوحەکەیان بۆ دەگەڕێنێتەوە ، بەو شێوەیە هەموو زیندەوەرەکان دوای مردنیان زیندوو دەکاتەوە بۆ لێپرسینەوە وحوکم کردن لە نێوانیان وگەڕاندنەوەی ماف بۆ ماف خاوەن مافەکان ، بەیهەقی لە جابرەوە ﵁ ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : خەو برای مردنە ، وبەهەشتییەکان نامرن .

﴿وَهُوَ ٱلۡقَاهِرُ فَوۡقَ عِبَادِهِۦۖ وَيُرۡسِلُ عَلَيۡكُمۡ حَفَظَةً حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَحَدَكُمُ ٱلۡمَوۡتُ تَوَفَّتۡهُ رُسُلُنَا وَهُمۡ لَا يُفَرِّطُونَ ۝٦١﴾ وهەر خودایە کە دەسەڵاتدار وبالادەست بەسەر بەندەکانییەوە ، وهەموویان ملکەچ وزەبوونین ، وفریشتەتان بۆ ڕەوانە دەکات کە کردەوەکانتان تۆمار دەکەن ودەتانپارێزن ، هەتاکو کاتی مردنی کەسێك هات نێردراوەکانمان ڕوحی دەکێشن وکەمتەرخەمی ودرێغی ناکەن .

تەبەری وئیبن ئەبوحاتەم لە سودییەوە ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : ﴿وَيُرۡسِلُ عَلَيۡكُمۡ حَفَظَةً﴾ ئەو فریشتانەیە کە شەو وڕۆژ مرۆڤ دەپارێزن وکردەوەکانی تۆمار دەکەن ؛ ودیسان لە قەتادەوە ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پارێزەری کردەوە وڕۆژ وتەمەنیانن ، ئەگەر تەمەنت تەواو بوو ڕوحەکەت بەرز دەکرێتەوە بۆ لای پەروەردگارت ؛ وئیبن

ئەبوحاتەم وئەبوالشیخ لە ئیبن عەباسەوە ﭬ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : ﴿تَوَفَّتۡهُ رُسُلُنَا﴾ ئەوانە فریشتەی یارمەتیدەری فریشتەی ڕوح کێشانن .

﴿ثُمَّ رُدُّوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ مَوۡلَىٰهُمُ ٱلۡحَقِّۚ أَلَا لَهُ ٱلۡحُكۡمُ وَهُوَ أَسۡرَعُ ٱلۡحَٰسِبِينَ ٦٢﴾ پاشان دەگەڕێنەوە بۆ لای خودا کە دروستکەر وخاوەن پەرستراوی حەقیانە ، حوکم وفەرمان تەنها بۆ خودایە ، لە هەمووان خێراترە بۆ لێپرسینەوەی بەندەکانی .

تەبەری دەڵێت : خودا نەفسی خۆی بە خێرایی لێپرسینەوە وەسف کردووە ، چونکە کردەوەی بەندەکانی دەژمێرێت بەبێ ژماردنی بە پەنجەکان ، وبیرکردنەوە وتێڕامان ، کە ئەوە سیفەتی بەندە نەتوانکار ولاوازەکانییەتی ، وخودا هیچ شتێکی لە ئاسمان وزەوی لێ شاراوە نییە ، وبە ئەندازەی کێشی مێروولەیەکی وردی لێ شاراوە نییە ، وپاداشتی بەندەکانی دەداتەوە لەسەر کردەوەکانیان ، لەبەر ئەوەی بە نەفسی خۆیدا هەڵداوە بە خێرایی لێپرسینەوە وهەواڵیداوە کە دروستکراوەکانی هاوڕێنەی ئەونین ، کە پێویستیان بە ژماردنە بە پەنجەکانی دەست وبیروهۆش .

﴿قُلۡ مَن يُنَجِّيكُم مِّن ظُلُمَٰتِ ٱلۡبَرِّ وَٱلۡبَحۡرِ تَدۡعُونَهُۥ تَضَرُّعٗا وَخُفۡيَةٗ لَّئِنۡ أَنجَىٰنَا مِنۡ هَٰذِهِۦ لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلشَّٰكِرِينَ ٦٣﴾ بڵێ : کێ ڕزگارتان دەکات لە تاریکییەکانی بیابان ودەریا کاتێك بە زەبوونی وپەنهانەوە دەپاڕێنەوە دەڵێن : ئەگەر خودا لەم تەنگەژە ونارەحەتییە ڕزگارمان بکات بەدڵنیاییەوە لە شوکرانە بژێران وسوپاسگوزاران دەبین .

خودا ﷻ لەم ئایەتەدا سەرزەنشتی ئەو هاوبەش بڕیاردەرانە دەکات کە لە کاتی تەنگانە ونارەحەتی بەکەساسی وزەبوونییەوە بە دڵسۆزی لە خودا دەپاڕێنەوە وبت

وپەیکەر وپەرستراوەکانی تریان لە یاد دەکەن ، دەڵێن : ئەگەر خودا لەم نارەحەتییەی تێی کەوتووین ڕزگارمان بکات باوەڕ دەهێنین وهاوبەش بۆ خودا دانانێین ولە سوپاسگوزاران دەبین ، بەغەوی دەڵێت : ﴿مِّن ظُلُمَٰتِ ٱلۡبَرِّ وَٱلۡبَحۡرِ﴾ مانای نارەحەتی وتەنگەژە ودەردەسەرییەکانیی وشکانی ودەریایە ، ئەگەر گەشتیان بکردایە بەسەر زەویدا ون بوونایە وڕێگایان هەڵە بکردایە ، بە دڵسۆزییەوە لە خودا دەپاڕانەوە بۆ ئەوەی ڕزگاریان بکات ، لەبەر ئەوەیە کە دەفەرموێت : ﴿تَدۡعُونَهُۥ تَضَرُّعٗا وَخُفۡيَةٗ﴾ ، واتە : بە ئاشکرا وبە نهێنی لە خودا دەپاڕانەوە ، وقورتبی دەڵێت : ﴿ظُلُمَٰتِ﴾ بەکۆ هاتووە کە مەبەستی تاریکی وشکانی وتاریکی دەریا وتاریکی شەو وتاریکی هەورە .

﴿قُلِ ٱللَّهُ يُنَجِّيكُم مِّنۡهَا وَمِن كُلِّ كَرۡبٖ ثُمَّ أَنتُمۡ تُشۡرِكُونَ ٦٤﴾ بڵێ : خودایە لەو تەنگانەیە ڕزگارتان دەکات ، ولە هەموو بەڵا ونارەحەتییەك کە دێتە ڕێگاتان ، پاشان ئێوە ئەو بەڵێنەی کە داتان نایبەنەسەر وهاوبەش بۆ خودا بڕیار دەدەن .

﴿قُلۡ هُوَ ٱلۡقَادِرُ عَلَىٰٓ أَن يَبۡعَثَ عَلَيۡكُمۡ عَذَابٗا مِّن فَوۡقِكُمۡ أَوۡ مِن تَحۡتِ أَرۡجُلِكُمۡ أَوۡ يَلۡبِسَكُمۡ شِيَعٗا وَيُذِيقَ بَعۡضَكُم بَأۡسَ بَعۡضٍۗ ٱنظُرۡ كَيۡفَ نُصَرِّفُ ٱلۡأٓيَٰتِ لَعَلَّهُمۡ يَفۡقَهُونَ ٦٥﴾ بڵێ : خودا دەتوانێت سزاتان بۆ بنێرێت لە لای سەرەوەتان ، یان لە ژێر پێتانەوە ، یان پارچە پارچە ودژیەك وناتەباتان بکات ، وسزا وتاڵاوی ئێش وئازار بە دەستی یەك بچێژن ، بڕوانە چۆن بەڵگە ونیشانەکان ڕوون دەکەینەوە بۆ ئەوەی تێبگەن وپەند وئامۆژگاری وەربگرن .

ئیبن ئەبوحاتەم لە حەسەنی بەصری ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : ﴿قُلۡ هُوَ ٱلۡقَادِرُ عَلَىٰٓ

﴿أَن يَبۡعَثَ عَلَيۡكُمۡ عَذَابٗا مِّن فَوۡقِكُمۡ أَوۡ مِن تَحۡتِ أَرۡجُلِكُمۡ﴾ ئەمە بۆ هاوبەش بڕیاردەرانە ؛ وبوخاری دەڵێت : ﴿يَلۡبِسَكُمۡ﴾ مانای ئالودەبوون وتێکەڵ کردنە ، و﴿شِيَعٗا﴾ تاقم تاقم وپەرت بوونە ؛ ودیسان بوخاری لە جابری کوڕی عبداللەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : کاتێك ئەم ئایەتە دابەزییە سەر پێغەمبەری خودا ﷺ : ﴿قُلۡ هُوَ ٱلۡقَادِرُ عَلَىٰٓ أَن يَبۡعَثَ عَلَيۡكُمۡ عَذَابٗا مِّن فَوۡقِكُمۡ﴾ ، فەرمووی : پەنا دەگرم بە خودا ، و﴿أَوۡ مِن تَحۡتِ أَرۡجُلِكُمۡ﴾ ، فەرمووی : پەنا دەگرم بە خودا ، وکاتێك ئەمە دابەزی : ﴿أَوۡ يَلۡبِسَكُمۡ شِيَعٗا وَيُذِيقَ بَعۡضَكُم بَأۡسَ بَعۡضٍۗ﴾ فەرمووی : ئەم دووانەیان ئاسانترە ؛ سەعیدی کوڕی جوبەیر وموجاهید وسودی دەڵێن : ﴿عَذَابٗا مِّن فَوۡقِكُمۡ﴾ بەرد باران کردنە ، و﴿أَوۡ مِن تَحۡتِ أَرۡجُلِكُمۡ﴾ ڕۆچوونە بە ناخی زەویدا ، بەڵام ئیبن عەباس رضي الله عنهما دەڵێت : ﴿قُلۡ هُوَ ٱلۡقَادِرُ عَلَىٰٓ أَن يَبۡعَثَ عَلَيۡكُمۡ عَذَابٗا مِّن فَوۡقِكُمۡ﴾ مەبەست زاڵکردنی کاربەدەستانی خراپە بەسەریانەوە ، ﴿أَوۡ مِن تَحۡتِ أَرۡجُلِكُمۡ﴾ مەبەست لە خراپی خزمەتکارەکان وکۆیلەکانە ؛ تەبەری دەڵێت : پەسەندترینی ئەو دوو لێکدانەوەیە لای من ئەوەیە کە مەبەست لە ﴿عَذَابٗا مِّن فَوۡقِكُمۡ﴾ : بەردباران کردن وزریان ولافاو وهاوشێوەی ئەوانەیە کە بەسەریاندا دەبارێت ، ومەبەست لە سزا لە ﴿أَوۡ مِن تَحۡتِ أَرۡجُلِكُمۡ﴾ : ڕۆچوونە بە زەوی وهاوشێوەی ئەو سزایانە ، ومەبەست لەو هەڕەشەی کە لەم ئایەتەدا هاتووە هاوبەش بڕیاردەرانە کە بت وپەیکەرەکانیان دەپەرست وهەرکەسێکی تریش مەبەستە کە لەسەر ڕێبازی ئەوان بێت ، چونکە ناشێت باوەڕداران لە ڕیزی ئەو کەسانەبن کە ئایەتەکانی خودا بە ڕاست دانەنێن ،

وئەو کەسانەی دەڵێن : هەموو ئەوەی لەم ئایەتەدا هاتووە مەبەست پێی ئەم ئوممەتەیە ، من وادەبینم بۆیە ئەو لێکدانەوەیان کردووە چونکە کەسانێك لەم ئوممەتە تاوان ئەنجام دەدەن وسەرپێچی فەرمانەکانی خودا دەکەن وخودا تورە دەکەن ، وەك چۆن ئوممەتە پێشینەکان بەو شێوەیە تاوانکارییان کردبوو لە سەرپێچی کردن وبێباوەڕییان بە خودا ، بەوەش ئەو سزایەی تووشی ئەوان بوو یەخەی ئەمانیش دەگرێت ؛ مسلم لە سەعدی کوڕی ئەبووەقاصەوە ﵁ ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ ڕۆژێك لە (العالیە) هاتەوە "لە دەوروبەری شاری مەدینەیە" بەلای مزگەوتی بەنوموعاویەدا تێپەڕی وچووە نێو مزگەوتەکەوە ودوو ڕکات نوێژی کرد ، ئێمەش نوێژمان لەگەڵ کرد ، زۆر لە پەروەردگاری پاڕایەوە ، پاشان ڕووی کردە ئێمە ، وفەرمووی : داوای سێ شتم کرد لە پەروەردگارم ، دووانیانی پێبەخشیم وسێیەمی پێنەبەخشیم ، داوام کرد لە پەروەردگارم : کە ئوممەتەکەم بە قاتوقڕی قەلاچۆ نەکات ، ئەوەی پێبەخشیم ، وداوام لێ کرد ئوممەتەکەم بە لافاو نەخنکێنێ وبەوە سزایان نەدات ، ئەوەشی پێبەخشیم ، وپرسیارم لێکرد ، ناکۆك وناتەبایان نەکات وئازار ونارەحەتی تووشی یەکتر نەکەن ، ئەوەی پێ نەبەخشیم ؛ وئەحمەد لە جابری کوڕی عەتیکەوە ڕیوایەتی کردووە وئیبن کەسیر بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : ئیبن عومەر ﵄ هات بۆ بەنوموعاویە کە گوندێك بوو لە گوندەکانی پشتیوانان ، پێی گوتم : ئایا دەزانی پێغەمبەری خودا ﷺ لە چی شوێنێکی مزگەوتەکان نوێژی کرد ؟ گوتم : بەڵێ ، وئاماژەم بۆ لایەکی مزگەوتەکە کرد ، گوتی : دەزانی ئەو سێ شتە چی بوو کە بۆیان لە خودا پاڕایەوە ؟ گوتم : بەڵێ ، گوتی : باسیان بکە بۆم ، گوتم : پێغەمبەری خوا ﷺ پاڕایەوە کە دوژمنی بێگانەیان بەسەر ئوممەتەکەیدا زاڵ نەکات ، وبە قاتوقڕی قەلاچۆیان نەکات ، ئەو دوو داوایەی پێبەخشرا ، وپاڕایەوە ناکۆکی ودووبەرەکی نەخاتە

نێوانیانەوە ، ئەوەی پێنەبەخشرا ، گوتی : ڕاستت گوت ، بۆیە هەتاکو ڕۆژی قیامەت کوشتار وناکۆکی بەردەوام دەبێت .

﴿وَكَذَّبَ بِهِۦ قَوْمُكَ وَهُوَ ٱلْحَقُّ ۚ قُل لَّسْتُ عَلَيْكُم بِوَكِيلٍ ﴿٦٦﴾﴾ وهۆزەکەی تۆ ئەو حەقەی کە لـە قورئاندا بۆت دابەزیوە بە درۆیان زانی ، بڵێ : من پارێزەر وبریکارنیم لـە بری ئێوە ، من تەنها ئاگادار کردنەوە وگەیاندنم لـەسەرە .

ئیبن جەوزی دەڵێت : ﴿لَّسْتُ عَلَيْكُم بِوَكِيلٍ﴾ بە دوو شێواز مانا کراوە ، یەکەمیان : من پارێزەری کردەوەکانی ئێوە نیم بۆ ئەوەی پاداشتتان بدەمەوە لـەسەری ، بەڵکو من تەنها ترسێنەرم ، ئەمە وتەی حەسەنی بەصرییە ، دووەم : من ڕانەسپێردراوم بەوەی بەزۆر باوەڕتان پێ بهێنم ، بەڵکو من بانگەوازتان دەکەم بۆ لای خودا ، ئەمەش وتەی زجاجە .


﴿لِّكُلِّ نَبَإٍ مُّسْتَقَرٌّ ۚ وَسَوْفَ تَعْلَمُونَ ﴿٦٧﴾﴾ هەموو هەواڵێك کاتی جێگیر ودیاری کراوی هەیە ، ڕوودەدەن وەك چۆن هەواڵ لـە بارەیانەوە دراوە ، لـە ئایندەدا ئەوە دەزانن .

﴿وَإِذَا رَأَيْتَ ٱلَّذِينَ يَخُوضُونَ فِىٓ ءَايَٰتِنَا فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ حَتَّىٰ يَخُوضُوا۟ فِى حَدِيثٍ غَيْرِهِۦ ۚ وَإِمَّا يُنسِيَنَّكَ ٱلشَّيْطَٰنُ فَلَا تَقْعُدْ بَعْدَ ٱلذِّكْرَىٰ مَعَ ٱلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٦٨﴾﴾ وکاتێك بینیت کەسانێك قسە لـەسەر ئایەتەکانی ئێمە دەکەن وتیایدا ڕۆدەچن وگاڵتەیان پێدەکەن ، لـەگەڵیان دامەنیشن هەتاکو لـە باسێکی تردا ڕۆدەچن وباسەکە دەگۆڕن ، وئەگەر شەیتان لـە بیری بردیتەوە دوای بیرهاتنەوەت لـەگەڵ کۆمەڵی ستەمکاران دامەنیشە .

تەبەری وئیبن ئەبوحاتەم لـە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : ﴿وَإِذَا

رَأَيْتَ ٱلَّذِينَ يَخُوضُونَ فِيٓ ءَايَٰتِنَا﴾ هاوشێوەی ئەم ئایەتانە لە قورئاندا ، فەرمانی خودایە بۆ باوەڕداران کە تەبابن ، ویاساغییان لێدەکات لە ناکۆکی وجیاوازی ، وهەواڵیان دەداتێ کە ئوممەتەکانی پێشوو بە هۆی مشتومڕەوە لە ئایندەدا تیاچوون ، قورتبی دەڵێت : ئەگەر کەسێك زانی کەسێکی تر خراپەکارە وئامۆژگاری لێ وەرناگرێت ، پێویستە لەسەری پشتی لێ هەڵبکات لەبەر ئەو کردەوە خراپەی ونابێت لەگەڵی دابنیشێت ؛ وئیبن العەرەبی دەڵێت : ئەم ئایەتە بەڵگەیە کە دانیشتن لەگەڵ ئەو کەسانەی تاوانە گەورەکان ئەنجام دەدەن دروست نییە ، وئیبن خوەیزمنداد دەڵێت : هەر کەسێك لە ئایەتەکانی خودادا مشتومڕ بکات ورۆبچێت دانیشتنی لەگەڵ ناکرێت وپشتی لێ هەڵدەکرێت (هجر) باوەڕداربێت یان بێباوەڕ ، ودەڵێت : هەروەها هاوەڵەکانمان یاساغییان کردووە گەشت بکرێت بۆ وڵاتی دوژمنان وچوونە نێو کڵێسا وپەرستگاکانیان ، ویاساغی دانیشتنیان کردووە لەگەڵ بێباوەڕان وبیدعەکاران ، ونابێت گوێیان لێ بگیرێت ومشتومڕیان لەگەڵدا بکرێت ، وهەندێك لە بیدعەکاران بە نەخعییان گوتووە : تەنها بۆ وشەیەك گوێم بۆ بگرە ، لە وەڵامدا دەڵێت : نیو وشەشت لێ نابیستم ، وهەروەها ئەیوبی سختیانیش وای گوتووە ، فوزەیلی کوڕی عیاز دەڵێت : هەرکەسێك بیدعەکارێکی خۆش بوێت ، خودا کردەوەکانی پووچەڵ دەکاتەوە وڕووناکی ئیسلام لە دڵی دەردەهێنێت ، وهەرکەسێك کچەکەی لە بیدعەکارێك مارە بکات ئەوە سیلەی ڕەحمی پچڕاندووە ، وهەرکەسێك لەگەڵ بیدعەکارێکدا دابنیشێت هەرگیز دانایی پێنابەخشرێت ، وهەرکەسێك ڕقی لە خاوەن بیدعە بێت ئومێدم وایە خودا لە تاوانەکانی خۆش بێت ؛ وشەوکانی دەڵێت : ﴿وَإِذَا رَأَيْتَ ٱلَّذِينَ يَخُوضُونَ فِيٓ ءَايَٰتِنَا﴾ مانای ئەوەیە ئەگەر بینیت کەسانێك لە ئایەتەکانمادا ڕۆدەچن وبە درۆی دەزانن وڕەتی دەکەنەوە وگاڵتە ولاقرتی پێدەکەن ،

وازیان لێ بهێنە ولەگەڵیان دامەنیشە بۆ بیستنی ئەو تاوانە گەورەیە ، هەتاکو باسەکەیان دەگۆڕن ولە باسێکی تردا ڕۆدەچن ، خودا فەرمان دەکات بە دوورکەوتنەوە لە دانیشتن لەگەڵ ئەو کەسانەی سوکایەتی بە ئایەتەکانی خودا دەکەن ، هەتا ئەو کاتەی واز لەو باسانە دەهێنن ، ئەمە ئامۆژگارییەکی گەورەی تێدایە بۆ ئەو کەسانەی لەگەڵ موبتەدیعەکان دادەنیشن کە مانای فەرموودەی خودا ﷻ دەگۆڕن ویاری بە ماناکانی قورئان وسوننەتی پێغەمبەرەکەی خودا ﷺ دەکەن ، وبەلای حەز وئارەزوو وبیدعە خراپەکانیاندا دەیشکێننەوە ، ئەگەر نکولی ئەوە نەکرێت کە تێیدا ڕۆچوون ، دەبێت بە لایەنی کەمەوە لەگەڵیان دانیشتن نەکرێت ئەوەش ئاسانە وهیچ گران نییە ، دانیشتن لەگەڵ بیدعەکاران جگە لەوەی پێیان خۆشە ، گومان لای خەڵکیش دروست دەکەن ، بەوەش بە دانیشتن لەگەڵیان خراپەیەکی زیاتری هەیە لە تەنها بیستنی خراپە ، وئێمە لەو دانیشتنە نەفرەتیانەمان زۆر بینیوە ، حەقمان سەرخست وپووچەڵ وناڕەواییەکانمان وەلامدایەوە بە گوێرەی توانامان ، وهەرکەسێك شارەزای ئەم شەریعە پاك وبێگەردە بێت باش دەزانێت کە دانیشتن لەگەڵ ئەهلی بیدعە گومڕاکارەکان چەندان هێندە خراپەی زیاترە لەو کۆڕانەی کە هەندێك حەرامی تێدا ئەنجام دەدرێت ، بە تایبەت بۆ ئەو کەسانەی کە زۆر دامەزراونین وشارەزایی زۆریان نییە لە زانستی قورئان وسوننەتدا ، چونکە لەوانەیە تووشی درۆ وورێنەکانیان بێت ولە دڵیدا جێگیربێت وئیدی قورسە چارەسەر بکرێت ، بەوەش هەتاکو کۆتایی ژیانی کردەوەی پێدەکات وبەو شێوەیە دەگاتە دیداری خودا کە باوەڕی وایە ڕاستە ، بەلام لە هەموو پووچەڵێك پووچەڵترە ولە هەموو خراپەیەك خراپترە .


الجُزْءُ السَّابِعُ سُورَةُ الأَنْعَامِ

وَمَا عَلَى ٱلَّذِينَ يَتَّقُونَ مِنْ حِسَابِهِم مِّن شَيْءٍ وَلَٰكِن
ذِكْرَىٰ لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ ﴿٦٩﴾ وَذَرِ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ دِينَهُمْ
لَعِبًا وَلَهْوًا وَغَرَّتْهُمُ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا ۚ وَذَكِّرْ بِهِۦٓ أَن
تُبْسَلَ نَفْسٌۢ بِمَا كَسَبَتْ لَيْسَ لَهَا مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلِيٌّ
وَلَا شَفِيعٌ وَإِن تَعْدِلْ كُلَّ عَدْلٍ لَّا يُؤْخَذْ مِنْهَآ ۗ أُوْلَٰٓئِكَ
ٱلَّذِينَ أُبْسِلُواْ بِمَا كَسَبُواْ ۖ لَهُمْ شَرَابٌ مِّنْ حَمِيمٍ
وَعَذَابٌ أَلِيمٌۢ بِمَا كَانُواْ يَكْفُرُونَ ﴿٧٠﴾ قُلْ أَنَدْعُواْ مِن دُونِ
ٱللَّهِ مَا لَا يَنفَعُنَا وَلَا يَضُرُّنَا وَنُرَدُّ عَلَىٰٓ أَعْقَابِنَا بَعْدَ إِذْ
هَدَىٰنَا ٱللَّهُ كَٱلَّذِى ٱسْتَهْوَتْهُ ٱلشَّيَٰطِينُ فِى ٱلْأَرْضِ
حَيْرَانَ لَهُۥٓ أَصْحَٰبٌ يَدْعُونَهُۥٓ إِلَى ٱلْهُدَى ٱئْتِنَا ۗ قُلْ إِنَّ
هُدَى ٱللَّهِ هُوَ ٱلْهُدَىٰ ۖ وَأُمِرْنَا لِنُسْلِمَ لِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٧١﴾ وَأَنْ
أَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَٱتَّقُوهُ ۚ وَهُوَ ٱلَّذِىٓ إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ ﴿٧٢﴾ وَهُوَ
ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ بِٱلْحَقِّ ۖ وَيَوْمَ يَقُولُ كُن
فَيَكُونُ ۚ قَوْلُهُ ٱلْحَقُّ ۚ وَلَهُ ٱلْمُلْكُ يَوْمَ يُنفَخُ فِى ٱلصُّورِ ۚ
عَٰلِمُ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ ۚ وَهُوَ ٱلْحَكِيمُ ٱلْخَبِيرُ ﴿٧٣﴾

١٣٦

﴿وَمَا عَلَى ٱلَّذِينَ يَتَّقُونَ مِنْ حِسَابِهِم مِّن شَيْءٍ وَلَٰكِن ذِكْرَىٰ لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ ﴿٦٩﴾﴾ ئۆباڵی تاوانی ئەو کەسانەی لە ئایەتەکانی خودادا ڕۆدەچن لە ئەستۆی پارێزکارە لە خودا ترسەکان نییە ، ئامۆژگارییان بکەن ویادیان بخەنەوە بەڵکو لە خودا بترسن وپارێزکاربن .

﴿وَذَرِ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ دِينَهُمْ لَعِبًا وَلَهْوًا وَغَرَّتْهُمُ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا ۚ وَذَكِّرْ بِهِۦٓ أَن تُبْسَلَ نَفْسٌۢ بِمَا كَسَبَتْ لَيْسَ لَهَا مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلِيٌّ وَلَا شَفِيعٌ وَإِن تَعْدِلْ كُلَّ عَدْلٍ لَّا يُؤْخَذْ مِنْهَآ ۗ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ أُبْسِلُواْ بِمَا كَسَبُواْ ۖ لَهُمْ شَرَابٌ مِّنْ حَمِيمٍ وَعَذَابٌ أَلِيمٌۢ بِمَا كَانُواْ يَكْفُرُونَ ﴿٧٠﴾﴾ واز بهێنە لەو کەسانەی ئاینەکەیان کردووەتە گاڵتە وگەپ وژیانی دونیا فریویداون ولە خشتەی بردوون ، ئەی پێغەمبەر ﷺ بەم قورئانە بیریان بخەرەوە وئامۆژگارییان بکە بۆ ئەوەی نەفسیان نەبێتە بارمتەی ئەو کردەوە خراپانە کە ئەنجامیان داوە ، کەس نییە جگە لە خودا پشت وپەنا بێت وبە هانایانەوە بچێت وکەسیش تکاکاریان نییە ، ئەگەر هەرچی سامان هەیە ببەخشێت بۆ ئەوەی قەرەبووی تاوانەکانی بکاتەوە وخۆی لە سزای دۆزەخ پێ ڕزگار بکات لێی وەرناگیرێت ، ئەو کەسانە بارمتەی سزای تاوانەکانیان وتیاچوون لەبەر ئەو کردەوە خراپانەی کە ئەنجامیان دابوو ، ئەو کەسانە خواردنەوەی کوڵاو وسزای زۆر بە

ئێش وئازاریان بۆ هەیە لەبەر ئەوەی بێباوەڕ بوون .


﴿قُلۡ أَنَدۡعُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَنفَعُنَا وَلَا يَضُرُّنَا وَنُرَدُّ عَلَىٰٓ أَعۡقَابِنَا بَعۡدَ إِذۡ هَدَىٰنَا ٱللَّهُ كَٱلَّذِي ٱسۡتَهۡوَتۡهُ ٱلشَّيَٰطِينُ فِي ٱلۡأَرۡضِ حَيۡرَانَ لَهُۥٓ أَصۡحَٰبٞ يَدۡعُونَهُۥٓ إِلَى ٱلۡهُدَى ٱئۡتِنَاۗ قُلۡ إِنَّ هُدَى ٱللَّهِ هُوَ ٱلۡهُدَىٰۖ وَأُمِرۡنَا لِنُسۡلِمَ لِرَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٧١﴾ بڵێ : ئایا جگە لە خودا هاوار وهانا بۆ شتانێك بەرین ولێیان بپاڕێینەوە کە هیچ سود وزیانمان پێناگەیەنن ، وپاشگەز بینەوە وهەڵگەڕێینەوە دوای ئەوەی کە خودا هیدایەتیداوین ، وەك ئەو کەسەی شەیتان هەڵی خەڵەتاندووە وگومڕای کردووە ولەسەر زەوی سەرگەردانە ، چەند هاوەڵێکی دڵسۆزی هەیە بانگی دەکەن وپێی دەڵێن : وەرە سەر ئەو هیدایەت وڕێگا ڕاستەی ئێمەی لەسەرین ، بڵێ : بێگومان هیدایەت وڕێگای ڕاست تەنها هیدایەت وئاینەکەی خودایە ، وفەرمانمان پێکراوە ملکەچی فەرمانەکانی پەروەردگاری هەموو دروستکراوەکان بین .

﴿وَأَنۡ أَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَٱتَّقُوهُۚ وَهُوَ ٱلَّذِيٓ إِلَيۡهِ تُحۡشَرُونَ ٧٢﴾ وفەرمانمان پێدەکات نوێژ بەو شێوەیە ئەنجام بدەین کە فەرمانمان پێکراوە ولێی بترسین وپارێزکاربین ، هەمووان لای خودا کۆ دەکرێنەوە ولێپرسینەوەتان لەگەڵدا دەکات وپاداشتی هەرکەسێك بە گوێرەی کردەوەکانی دەداتەوە .

﴿وَهُوَ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ بِٱلۡحَقِّۖ وَيَوۡمَ يَقُولُ كُن فَيَكُونُۚ قَوۡلُهُ ٱلۡحَقُّۚ وَلَهُ ٱلۡمُلۡكُ يَوۡمَ يُنفَخُ فِي ٱلصُّورِۚ عَٰلِمُ ٱلۡغَيۡبِ وَٱلشَّهَٰدَةِۚ وَهُوَ ٱلۡحَكِيمُ ٱلۡخَبِيرُ ٧٣﴾ خودایە کە ئاسمانەکان وزەوی لەسەر بنەمای حەق ودادگەری دروست کردووە ، وهەر ڕۆژێك

فەرمان بکات بۆ دروست بوونی شتێك هەر ئەوەندە بفەرموێت : ببە ، دەستبەجێ دروست دەبێت ، فەرموودەی خودا حەق ورەوایە ، وخاوەنی هەموو بوونەوەرە ، ولە ڕۆژی قیامەتدا کە فو دەکرێت بە شەیپوردا هەمووان زیندوو دەکاتەوە وکەس خاوەنی هیچ نییە ، زانایە بە پەنهان وئاشکرا ، وهەر خودایە دانای کارلەجێ وشارەزا .

ئەبوداود وترمزی وئیبن حبان لە ئیبن عومەرەوە ﵄ ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : دەشتەکییەك پرسیاری کرد گوتی : ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ﴿ٱلصُّورِ﴾ چییە ؟ فەرمووی : وەك شاخی ئاژەڵە فوی پێدا دەکرێت ؛ وئەو فریشتەیەی کە فوی پێدا دەکات ئیسرافیلە ؛ **حاکم** لە ئەبوهرەیرەوە ﵁ ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : خاوەنی ﴿ٱلصُّورِ﴾ چاوی دانەخستووە وئامادەیە وسەیری عەرش دەکات ، لە ترسی ئەوەی نەوەك فەرمانی پێ بکرێت پێش ئەوەی پێڵوی چاوی بگەڕێتەوە ، کە چاوەکانی وەك دوو ئەستێرەی درەوشاوەن ؛ ئەمەش ئەو وانەیەمان بە گوێدا دەدا کە دەبێت ئێمەش هەردەم ئامادەبین چونکە ئەگەر قیامەت ومردن لە ناکاو یەخەمان پێ بگرن پێویستە موسڵمان ئامادەبێت وکەمتەرخەمی نەکردبێت لە بەجێهێنانی ئەرکەکانی ئاینەکەی ، ترمزی لە ئەبوسەعیدی خودرییەوە ﵁ ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : چۆن چێژ لە دونیا بەرم **خاوەنی شەیپور** ، **شەیپورەکەی بە دەمەوە گرتووە** وئامادەیە وگوێی هەڵخستووە وچاوەڕوانە فەرمانی پێ بکرێت بۆ ئەوەی فو بە شەیپوردا بکات .


الجُزءُ السَّابِعُ — سُورَةُ الأَنعَامِ

۞ وَإِذْ قَالَ إِبْرَٰهِيمُ لِأَبِيهِ ءَازَرَ أَتَتَّخِذُ أَصْنَامًا ءَالِهَةً إِنِّىٓ
أَرَىٰكَ وَقَوْمَكَ فِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٧٤﴾ وَكَذَٰلِكَ نُرِىٓ إِبْرَٰهِيمَ
مَلَكُوتَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَلِيَكُونَ مِنَ ٱلْمُوقِنِينَ
﴿٧٥﴾ فَلَمَّا جَنَّ عَلَيْهِ ٱلَّيْلُ رَءَا كَوْكَبًا قَالَ هَٰذَا رَبِّى فَلَمَّآ أَفَلَ
قَالَ لَآ أُحِبُّ ٱلْءَافِلِينَ ﴿٧٦﴾ فَلَمَّا رَءَا ٱلْقَمَرَ بَازِغًا قَالَ هَٰذَا
رَبِّى فَلَمَّآ أَفَلَ قَالَ لَئِن لَّمْ يَهْدِنِى رَبِّى لَأَكُونَنَّ مِنَ ٱلْقَوْمِ
ٱلضَّآلِّينَ ﴿٧٧﴾ فَلَمَّا رَءَا ٱلشَّمْسَ بَازِغَةً قَالَ هَٰذَا رَبِّى هَٰذَآ
أَكْبَرُ فَلَمَّآ أَفَلَتْ قَالَ يَٰقَوْمِ إِنِّى بَرِىٓءٌ مِّمَّا تُشْرِكُونَ
﴿٧٨﴾ إِنِّى وَجَّهْتُ وَجْهِىَ لِلَّذِى فَطَرَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ
حَنِيفًا وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿٧٩﴾ وَحَآجَّهُۥ قَوْمُهُۥ قَالَ
أَتُحَٰٓجُّوٓنِّى فِى ٱللَّهِ وَقَدْ هَدَىٰنِ وَلَآ أَخَافُ مَا تُشْرِكُونَ بِهِۦٓ
إِلَّآ أَن يَشَآءَ رَبِّى شَيْـًٔا وَسِعَ رَبِّى كُلَّ شَىْءٍ عِلْمًا أَفَلَا
تَتَذَكَّرُونَ ﴿٨٠﴾ وَكَيْفَ أَخَافُ مَآ أَشْرَكْتُمْ وَلَا تَخَافُونَ
أَنَّكُمْ أَشْرَكْتُم بِٱللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِۦ عَلَيْكُمْ سُلْطَٰنًا
فَأَىُّ ٱلْفَرِيقَيْنِ أَحَقُّ بِٱلْأَمْنِ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٨١﴾

١٣٧

﴿۞وَإِذْ قَالَ إِبْرَٰهِيمُ لِأَبِيهِ ءَازَرَ أَتَتَّخِذُ أَصْنَامًا ءَالِهَةً إِنِّىٓ أَرَىٰكَ وَقَوْمَكَ فِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٧٤﴾﴾ وئەوەش بەیاد بهێنەوە کە پێغەمبەر ئیبراهیم بە ئازەری باوکی گوت : ئایا چەند بت وپەیکەرێك دەکەیت بە پەرستراو ؟ ، بێگومان من وا دەبینم تۆ وگەلەکەت لە گومڕاییەکی ئاشکرادان .

ئیبن ئەبوحاتەم لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : ناوی باوکی ئیبراهیم عليه السلام ئازەر نەبووە ، بەڵکو ناوی تارح بووە ؛ تەبەری دەڵێت : ئەگەر کەسێك بڵێت : ڕەچەڵەك ناسەکان دەڵێن ناوی باوکی تارح بووە ، ئەی چۆن لێرە ناوی ئازەرە ؟ پێی دەگوترێت : دەشێت دوو ناوی هەبوو بێت ، وەك لەم سەردەمەی ئێمە کەسانێك هەیە دوو ناوی هەیە ، ولە کۆندا زۆربەیان دوو ناویان هەبوو ، ودەشێت نازناوبێت .

﴿وَكَذَٰلِكَ نُرِىٓ إِبْرَٰهِيمَ مَلَكُوتَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَلِيَكُونَ مِنَ ٱلْمُوقِنِينَ ﴿٧٥﴾﴾ هەر بەو شێوەیەی کە گومڕایی باوك وگەلەکەیمان پیشانی پێغەمبەر ئیبراهیم دا ، هێز وتوانا ودەسەڵاتی گەورە وفراوانمان لە ئاسمانەکان وزەویدا پیشاندا بۆ ئەوەی لە ڕیزی ئەو کەسانەبێت کە دڵنیان بە تاك وتەنهایی خودا .

ترمزی ودارمی لە عبدالرحمانی کوڕی (عائش)ەوە ﵁ ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : پەروەردگارم لە خەودا بینی بە جوانترین شێوە ، فەرمووی : فریشتە سەردار وگەورەکان لە چی دەکۆڵنەوە ومشتومڕ لەسەر چی دەکەن ؟ گوتم : خۆت باشتر دەزانی ، فەرمووی : لەپی **خستە نێوشانەکانم ساردیم** لە سینەمدا هەست پێکرد ، هەرچی ئەوەی لە ئاسمانەکان وزەویدا هەیە فێری بووم ، وئەم ئایەتەی خوێندەوە : ﴿وَكَذَٰلِكَ نُرِيٓ إِبۡرَٰهِيمَ مَلَكُوتَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَلِيَكُونَ مِنَ ٱلۡمُوقِنِينَ ﴿٧٥﴾﴾ ؛ ئەلبانی دەڵێت : خودای پەروەردگار زانیاری پێبەخشی دەربارەی ئەوەی لە ئاسمانەکان وزەویدا هەیە لە فریشتە ودارودرەخت وشتەکانی تر ، کە ئەوە گوزارشتە لە فراوانی زانستی پێغەمبەری خودا ﷺ کە خودا ﷻ پێی بەخشیوە ، پێویستە بەم شێوەیە وابەستە بکرێت ، چونکە ئەو قسەیە بە ڕەهایی دروست نییە کە پێغەمبەری خودا ﷺ زانستی هەیە دەربارەی هەموو دروستکراوەکان کە لە ئاسمان وزەویدا بوونیان هەیە .

﴿فَلَمَّا جَنَّ عَلَيۡهِ ٱلَّيۡلُ رَءَا كَوۡكَبٗاۖ قَالَ هَٰذَا رَبِّيۖ فَلَمَّآ أَفَلَ قَالَ لَآ أُحِبُّ ٱلۡأٓفِلِينَ ﴿٧٦﴾﴾ **کاتێك شەوی بەسەرداهات وتاریك داهات ئەستێرەیەکی بینی ، فەرمووی : ئەمە** پەروەردگاری منە ، کاتێك ئاوابوو ، فەرمووی : من شتانێکم خۆش ناوێت کە ئاوا دەبن .

﴿فَلَمَّا رَءَا ٱلۡقَمَرَ بَازِغٗا قَالَ هَٰذَا رَبِّيۖ فَلَمَّآ أَفَلَ قَالَ لَئِن لَّمۡ يَهۡدِنِي رَبِّي لَأَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡقَوۡمِ ٱلضَّآلِّينَ ﴿٧٧﴾﴾ **کاتێك بینی مانگ هەڵهات فەرمووی : ئەمە پەروەردگاری منە ،**

کاتێك ئاوابوو ، فەرمووی : ئەگەر پەروەردگارم هیدایەتم نەدات ورێنماییم نەکات دەچمە ڕیزی ئەوانەی کە گومڕابوون .

﴿فَلَمَّا رَءَا ٱلشَّمْسَ بَازِغَةً قَالَ هَٰذَا رَبِّي هَٰذَآ أَكْبَرُ فَلَمَّآ أَفَلَتْ قَالَ يَٰقَوْمِ إِنِّي بَرِيٓءٌ مِّمَّا تُشْرِكُونَ ﴿٧٨﴾﴾ کاتێك بینی خۆر هەڵهات ، فەرمووی : ئەمە پەروەردگاری منە ، ئەمە لەوانی تر مەزن وگەورەترە ، کاتێك ئاوابوو ، فەرمووی : ئەی گەلەکەم من بەرییم لە هەموو ئەو شتانەی دەیانکەن بە هاوبەشی خودا .

ئیبن کەسیر دەڵێت : پێغەمبەر ئیبراهیم ﵇ لێرە مشتومڕ ووتوویژی لەگەڵ گەلەکەی کردووە ، پووچەڵی پەرستنی بت وپەیکەرەکانی بۆ ڕوون کردوونەتەوە ، لە قۆناغی یەکەمدا لەگەڵ باوکی هەڵە وناقۆڵایی ئەوەی بۆ باوك وگەلەکەی سەلماند کە دەیانپەرستن لەسەر زەوی کە لەسەر شێوەی فریشتەکانی ئاسمان ! دروستیان کردبوو ، بۆ ئەوەی لای دروستکاری مەزن تکایان بۆ بکەن ، چونکە خۆیان بەکەمتر لەوە دەزانن بیپەرستن ، بەڵکو پەنا دەبەن بۆ فریشتەکان وتەوەسل بە پەرستشی ئەوانەوە دەکەن بۆ ئەوەی تکایان بۆ بکەن لای خودا ، وبۆ ئەوەی ڕۆزییان بدات وسەریان بخات ، وهەموو ئەو شتانەی پێویستیان پێیەتی بۆیان دەستەبەر بکات ، ولێرە هەڵە وگومڕاییان دەردەخات لە پەرستنی حەوت ئەستێرە جولاوەکە کە بریتین لە : مانگ ، وعەتارد ، زوهرە ، وخۆر ، ومەریخ ، وموشتەری ، وزوحەل ، ولە هەموویان زیاتر درەوشاوەتر وڕووناکتر خۆر بوو ئینجا مانگ پاشان زوهرە ، بۆی ڕوون کردنەوە یەکەم زوهرە بۆ پەرستن ناشێت چونکە ڕامکراوە وڕێڕەوێکی دیاری کراوی هەیە ناتوانێت بە ڕاست وچەپدا لابدات وهیچی پێناکرێت ، بەڵکو تەنێکە لەو تەنانەی کە خودا دروستی کردووە ودەدرەوشێتەوە لەبەر دانابیەك کە

خودا دەیزانێت ، پاشان باسی مانگ دەکات وئەوەی دەربارەی ئەستێرەکە ڕوونی کردەوە لەسەر مانگیش باسیکرد ، پاشان باسی خۆری کرد بە هەمان شێوە ، کاتێك خودابوونی لەو سێ تەنە نەفیکرد کە سێ درەوشاوەترین تەنەکانن کە چاو دەیان بینێت ، وبە بەڵگەی حاشا هەڵنەگر ڕوونی کردەوە وفەرمووی : ﴿قَالَ يَٰقَوۡمِ إِنِّي بَرِيٓءٞ مِّمَّا تُشۡرِكُونَ﴾ .

﴿إِنِّي وَجَّهۡتُ وَجۡهِيَ لِلَّذِي فَطَرَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ حَنِيفٗاۖ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ٧٩﴾ بێگومان من ڕووم کردووەتە ئەو خودایەی کە داهێنەری ئاسمانەکان وزەوییە وبەدڵسۆزییەوە دەیپەرستم ، ومن لە ڕیزی ئەو کەسانە نیم کە هاوبەش بۆ خودا بڕیار دەدەن .


مسلم لە عەلییەوە ﵁ ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ کاتێك دەستی بە نوێژ بکردایە "الله أكبر"ی دەخوێند پاشان دەیفەرموو : من ڕووم کردووەتە ئەو خودایەی کە داهێنەری ئاسمانەکان وزەوییە وبەدڵسۆزییەوە دەیپەرستم ، ومن لە ڕیز ئەو کەسانە نیم کە هاوبەش بۆ خودا ﷻ بڕیار دەدەن ، بێگومان نوێژ وسەربڕین وژیان ومردنم بۆ خودای پەروەردگاری جیهانە ، وبەوە فەرمانم پێکراوە من لە پێش هەمووان ملکەچ وفەرمانبەرداری خودام ﷻ .

﴿وَحَآجَّهُۥ قَوۡمُهُۥۚ قَالَ أَتُحَٰٓجُّوٓنِّي فِي ٱللَّهِ وَقَدۡ هَدَىٰنِۚ وَلَآ أَخَافُ مَا تُشۡرِكُونَ بِهِۦٓ إِلَّآ أَن يَشَآءَ رَبِّي شَيۡـٔٗاۚ وَسِعَ رَبِّي كُلَّ شَيۡءٍ عِلۡمًاۚ أَفَلَا تَتَذَكَّرُونَ ٨٠﴾ گەلەکەی دەمەقاڵێ ومشتومڕیان لەگەڵ کرد ، فەرمووی : دەمەقاڵێ ومشتومڕم لەگەڵ دەکەن دەربارەی خودا کە هیدایەتی داوم ، ومن ناترسم لەو شتانەی کە کردووتانەتە هاوبەشی خودا کە زیانم پێ

بگەیەنێت ، هەرشتێك پەروەردگارم بیەوێت هەر ئەوە دەبێت ، فراوانی زانستی پەروەردگارم هەموو شتێکی گرتووەتەوە ، ئەوە بۆچی بیرناکەنەوە .

تەبەری دەڵێت : گەلەکەی پێغەمبەر ئیبراهیم ﷺ مشتومڕیان لەگەڵ کرد دەربارەی تاك وتەنهایی خودا ، وئەوەی کە بەرائەت کردووە وپشت هەڵکردووە لە بتەکانیان ، وپێیان گوت : پەرستراوەکانی ئێمە لە پەرستراوەکەی تۆ باشترە ، ئیبراهیم ﷺ لە وەڵامیاندا گوتی : مشتومڕم لەگەڵ دەکەن لەسەر بە تەنها پەرستن ودڵسۆزیم بۆ خودا کە هیدایەتی داوم ، وتاك وتەنهایی خۆی پێ ناساندووم ؟ لەبەر ئەوە من هیچ لە پەرستراوەکانی ئێوە ناترسم کە تووشی هیچ شتێکم بکەن ، چونکە دەیانگوت دەترسین پەرستراوەکانمان شێتت بکەن ، یان تووشی نەخۆشی بەڵەکیت بکەن ، ئیبراهیم ﷺ پێی فەرموون : قازانج وزیان هیچی بە دەستی پەرستراوەکانی ئێوە نییە ، بەڵکو لە خودا دەترسم کە دروستکاری ئاسمانەکان وزەوییە .

﴿وَكَيْفَ أَخَافُ مَآ أَشْرَكْتُمْ وَلَا تَخَافُونَ أَنَّكُمْ أَشْرَكْتُم بِٱللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِۦ عَلَيْكُمْ سُلْطَٰنًا ۚ فَأَىُّ ٱلْفَرِيقَيْنِ أَحَقُّ بِٱلْأَمْنِ ۖ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٨١﴾﴾ **چۆن دەترسم لەو شتانەی کە کردووتانەتە هاوبەشی خودا ، وئێوە ناترسن لەوەی کە هاوبەشتان بۆ خودا بڕیارداوە ، ولەو بارەیەوە خودا هیچ بەڵگەیەکی بۆ دانەبەزاندوون ، کام لەو دوو کۆمەڵە شایانترە بەوەی نەترسن وئاسودە وئارامبن ، ئەگەر ئێوە دەزانن .**


الجُزْءُ السَّابِعُ　　سُورَةُ الأَنْعَامِ
ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَلَمْ يَلْبِسُوٓاْ إِيمَـٰنَهُم بِظُلْمٍ أُوْلَـٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلْأَمْنُ
وَهُم مُّهْتَدُونَ ﴿٨٢﴾ وَتِلْكَ حُجَّتُنَآ ءَاتَيْنَـٰهَآ إِبْرَٰهِيمَ عَلَىٰ
قَوْمِهِۦ ۚ نَرْفَعُ دَرَجَـٰتٍ مَّن نَّشَآءُ ۗ إِنَّ رَبَّكَ حَكِيمٌ عَلِيمٌ ﴿٨٣﴾
وَوَهَبْنَا لَهُۥٓ إِسْحَـٰقَ وَيَعْقُوبَ ۚ كُلًّا هَدَيْنَا ۚ وَنُوحًا هَدَيْنَا
مِن قَبْلُ ۖ وَمِن ذُرِّيَّتِهِۦ دَاوُۥدَ وَسُلَيْمَـٰنَ وَأَيُّوبَ وَيُوسُفَ
وَمُوسَىٰ وَهَـٰرُونَ ۚ وَكَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٨٤﴾
وَزَكَرِيَّا وَيَحْيَىٰ وَعِيسَىٰ وَإِلْيَاسَ ۖ كُلٌّ مِّنَ ٱلصَّـٰلِحِينَ
﴿٨٥﴾ وَإِسْمَـٰعِيلَ وَٱلْيَسَعَ وَيُونُسَ وَلُوطًا ۚ وَكُلًّا فَضَّلْنَا عَلَى
ٱلْعَـٰلَمِينَ ﴿٨٦﴾ وَمِنْ ءَابَآئِهِمْ وَذُرِّيَّـٰتِهِمْ وَإِخْوَٰنِهِمْ ۖ وَٱجْتَبَيْنَـٰهُمْ
وَهَدَيْنَـٰهُمْ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٨٧﴾ ذَٰلِكَ هُدَى ٱللَّهِ يَهْدِى
بِهِۦ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ ۚ وَلَوْ أَشْرَكُواْ لَحَبِطَ عَنْهُم مَّا كَانُواْ
يَعْمَلُونَ ﴿٨٨﴾ أُوْلَـٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ ءَاتَيْنَـٰهُمُ ٱلْكِتَـٰبَ وَٱلْحُكْمَ
وَٱلنُّبُوَّةَ ۚ فَإِن يَكْفُرْ بِهَا هَـٰٓؤُلَآءِ فَقَدْ وَكَّلْنَا بِهَا قَوْمًا لَّيْسُواْ
بِهَا بِكَـٰفِرِينَ ﴿٨٩﴾ أُوْلَـٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَى ٱللَّهُ ۖ فَبِهُدَىٰهُمُ ٱقْتَدِهْ ۗ
قُل لَّآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ أَجْرًا ۖ إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرَىٰ لِلْعَـٰلَمِينَ ﴿٩٠﴾
١٣٨

پێغەمبەر ئیبراهیم عليه السلام لە وەڵامی گەلەکەیدا کاتێك ویستیان بیترسێنن بەوەی پەرستراوەکانی تووشی زەرەر وزیانی دەکەن ، فەرمووی : چۆن دەترسم لەو دار وبەردانەی کردووتانەتە هاوبەشی خودا وناتوانن هیچ سود وزیانێك بە کەس بگەیەنن ، لە کاتێکدا ئێوە لە خودای دروستکەر وبەدیهێنەری ئاسمانەکان وزەوی ناترسن ، ئایا من وهاوبیروباوەڕەکانم شایانی نەترسان وئاسودەی وئاسایشین یان ئێوە ، ئەگەر ئێوە تێدەگەن لەوەی پێتان دەڵێم .

﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَلَمْ يَلْبِسُوٓاْ إِيمَـٰنَهُم بِظُلْمٍ أُوْلَـٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلْأَمْنُ وَهُم مُّهْتَدُونَ ﴿٨٢﴾﴾

ئەوانەی کە باوەڕیان هێنا وستەمی هاوبەش بڕیاردانیان تێکەڵ بە باوەڕەکەیان نەکرد ، ئاسایش ونەترسان بۆ ئەو کەسانەیە ، وهەر ئەوانن هیدایەت دراون .

ئەم ئایەتە جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەو کەسانەی باوەڕیان هێناوە وهیچ هاوەڵێك بۆ خودا بڕیار نادەن ، پارێزراون لە سزای ڕۆژی قیامەت وهیچ ترس وبیمیان نییە ، وتەنها ئەوانن کە بە تەواوی هیدایەت دراون ، ولە دونیاشدا کەسی یەکتاپەرست لە هیچ شتێك ناترسێت کە زیانی پێ بگەیەنێت یان سود وقازانجێکی لێ بگرێتەوە ، چونکە دڵنیایە هەمووی بە دەستی خودایە سبحانه وتعالى ، بوخاری ومسلم لە ئیبن مەسعودەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان

کردووە دەڵێت : کاتێك ئەم ئایەتە دابەزی : ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَلَمْ يَلْبِسُوٓاْ إِيمَـٰنَهُم بِظُلْمٍ﴾ قورس بوو لەسەر خەڵك گوتیان : ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ کێ لە ئێمە ستەم لە نەفسی خۆی ناکات ؟ فەرمووی : بێگومان مەبەستی ئەوە نییە کە باسی دەکەن ، ئایا نەتان بیستووە بەندە چاکەکەی خودا لقمان دەڵێت : ﴿إِنَّ ٱلشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ ﴿١٣﴾﴾(لُقْمَان) ، بەڵکو مەبەست پێی هاوبەش بڕیاردانە .

﴿وَتِلْكَ حُجَّتُنَآ ءَاتَيْنَـٰهَآ إِبْرَٰهِيمَ عَلَىٰ قَوْمِهِۦ ۚ نَرْفَعُ دَرَجَـٰتٍ مَّن نَّشَآءُ ۗ إِنَّ رَبَّكَ حَكِيمٌ عَلِيمٌ ﴿٨٣﴾﴾ ئەو مشتومڕ وگفتوگۆیانە بەڵگە ونیشانەی ئێمە بوون بەخشیمان بە پێغەمبەر ئیبراهیم بۆ ئەوەی بەڵگە بەسەر گەلەکەیدا ساغ بکاتەوە ، پلەوپایەی هەرکەسێك بەرز دەکەینەوە کە بمانەوێت ، بێگومان پەروەردگاری تۆ دانای کارلەجێ وزانایە .

﴿وَوَهَبْنَا لَهُۥٓ إِسْحَـٰقَ وَيَعْقُوبَ ۚ كُلًّا هَدَيْنَا ۚ وَنُوحًا هَدَيْنَا مِن قَبْلُ ۖ وَمِن ذُرِّيَّتِهِۦ دَاوُۥدَ وَسُلَيْمَـٰنَ وَأَيُّوبَ وَيُوسُفَ وَمُوسَىٰ وَهَـٰرُونَ ۚ وَكَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٨٤﴾﴾ وئیسحاق ویەعقوبمان پێ بەخشی وهەموویانمان ڕێنمایی کرد وهیدایەتماندان ، ونوحمان هیدایەتدا پێش پێغەمبەر ئیبراهیم ، کە پێغەمبەران داود وسولەیمان وئەیوب ویوسف وموسا وهارون لە نەوەی ئەو بوون ، بەو شێوەیە پاداشتی چاکەکاران دەدەینەوە .

﴿وَزَكَرِيَّا وَيَحْيَىٰ وَعِيسَىٰ وَإِلْيَاسَ ۖ كُلٌّ مِّنَ ٱلصَّـٰلِحِينَ ﴿٨٥﴾﴾ وزەکەریا ویەحیا وعیسا وئیلیاس ، هەموویان لە پیاوچاکان بوون .

﴿وَإِسْمَـٰعِيلَ وَٱلْيَسَعَ وَيُونُسَ وَلُوطًا ۚ وَكُلًّا فَضَّلْنَا عَلَى ٱلْعَـٰلَمِينَ ﴿٨٦﴾﴾ وئیسماعیل

ویەسەع ویونس ولـوط ، فەزڵ وڕێزی هەموویانمان داوە بەسەر هەموو خەڵکی جیهاندا .

دوای ئەوەی سارای خێزانی پێغەمبەر ئیبراهیم ﷺ بێئومێد بوو لـەوەی منداڵی ببێت لـە تەمەنی پیریدا ئیسحاقی بەخشییە خۆی وپێغەمبەر ئیبراهیمی مێردی ویەعقوبیشی بە ئیسحاق بەخشی ، ئیبن کەسیر دەڵێت : ئەوەی خودا دەفەرموێت : ﴿وَمِن ذُرِّيَّتِهِۦ﴾ واتە : لـە نەوەکانی هیدایەتماندا : ﴿دَاوُۥدَ وَسُلَيۡمَٰنَ....﴾ ڕاناوەکە بۆ پێغەمبەر نوح ﷺ دەگەڕێتەوە ، چونکە ئەو نزیکترین باسکراوەکانە ، ئەوەش هەڵبژاردەی تەبەرییە ، وئەگەر بۆ پێغەمبەر ئیبراهیمیش ﷺ بگەڕێتەوە ئاساییە ، چونکە لـە پێشدا باسی ئەو هاتووە ، بەڵام لـوط لـە نەوەی ئیبراهیم نییە چونکە برازایەتی وکوڕی مادانی کوڕی ئازەرە ، ئەوەش وەك ئەو ئایەتە کە خودا دەفەرموێت : ﴿أَمۡ كُنتُمۡ شُهَدَآءَ إِذۡ حَضَرَ يَعۡقُوبَ ٱلۡمَوۡتُ إِذۡ قَالَ لِبَنِيهِ مَا تَعۡبُدُونَ مِنۢ بَعۡدِيۖ قَالُواْ نَعۡبُدُ إِلَٰهَكَ وَإِلَٰهَ ءَابَآئِكَ إِبۡرَٰهِـۧمَ وَإِسۡمَٰعِيلَ وَإِسۡحَٰقَ إِلَٰهًا وَٰحِدًا وَنَحۡنُ لَهُۥ مُسۡلِمُونَ ١٣٣﴾(البَقَرَة) ، پێغەمبەر ئیسماعیل مامی یەعقوبە ولـە ڕیزی باپیرانی ژماردوویەتی ، وهەروەها باسکردنی پێغەمبەر عیسا لـە نەوەی پێغەمبەر ئیبراهیم یان پێغەمبەر نوح بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە منداڵی کچ لـە نەوەی پیاوە ، چونکە عیسا دەدرێتە پاڵ پێغەمبەر ئیبراهیم لـە دایکییەوە ، چونکە باوکی نییە ، لـەبەر ئەوە ئەگەر کەسێك وەسیەت بکات بۆ نەوەکانی یان شتێك بکات بە وەقف یان پێیان ببەخشێت ، منداڵانی کچیش دەگرێتەوە ، بەڵام ئەگەر بەخشییە کوڕەکانی یان وەقفی کرد لـەسەریان ئەوکاتە تایبەتە بە کوڕەکانی کە لـە پشتین وهەروەها منداڵانی کوڕەکانیشی دەگرێتەوە ، وهەندێك دەڵێن : لـەم بارەشدا منداڵی کچیش دەگرێتەوە ، لـەبەر ئەو فەرموودەیە کە لـە صەحیحی بوخاریدا هاتووە کە پێغەمبەری خودا ﷺ بە حەسەنی

کوڕی عەلی رضي الله عنهما فەرمووە : ئەم کوڕەی من سەرداره(سید) ، بەڵکو خودا بە هۆیەوە ئاشتەوایی بخاتە نێوان دوو کۆمەڵی گەورەی موسڵمانان ، قورتبی دەڵێت : گوتراوە : ئیلیاس ئیدریسە ، ئەوە پەسەند نییە ، چونکە پێغەمبەر ئیدریس باپیری پێغەمبەر نوحە ، بەڵام ئیلیاس لە نەوەی پێغەمبەر نوحە ، وگوتراوە : ئیلیاس خضرە ، وگوتراوە : یەسەع خضرە عليهما السلام .

﴿وَمِنْ ءَابَآئِهِمْ وَذُرِّيَّٰتِهِمْ وَإِخْوَٰنِهِمْ ۖ وَٱجْتَبَيْنَٰهُمْ وَهَدَيْنَٰهُمْ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٨٧﴾﴾ ولە باوباپیران ونەوەکانیان وبراکانیان کەسانێکمان هەڵبژارد وهیدایەتماندا وڕێنماییمان کردن بۆ ڕێگای ڕاست .

﴿ذَٰلِكَ هُدَى ٱللَّهِ يَهْدِى بِهِۦ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ ۚ وَلَوْ أَشْرَكُوا۟ لَحَبِطَ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٨٨﴾﴾ ئەوە هیدایەتی خودایە هیدایەتی دەدات وڕێنمایی هەرکەسێك دەکات لە بەندەکانی کە بیەوێت ، وئەگەر هاوبەش بۆ خودا بڕیار بدەن هەموو ئەو کردەوانەی ئەنجامیانداوە پووچەڵ دەبێتەوە وبەفیڕۆ دەچێت .


ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ترسناکی هاوبەش بڕیاردان بۆ خودا ، ومرۆڤ چەندە پلەوپایەی لە ئایندا بەرز بێت وکرداری باشی زۆربێت بە هاوبەش بڕیاردان هەمووی پووچەڵ دەبێتەوە وبەفیڕۆ دەچێت ، ﴿وَلَوْ أَشْرَكُوا۟﴾ ئەمە گریمانەیە : ﴿لَحَبِطَ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ﴾ ئەمە ڕووی گوتارە لەو پێغەمبەرە بەڕێز وهەڵبژێردراوانەی خودا کە لە هەمووان زیاتر یەکخواپەرستن ولە هاوبەش بڕیاردان دوورترن ، سەرنجی خەڵك بۆ ئەوە ڕادەکێشێت کە خەڵکانی تر لە پێشترن بۆ هەڵوەشاندنەوەی کردەوەکانیان ئەگەر

هاوبەش بۆ خودا بڕیار بدەن ، ولـه ئایەتێکی تردا دەفەرموێت : ﴿وَلَقَدۡ أُوحِيَ إِلَيۡكَ وَإِلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكَ لَئِنۡ أَشۡرَكۡتَ لَيَحۡبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ ٦٥﴾(الزُّمَر) ، کەواتە : هەمان گوتار ڕووی لـه پێغەمبەری خودا ﷺ وموسڵمانانیش کراوە بۆ ئەوەی ئاگاداری ترسناکی هاوبەش بڕیاردانبن .

﴿أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ ءَاتَيۡنَٰهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحُكۡمَ وَٱلنُّبُوَّةَۚ فَإِن يَكۡفُرۡ بِهَا هَٰٓؤُلَآءِ فَقَدۡ وَكَّلۡنَا بِهَا قَوۡمٗا لَّيۡسُواْ بِهَا بِكَٰفِرِينَ ٨٩﴾ ئەوانە ئەو کەسانە بوون کە کتێب وحوکم "کە زانست ودانایییە" وپێغەمبەرایەتیمان پێبەخشین ، ئەگەر بێباوەڕانی مەککە باوەڕی پێنەهێنن ، ئەوا بێگومان بەکەسانێکمان سپاردووە کە حاشای لێ ناکەن وبێباوەڕنین پێی .

ئیبن کەسیر دەڵێت : ﴿هَٰٓؤُلَآءِ﴾ مەبەستی دانیشتووانی مەککەیە ، ئەمە گوتەی ئیبن عەباسە رضي الله عنهما وجگە لـه ئەویشە ، ﴿فَقَدۡ وَكَّلۡنَا بِهَا قَوۡمٗا لَّيۡسُواْ بِهَا بِكَٰفِرِينَ﴾ واتە : ئەگەر کەسێك بێباوەڕ بێت بە هەموو ناز ونیعمەتەکان لـه قورەیش ودانیشتووانی تری سەر زەوی لـه عەرەب وعەجەم وخاوەن کتێبەکان ، ئەوا کەسانێکی ترمان ڕاسپاردووە ، کە کۆچەرییەکان وپشتیوانان وشوێنکەوتووەکانیانن هەتاکو ڕۆژی قیامەت ، ﴿لَّيۡسُواْ بِهَا بِكَٰفِرِينَ﴾ کە نکولی هیچ شتێکی ناکەن ، ویەك پیتی ڕەت ناکەنەوە ، بەڵکو باوەڕ بە هەموو ئایەتە مانا ڕوون وئاشکراکان وئایەتە مانا لێکچووەکانیش دەهێنن .

﴿أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَى ٱللَّهُۖ فَبِهُدَىٰهُمُ ٱقۡتَدِهۡۗ قُل لَّآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ أَجۡرًاۖ إِنۡ هُوَ إِلَّا ذِكۡرَىٰ لِلۡعَٰلَمِينَ ٩٠﴾ ئەو پێغەمبەرانە خودا هیدایەتیداون وڕێنمایی کردوون ، تۆش


الجزء السابع سورة الأنعام

وَمَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦٓ إِذْ قَالُواْ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ عَلَىٰ بَشَرٍ مِّن شَيْءٍۗ
قُلْ مَنْ أَنزَلَ ٱلْكِتَٰبَ ٱلَّذِي جَآءَ بِهِۦ مُوسَىٰ نُورًا وَهُدًى
لِّلنَّاسِۖ تَجْعَلُونَهُۥ قَرَاطِيسَ تُبْدُونَهَا وَتُخْفُونَ كَثِيرًاۖ وَعُلِّمْتُم
مَّا لَمْ تَعْلَمُوٓاْ أَنتُمْ وَلَآ ءَابَآؤُكُمْۖ قُلِ ٱللَّهُۖ ثُمَّ ذَرْهُمْ فِي خَوْضِهِمْ
يَلْعَبُونَ ﴿٩١﴾ وَهَٰذَا كِتَٰبٌ أَنزَلْنَٰهُ مُبَارَكٌ مُّصَدِّقُ ٱلَّذِي بَيْنَ
يَدَيْهِ وَلِتُنذِرَ أُمَّ ٱلْقُرَىٰ وَمَنْ حَوْلَهَاۚ وَٱلَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِٱلْأٓخِرَةِ
يُؤْمِنُونَ بِهِۦۖ وَهُمْ عَلَىٰ صَلَاتِهِمْ يُحَافِظُونَ ﴿٩٢﴾ وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ
ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا أَوْ قَالَ أُوحِيَ إِلَيَّ وَلَمْ يُوحَ إِلَيْهِ شَيْءٌ
وَمَن قَالَ سَأُنزِلُ مِثْلَ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُۗ وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذِ ٱلظَّٰلِمُونَ فِي
غَمَرَٰتِ ٱلْمَوْتِ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ بَاسِطُوٓاْ أَيْدِيهِمْ أَخْرِجُوٓاْ أَنفُسَكُمُۖ
ٱلْيَوْمَ تُجْزَوْنَ عَذَابَ ٱلْهُونِ بِمَا كُنتُمْ تَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ غَيْرَ
ٱلْحَقِّ وَكُنتُمْ عَنْ ءَايَٰتِهِۦ تَسْتَكْبِرُونَ ﴿٩٣﴾ وَلَقَدْ جِئْتُمُونَا
فُرَٰدَىٰ كَمَا خَلَقْنَٰكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَتَرَكْتُم مَّا خَوَّلْنَٰكُمْ وَرَآءَ
ظُهُورِكُمْۖ وَمَا نَرَىٰ مَعَكُمْ شُفَعَآءَكُمُ ٱلَّذِينَ زَعَمْتُمْ أَنَّهُمْ فِيكُمْ
شُرَكَٰٓؤُاْۚ لَقَد تَّقَطَّعَ بَيْنَكُمْ وَضَلَّ عَنكُم مَّا كُنتُمْ تَزْعُمُونَ ﴿٩٤﴾

١٣٩

شوێن هیدایەتی ئەوان بکەوە ، بڵێ : من داوای پاداشتتان لێ ناکەم لە بری گەیاندنی پەیامی خودا بە ئێوە ، بەڵکو ئەو قورئانە تەنها بە بیرهێنانەوەیە بۆ هەموو خەڵك .

بوخاری لە موجاهیدەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : بە ئیبن عەباسم رضي الله عنهما گوت : ئایا لە سورەتی (ص)دا سوژدە ببەم ؟ ئەم ئایەتەی خوێندەوە : ﴿وَمِن ذُرِّيَّتِهِۦ دَاوُۥدَ وَسُلَيْمَٰنَ﴾ هەتاکو ﴿أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَى ٱللَّهُۖ فَبِهُدَىٰهُمُ ٱقْتَدِهْۗ﴾ ، پاشان گوتی : پێغەمبەر داود عليه السلام لەو پێغەمبەرانەیە کە پێغەمبەرەکەتان ﷺ فەرمانی پێکراوە شوێنی بکەوێت .

﴿وَمَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦٓ إِذْ قَالُواْ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ عَلَىٰ بَشَرٍ مِّن شَيْءٍۗ قُلْ مَنْ أَنزَلَ ٱلْكِتَٰبَ ٱلَّذِي جَآءَ بِهِۦ مُوسَىٰ نُورًا وَهُدًى لِّلنَّاسِۖ تَجْعَلُونَهُۥ قَرَاطِيسَ تُبْدُونَهَا وَتُخْفُونَ كَثِيرًاۖ وَعُلِّمْتُم مَّا لَمْ تَعْلَمُوٓاْ أَنتُمْ وَلَآ ءَابَآؤُكُمْۖ قُلِ ٱللَّهُۖ ثُمَّ ذَرْهُمْ فِي خَوْضِهِمْ يَلْعَبُونَ ﴿٩١﴾﴾ وڕێزی خودایان نەگرت بەو شێوەیەی کە شایستەی گەورەییەتی ، کاتێك گوتیان : خودا هیچ شتێکی بۆ مرۆڤ دانەبەزاندووە ، بڵێ : کێ ئەو کتێبەی دابەزاند کە

پێغەمبەر موسا هێنای کە ڕووناکی وهیدات بوو بۆ خەڵك ، پارچە پارچەیان دەکەن وهەندێکی ئاشکرا دەکەن وپیشانی خەڵکی دەدەن وزۆربەی دەشارنەوە ، وبە هۆی قورئانەوە زانست فێربوون کە نە خۆتان ونە بابوباپیرانتان نەتاندەزانی ، بڵێ : خودا ئەو کتێبانەی دابەزاندووە ، پاشان وازیان لیٚ بهێنە با ڕۆبچن لە نەفامی وگومڕاییدا وبە یاری وگاڵتەکردنەوە خۆیان خەریك بکەن .

تەبەری وئیبن ئەبوحاتەم لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : ﴿وَمَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدۡرِهِۦٓ﴾ ئەو کەسانە بێباوەڕەکان بوون کە باوەڕیان بە دەسەڵاتی خودا نەبوو بەسەریانەوە ، هەرکەسێك باوەڕی وابێت کە خودا توانای هەیە بەسەر هەموو شتێکدا ئەو کەسە ڕێزی خودای گرتووە ئەو ڕێزەی کە شایستەیەتی ، وهەرکەسێك باوەڕی بەو شێوەیە نەبێت باوەڕی نەهێناوە وڕێزی خودای نەگرتووە بەو شێوەیە کە شایستەیەتی ، ﴿إِذۡ قَالُواْ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ عَلَىٰ بَشَرٖ مِّن شَيۡءٖۗ﴾ ئەو کەسانەی لە جوولەکەکان گوتیان : ئەی محمد خودا کتێبی بۆ دابەزاندوویت ؟ فەرمووی : بەڵێ ، گوتیان : سوێند بە خودا لە ئاسمانەوە خودا هیچ کتێبێکی دانەبەزاندووە ، خودا فەرمووی : ئەی محمد ﷺ بڵێ : ﴿قُلۡ مَنۡ أَنزَلَ ٱلۡكِتَٰبَ ٱلَّذِي جَآءَ بِهِۦ مُوسَىٰ نُورٗا وَهُدٗى لِّلنَّاسِۖ تَجۡعَلُونَهُۥ قَرَاطِيسَ تُبۡدُونَهَا وَتُخۡفُونَ كَثِيرٗاۖ وَعُلِّمۡتُم مَّا لَمۡ تَعۡلَمُوٓاْ أَنتُمۡ وَلَآ ءَابَآؤُكُمۡۖ قُلِ ٱللَّهُۖ﴾.

﴿وَهَٰذَا كِتَٰبٌ أَنزَلۡنَٰهُ مُبَارَكٞ مُّصَدِّقُ ٱلَّذِي بَيۡنَ يَدَيۡهِ وَلِتُنذِرَ أُمَّ ٱلۡقُرَىٰ وَمَنۡ حَوۡلَهَاۚ وَٱلَّذِينَ يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡأٓخِرَةِ يُؤۡمِنُونَ بِهِۦۖ وَهُمۡ عَلَىٰ صَلَاتِهِمۡ يُحَافِظُونَ ٩٢﴾ وئەم

کتێبە پیرۆزە کە قورئانە بە سروش دامانبەزاندووە ، وبەڕاست دانەری کتێبەکانی پێش خۆیەتی ، وبۆ ئەوەی خەڵکی شاری مەککە ودەورووبەری پێ بترسێنیت ، ئەو کەسانەی باوەڕیان بە ڕۆژی دوایی هەیە باوەڕ بە قورئان دەهێنن ، **وپارێزگاری لە نوێژەکانیان دەکەن ولەکاتی خۆیدا ئەنجامیان دەدەن .**

ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە پێغەمبەری خودا ﷺ وقورئان تەنها بۆ گەلی عەرەب وهۆزی قورەیش نییە ، چونکە دەفەرموێت : ﴿وَلِتُنذِرَ أُمَّ ٱلۡقُرَىٰ وَمَنۡ حَوۡلَهَاۚ﴾ ، بوخاری ومسلم لە جابری کوڕی عبداللەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : پێنج شتم پێبەخشراوە بە هیچ کەس لە پێغەمبەرانی پێش من نەبەخشراوە ، یەکێك لەوانە ، دەفەرموێت : پێغەمبەر بە تایبەت بۆ گەلەکەی دەنێردرا ، بەڵام من بۆ هەموو خەڵك بەگشتی ڕەوانە کراوم .

﴿وَمَنۡ أَظۡلَمُ مِمَّنِ ٱفۡتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا أَوۡ قَالَ أُوحِيَ إِلَيَّ وَلَمۡ يُوحَ إِلَيۡهِ شَيۡءٞ وَمَن قَالَ سَأُنزِلُ مِثۡلَ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُۗ وَلَوۡ تَرَىٰٓ إِذِ ٱلظَّٰلِمُونَ فِي غَمَرَٰتِ ٱلۡمَوۡتِ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ بَاسِطُوٓاْ أَيۡدِيهِمۡ أَخۡرِجُوٓاْ أَنفُسَكُمُۖ ٱلۡيَوۡمَ تُجۡزَوۡنَ عَذَابَ ٱلۡهُونِ بِمَا كُنتُمۡ تَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ غَيۡرَ ٱلۡحَقِّ وَكُنتُمۡ عَنۡ ءَايَٰتِهِۦ تَسۡتَكۡبِرُونَ ٩٣﴾ وکێ لەو کەسە ستەمکارترە کە بە ناوی خوداوە درۆ دەکات یان بڵێت : سروشم بۆ کراوە ، لە کاتێکدا هیچ سروشی بۆ نەکرابێت ، وهەرکەسێك بڵێت : کتێبێك دادەبەزێنم وەك ئەوەی خودا دایبەزاندووە ، ئەگەر ستەمکاران ببینی لە سەرەمەرگدا چەندە حاڵیان پەرێشان ونارەحەتە ، وفریشتەکان دەستیان لێ کردوونەتەوە وسزایان دەدەن ولێیان دەدەن ، لە کاتی بە زۆر دەرکێشانی


ڕوحەکانیان لە لاشەیان پێیان دەڵێن : خۆتان لەو سزا ڕیسواکەرە دەرباز بکەن ئەگەر دەتوانن ، ئەمڕۆ پاداشت دەدرێنەوە بە سزای ڕیسواکەر بە هۆی ئەوەی بە ناوی خوداوە بە نارەوا قسەتان دەکرد ، و لە ئاست ئایەتەکانی خودا لووت بەرزیتان دەکرد وخۆتان بە گەورە دەزانی .

قورتبی دەڵێت : ﴿وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا أَوْ قَالَ أُوحِىَ إِلَىَّ﴾ هەرکەسێك بانگەشەی ئەوە بکات وبڵێت : من پێغەمبەرم لە کاتێکدا : ﴿وَلَمْ يُوحَ إِلَيْهِ شَىْءٌ﴾ ئەم ئایەتە دەیگرێتەوە ، ئەم ئایەتە دەربارەی ڕەحمانی یەمامە وئەسوەدی عەنسی وسەجاحی ژنی موسلیمە دابەزیوە ، هەموویان بانگەشەی ئەوەیان کردووە کە خودا سروشی بۆ کردوون ، وئیبن عەباس رضي الله عنهما وقەتادە دەڵێن : دەربارەی **موسەیلەمە دابەزیوە** ، **دەڵێم** : **هەرکەسێك** پشت لە فیقه وسوننەت وئەوەی سەلەف لەسەری بوون بکات لەم جۆرە کەسانەیە ، وبڵێت : عەقڵم وا دەڵێت ، یان دڵم خەبەری بەو شێوەیە پێداوم ، بەوەش ئەوەی لە دڵیاندا دروست بووە وخەیاڵیان بەسەردا زاڵ کردووە حوکمی پێدەکەن ، وبانگەشەی ئەوە دەکەن بیروهۆشیان پاکە وگەردی خراپەی نەگرتووە لەبەر ئەوە زانستەکانی خودایان بۆ ئاشکرا دەبێت وڕاستییەکانی پەروەردگاریان بۆ دەردەکەوێت ، بەوەش ئاگاداری نهێنییە گشتییەکان دەبن وحوکمە لاوەکییەکانیش دەزانن ، ئیدی ئیشیان بە حوکمە شەرعیە گشتییەکان نییە ، ودەڵێن : ئەم حوکمە شەرعیە گشتییانە بۆ گێل ونەفام وعەوامەکانە ، بەڵام ئەولیاکان وتایبەتەکانی خودا ، پێویستیان بەو بەڵگانە نییە ؛ **وسەعدی دەڵێت** : ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە ڕوح شتێکی بەرجەستەیە ودەچێتە لاشەوە ودەردەکرێت وقسەی لەگەڵ دەکرێت ولە لاشەدا دەمێنێتەوە ودواتر دەردەچێت

، ئەمە حاڵی بێباوەڕەکانە لە ژیانی ناوگۆڕ(حیاة البرزخ) ، ولە ڕۆژی قیامەتدا مایە پووچن وبێ کەسوکار وسامان ومنداڵ وسەرباز وپشتیوانن ، وەك چۆن خودا یەکەمجار دروستی کردن ، لە هەموو شتێك داڕنراون .

﴿وَلَقَدْ جِئْتُمُونَا فُرَادَىٰ كَمَا خَلَقْنَاكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَتَرَكْتُم مَّا خَوَّلْنَاكُمْ وَرَآءَ ظُهُورِكُمْ وَمَا نَرَىٰ مَعَكُمْ شُفَعَآءَكُمُ ٱلَّذِينَ زَعَمْتُمْ أَنَّهُمْ فِيكُمْ شُرَكَـٰٓؤُاْ لَقَد تَّقَطَّعَ بَيْنَكُمْ وَضَلَّ عَنكُم مَّا كُنتُمْ تَزْعُمُونَ ﴿٩٤﴾﴾ هەر بەوشێوەیە دەگەڕێنەوە بۆ لامان بە تاك وتەنهایی کە یەکەمجار دروستمان کردن بە ڕووتی وخەتەنە نەکراوی ، وهەموو ئەوەی پێمان بەخشین لە ماڵ وسامان ومنداڵ وپلەوپایە **ودەسەڵات** وحەشەم **لە دوای** خۆتان لە دونیا بەجێتان هێشت ، وئەوانەش نابینین لەگەڵتان کە بە تکاکار داتاننابوون ، وبانگەشەی ئەوەتان دەکرد کە هاوبەشی خودان ودڵنیابوون لەوەی لای خودا تکاتان بۆ دەکەن ، هەرچی پەیوەندی نێوانتان هەیە پچڕا وکۆتایی پێهات ، وهەموو ئەوەی بانگەشەتان دەکرد وئومێدتان لەسەر هەڵچنی بوون لە پەیکەر وبتەکان هەمووی بەباچوون وسودیان پێنەگەیاندن .

ئیبن ئەبوحاتەم **وحاکم** لە عائیشەی دایکی باوەڕدارانەوە رضي الله عنها ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە ، دەڵێت : ئەو ئایەتەم خوێندەوە : ﴿وَلَقَدْ جِئْتُمُونَا فُرَادَىٰ كَمَا خَلَقْنَاكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ﴾ ، گوتم : ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ چەندە عەیبە ، ژن وپیاو پێکەوە کۆ بکرێنەوە وهەندێکیان سەیری عەورەتی هەندێکی تریان بکەن ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : ﴿لِكُلِّ ٱمْرِيٍٕ مِّنْهُمْ يَوْمَئِذٍ شَأْنٌ يُغْنِيهِ ﴿٣٧﴾﴾(عَبَس) ، پیاو سەیری ئافرەت ناکات وئافرەتیش سەیری پیاو ناکات ، هەریەکە سەرقاڵی خۆیەتی ونایپەرژێتە سەر ئەوەی سەیری خەڵك بکات ؛ وهەروەها بوخاری ومسلم لە عائیشەی دایکی


الجزء السابع سورة الأنعام

إِنَّ ٱللَّهَ فَالِقُ ٱلْحَبِّ وَٱلنَّوَىٰ ۖ يُخْرِجُ ٱلْحَىَّ مِنَ ٱلْمَيِّتِ وَمُخْرِجُ
ٱلْمَيِّتِ مِنَ ٱلْحَىِّ ۚ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ ۖ فَأَنَّىٰ تُؤْفَكُونَ ﴿٩٥﴾ فَالِقُ ٱلْإِصْبَاحِ
وَجَعَلَ ٱلَّيْلَ سَكَنًا وَٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ حُسْبَانًا ۚ ذَٰلِكَ تَقْدِيرُ
ٱلْعَزِيزِ ٱلْعَلِيمِ ﴿٩٦﴾ وَهُوَ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلنُّجُومَ لِتَهْتَدُوا۟
بِهَا فِى ظُلُمَٰتِ ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ ۗ قَدْ فَصَّلْنَا ٱلْءَايَٰتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ
﴿٩٧﴾ وَهُوَ ٱلَّذِىٓ أَنشَأَكُم مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ فَمُسْتَقَرٌّ وَمُسْتَوْدَعٌ ۗ
قَدْ فَصَّلْنَا ٱلْءَايَٰتِ لِقَوْمٍ يَفْقَهُونَ ﴿٩٨﴾ وَهُوَ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ مِنَ
ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَخْرَجْنَا بِهِۦ نَبَاتَ كُلِّ شَىْءٍ فَأَخْرَجْنَا مِنْهُ
خَضِرًا نُّخْرِجُ مِنْهُ حَبًّا مُّتَرَاكِبًا وَمِنَ ٱلنَّخْلِ مِن طَلْعِهَا قِنْوَانٌ
دَانِيَةٌ وَجَنَّٰتٍ مِّنْ أَعْنَابٍ وَٱلزَّيْتُونَ وَٱلرُّمَّانَ مُشْتَبِهًا وَغَيْرَ
مُتَشَٰبِهٍ ۗ ٱنظُرُوٓا۟ إِلَىٰ ثَمَرِهِۦٓ إِذَآ أَثْمَرَ وَيَنْعِهِۦٓ ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكُمْ
لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿٩٩﴾ وَجَعَلُوا۟ لِلَّهِ شُرَكَآءَ ٱلْجِنَّ وَخَلَقَهُمْ ۖ
وَخَرَقُوا۟ لَهُۥ بَنِينَ وَبَنَٰتٍۭ بِغَيْرِ عِلْمٍ ۚ سُبْحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يَصِفُونَ
﴿١٠٠﴾ بَدِيعُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۖ أَنَّىٰ يَكُونُ لَهُۥ وَلَدٌ وَلَمْ تَكُن لَّهُۥ
صَٰحِبَةٌ ۖ وَخَلَقَ كُلَّ شَىْءٍ ۖ وَهُوَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ ﴿١٠١﴾

١٤٠

باوەڕدارانەوە رضي الله عنها ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : خەڵك هەمووی لە ڕۆژی قیامەتدا بە پێی پەتی وڕووتی وخەتەنە نەکراوی کۆ دەکرێنەوە ، گوتم : ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ، پیاوان وژنان هەموویان پێکەوە سەیری یەکتر دەکەن ؟ فەرمووی : ئەی عائیشە کارەکە زۆر لەوە قورستر ونارەحەت ترە کە بیانپەرژێتە سەر ئەوەی سەیری یەکتر بکەن .

﴿إِنَّ ٱللَّهَ فَالِقُ ٱلْحَبِّ وَٱلنَّوَىٰ ۖ يُخْرِجُ ٱلْحَىَّ مِنَ ٱلْمَيِّتِ وَمُخْرِجُ ٱلْمَيِّتِ مِنَ ٱلْحَىِّ ۚ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ ۖ فَأَنَّىٰ تُؤْفَكُونَ ﴿٩٥﴾﴾ بێگومان خودایە کە تۆو وناوك دەقڵیشێنێ وشەقی دەکات ، زیندوو لە مردوو دەردەهێنێت ومردووش لە زیندوو دەردەهێنێت ، ئەوانە ئیشی خودان ، ئیتر چۆن لە حەق لادەدەن ولەگەڵ خودا شتی تر دەپەرستن لە کاتێکدا ئەو دەسەڵات وتوانایەی خودا دەبینن .

خودا سبحانه وتعالى لەم ئایەتە باسی ئەوە دەکات کە تۆو وناوك لە خۆڵدا دەقڵیشێنێ وڕووەك ودرەختی بە هەموو شێوە وجۆرەکانییەوە لێ دەڕوێنێت ، وبەروبوومی ڕەنگ وتام وبۆن جیاوازیان لێ بەرهەم دەهێنێت ، ڕووەکی زیندوو لە تۆ وناوکی مردوو وشك دەردەهێنێت ، وگوتراوە : هێلکە لە مریشك دەردەهێنێت ومریشك لە هێلکە ،

وگوتراوە : مندالّی موسلّمانی چاکەکار لە کەسی بێباوەڕ ، ومندالّی بێباوەڕ لە کەسی چاکەکار دروست دەکەیت ، مسلم لە عەلی کوڕی ئەبوتالبەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە دەلّێت : سوێند بەو کەسەی تۆو دەقلّیشێنیّ وشەقی دەکات ، ومرۆڤەکانی دروست کردووە ، بەلّێن وپەیمانی پێغەمبەری نەخوێندەوارە ﷺ بۆ من : کەس خۆشی ناوێم باوەڕدار نەبێت ، وکەس ڕقی لێم نابێت دووڕوو نەبێت .

﴿فَالِقُ ٱلۡإِصۡبَاحِ وَجَعَلَ ٱلَّيۡلَ سَكَنًا وَٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَ حُسۡبَانًاۚ ذَٰلِكَ تَقۡدِيرُ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡعَلِيمِ ﴿٩٦﴾﴾ خودایە کە تاریکی شەو شەق دەکات وڕووناکی سپێدە وبەیانی لیّ دەردەهێنێت ، وشەوی گێڕاوە بە جێگای حەسانەوە وپشوودانتان ، وخۆر ومانگی کردووەتە هۆکاری ئەوەی سالّ ومانگیان پیّ بژمێرن ، ئەو کردەوانە نەخشە وبڕیاری خودای بالاّدەستی خاوەن دەسەلاّتی زانایە .

بوخاری لە ئیبن عەباسەوە ﵄ ڕیوایەتی کردووە ودەلّێت : ﴿فَالِقُ ٱلۡإِصۡبَاحِ﴾ بریتییە لە تیشکی خۆر بە ڕۆژ وڕووناکی مانگ بە شەو ؛ **وحاکم** لە ئەبوهرەیرەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە ، دەلّێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : لە باشترین بەندەکانی خودا ئەو کەسانەیە مانگ وسالّ دەژمێرن وکە شەو دابێت چاوەڕوانی دەرکەوتنی ئەستێرە دەکەن بۆ ئەوەی یاد وپەرستنی خودایان تێدا بکەن .

﴿وَهُوَ ٱلَّذِي جَعَلَ لَكُمُ ٱلنُّجُومَ لِتَهۡتَدُواْ بِهَا فِي ظُلُمَٰتِ ٱلۡبَرِّ وَٱلۡبَحۡرِۗ قَدۡ فَصَّلۡنَا ٱلۡأٓيَٰتِ لِقَوۡمٖ يَعۡلَمُونَ ﴿٩٧﴾﴾ وهەر خودایە کە ئەستێرەکانی بۆ کردوونەتە ڕیّ نیشاندەر بۆ ئەوەی لە تاریکییەکانی وشکانی ودەریا ڕیّ دەربکەن وهەلّە نەبن ، بێگومان ئایەتەکانمان

بۆ کەسانێك کە ژێر وزانان ڕوون کردووەتەوە وبەدرێژی باسمان کردوون .

ئیبن کەسیر دەڵێت : ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلنُّجُومَ لِتَهْتَدُوا۟ بِهَا فِى ظُلُمَٰتِ ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ ۗ﴾ هەندێك لە سەلەف دەڵێن : هەرکەس بیروباوەڕی بە ئەستێرەکان هەبێت بۆ جگە لەم سێ شتە ، ئەوە بە هەڵەدا چووە ودرۆی بە ناوی خوداوە ﷻ کردووە : خودا کردوویەتیە جوانی بۆ ئاسمان ، وشەیتانی پێ ڕەجم دەکات ، وبەهۆیانەوە خەڵك ڕێ دەردەکەن وهەڵە نابن لە تاریکییەکانی وشکانی ودەریا ؛ تەبەرانی وئەبونەعیم وخەتیب لە ئیبن مەسعودەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : ئەگەر باسی هاوەڵانم کرا زمانتان بپارێزن ، وئەگەر باسی قەدەر کرا زمانتان بپارێزن ، وئەگەر باسی ئەستێرەکان کرا زمانتان بپارێزن ؛ ئەبوداود وئیبن ماجە لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : **هەرکەسێك شتێك لە زانستی ئەستێرەناسی** فێربێت ، شتێك لە جادوو فێر بووە ، وهەتا زیاتر فێربێت زیاتر فێری جادوو دەبێت ؛ ئەم ئایەت وفەرموودانە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن ئەو کەسانەی بورجەکان دەخوێننەوە وباسی کاریگەری ئەستێرەکان دەکەن لەسەر ژیان گومڕان وتووشی بێباوەڕی دەبن ، چونکە بانگەشەی زانینی پەنهان وئایندە دەکەن ، ودەڵێن ئەستێرەکان کاریگەرییان لەسەر زەوی وژیانی مرۆڤەکان هەیە ، کە ئەمە درۆیەکی ئاشکرایە وتەنها کەسانی ساوێلکە وگێل ونەفام باوەڕ بەو درۆ ودەلەسانە دەکەن .

﴿وَهُوَ ٱلَّذِىٓ أَنشَأَكُم مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ فَمُسْتَقَرٌّ وَمُسْتَوْدَعٌ ۗ قَدْ فَصَّلْنَا ٱلْـَٔايَٰتِ لِقَوْمٍ يَفْقَهُونَ ﴿٩٨﴾﴾ وخودایە لە یەك کەسەوە کە ئادەمی باوکی مرۆڤایەتییە هەمووتانی

دروست کردووە کە لە سەرەتادا ئێوە هیچ نەبوون ، ولە ڕەحمی دایکتاندا جێگیری کردن دوای ئەوەی لە پشتی باوکتاندا داینابوون ، بێگومان ئایەتەکانمان بۆ کەسانێك کە تێدەگەن ڕوون کردووەتەوە وبەدرێژی باسمان کردوون .

ئیبن کەسیر دەڵێت : ﴿فَمُسْتَقَرٌّ﴾ زانایان ناكۆكن دەربارەی ماناكەی ، ئیبن عەباس ﷺ وئەبوعەبدالرحمان سولەمی وموجاهید وجگە لەوانیش دەڵێن : ﴿فَمُسْتَقَرٌّ﴾ جێگیرتان دەكات لە ڕەحمی دایکتان ، ودەڵێن : ﴿وَمُسْتَوْدَعٌ﴾ دروستکردن ودانانتانە لە پشتی باوکتان ، وئیبن مەسعود ﷺ وهەندێکی تر دەڵێن : ماوەیەك لە دونیا جێگیر وجێنشین دەبن وپاشان لە گۆڕدا ئۆقرە دەگرن ، وچەند بۆچوونێکی تر باس دەكات ودەڵێت بۆچوونی یەکەم پەسەندترە .


﴿وَهُوَ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَخْرَجْنَا بِهِۦ نَبَاتَ كُلِّ شَىْءٍ فَأَخْرَجْنَا مِنْهُ خَضِرًا نُّخْرِجُ مِنْهُ حَبًّا مُّتَرَاكِبًا وَمِنَ ٱلنَّخْلِ مِن طَلْعِهَا قِنْوَانٌ دَانِيَةٌ وَجَنَّٰتٍ مِّنْ أَعْنَابٍ وَٱلزَّيْتُونَ وَٱلرُّمَّانَ مُشْتَبِهًا وَغَيْرَ مُتَشَٰبِهٍ ٱنظُرُوٓا۟ إِلَىٰ ثَمَرِهِۦٓ إِذَآ أَثْمَرَ وَيَنْعِهِۦٓ إِنَّ فِى ذَٰلِكُمْ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿٩٩﴾﴾ وخودایە کە لە ئاسمانەوە بارانتان بۆ دەبارێنێت ، وبە هۆیەوە هەموو ڕووەکێکمان ڕوواندووە ، ولە ڕووەکەوە سەوزیمان دەرهێناوە ، ولەو سەوزییەوە تۆوی چین لەسەر چینمان دەرهێناوە ، ولە پەلکی دارخورماوە هێشوومان دەرهێناوە کە دەست خستنی ئاسانە ، وباخی ترێ وزەیتون وهەنارمان پێ ڕوواندووە کە گەڵا وڕەنگیان لە یەك دەچێت بەڵام تام وچێژیان جیاوازە ، سەیری بەروبوومەکەی بکەن

کە سەرەتا چۆنە وپاشان کە پێدەگات چۆنە ، بێگومان ئەو شتانە بەڵگە ونیشانەی دەسەلاّتی خودایان تێدایە بۆ ئەو کەسانەی کە باوەڕدارن .

خودا بە هۆی بارانەوە ژیانی مرۆڤ وزیندەوەران دەپارێزێت ورۆزییان دەدات ودرەخت ومیوە ودانەوێڵەیان بۆ دەچێنێت ، ﴿مُّتَرَاكِبًا﴾ وەك گوڵی گەنم وجۆ وگەنمە شامی کە لەسەریەك چین چین ڕیزکراون ، تەبەری وئیبن ئەبوحاتەم لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : ﴿قِنْوَانٌ دَانِيَةٌ﴾ دارە خورمای بچووك کە هێشووی خورماکەی بە زەوییەوە نوساوە ، وئیبن ئەبوحاتەم لە قەتادەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : ﴿مُشْتَبِهًا وَغَيْرَ مُتَشَابِهٍ﴾ گەلاّکانیان لە یەك دەچێت وبەروبوومەکانیان جیاوازە .

﴿وَجَعَلُوا لِلَّهِ شُرَكَاءَ الْجِنَّ وَخَلَقَهُمْ وَخَرَقُوا لَهُ بَنِينَ وَبَنَاتٍ بِغَيْرِ عِلْمٍ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى عَمَّا يَصِفُونَ ﴿١٠٠﴾﴾ وهاوبەشی جنیان بۆ خودا بڕیاردەدا لە کاتێکدا خودا دروستی کردوون ، وکوڕان وکچانیان بۆ خودا داناوە بەبێ زانست ، خودا پاك وبێگەردە ودوورە لەو شتانەی ئەوان دەیدەنە پاڵی .

بێباوەڕەکان هەموو جۆرە نەفامییەکیان تاقی کردەوە ، ئەمجارەیان گوێڕایەڵی جنیان دەکرد ، ئەو پەیکەر وبتانەیان دەپەرست کە ئەوان فەرمانیان پێ دەکردن ، ودەیانگوت : فریشتەکان کچی خودان ، وەك چۆن جوولەکەکان دەیانگوت : عوزەیر کوڕی خودایە وگاورەکان دەیانگوت : مەسیح کوڕی خودایە ، هەموو ئەوانەش درۆی بێ بنەما وبێ زانست بوون دەیاندایە پاڵ خودا سبحانه وتعالى ، پاکی وبەرزی وبێ خەوشی بۆ خودا لەوەی کە وەسفی دەکەن بەو وەسفە ناقۆلاّو ونابەجێیانە ، هەموو ئەوانە بەندە ودروستکراوی خودان


الجُزْءُ السَّابِعُ — سُورَةُ الأَنْعَامِ
ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمۡۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ خَٰلِقُ كُلِّ شَيۡءٖ فَٱعۡبُدُوهُۚ
وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ وَكِيلٞ ١٠٢ لَّا تُدۡرِكُهُ ٱلۡأَبۡصَٰرُ وَهُوَ
يُدۡرِكُ ٱلۡأَبۡصَٰرَۖ وَهُوَ ٱللَّطِيفُ ٱلۡخَبِيرُ ١٠٣ قَدۡ جَآءَكُم
بَصَآئِرُ مِن رَّبِّكُمۡۖ فَمَنۡ أَبۡصَرَ فَلِنَفۡسِهِۦۖ وَمَنۡ عَمِيَ فَعَلَيۡهَاۚ
وَمَآ أَنَا۠ عَلَيۡكُم بِحَفِيظٖ ١٠٤ وَكَذَٰلِكَ نُصَرِّفُ ٱلۡأٓيَٰتِ
وَلِيَقُولُواْ دَرَسۡتَ وَلِنُبَيِّنَهُۥ لِقَوۡمٖ يَعۡلَمُونَ ١٠٥ ٱتَّبِعۡ
مَآ أُوحِيَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ وَأَعۡرِضۡ عَنِ ٱلۡمُشۡرِكِينَ
١٠٦ وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ مَآ أَشۡرَكُواْۗ وَمَا جَعَلۡنَٰكَ عَلَيۡهِمۡ حَفِيظٗاۖ
وَمَآ أَنتَ عَلَيۡهِم بِوَكِيلٖ ١٠٧ وَلَا تَسُبُّواْ ٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ
مِن دُونِ ٱللَّهِ فَيَسُبُّواْ ٱللَّهَ عَدۡوَۢا بِغَيۡرِ عِلۡمٖۗ كَذَٰلِكَ زَيَّنَّا لِكُلِّ أُمَّةٍ
عَمَلَهُمۡ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِم مَّرۡجِعُهُمۡ فَيُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ
١٠٨ وَأَقۡسَمُواْ بِٱللَّهِ جَهۡدَ أَيۡمَٰنِهِمۡ لَئِن جَآءَتۡهُمۡ ءَايَةٞ لَّيُؤۡمِنُنَّ
بِهَاۚ قُلۡ إِنَّمَا ٱلۡأٓيَٰتُ عِندَ ٱللَّهِۖ وَمَا يُشۡعِرُكُمۡ أَنَّهَآ إِذَا جَآءَتۡ
لَا يُؤۡمِنُونَ ١٠٩ وَنُقَلِّبُ أَفۡـِٔدَتَهُمۡ وَأَبۡصَٰرَهُمۡ كَمَا لَمۡ
يُؤۡمِنُواْ بِهِۦٓ أَوَّلَ مَرَّةٖ وَنَذَرُهُمۡ فِي طُغۡيَٰنِهِمۡ يَعۡمَهُونَ ١١٠
١٤١

، وخودا پێویستی بە کوڕ وکچ نییە .

﴿بَدِيعُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ أَنَّىٰ يَكُونُ لَهُۥ وَلَدٞ وَلَمۡ تَكُن لَّهُۥ صَٰحِبَةٞۖ وَخَلَقَ كُلَّ شَيۡءٖۖ وَهُوَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٞ ١٠١﴾ داهێنەری ئاسمانەکان وزەوییە ، چۆن مندالّی دەبێت لە کاتێکدا هاوسەری نییە ، ودروستکەری هەموو شتێکە ، وهەر ئەوە بە هەموو شتێك زانایە .

﴿ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمۡۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ خَٰلِقُ كُلِّ شَيۡءٖ فَٱعۡبُدُوهُۚ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ وَكِيلٞ ١٠٢﴾ ئەوە خودایە کە پەروەردگارتانە ، هیچ پەرستراوێکی حەق نییە جگە لە ئەو ، دروستکاری هەموو شتێکە لەبەر ئەوە بیپەرستن ، وخودایە کە پارێزەر وبەڕێوەبەری هەموو شتێکە .

﴿لَّا تُدۡرِكُهُ ٱلۡأَبۡصَٰرُ وَهُوَ يُدۡرِكُ ٱلۡأَبۡصَٰرَۖ وَهُوَ ٱللَّطِيفُ ٱلۡخَبِيرُ ١٠٣﴾ چاوەکان ناتوانن گەورەیی خودا دەرك پێ بکەن وببینن ، وخودا هەموو چاوەکان وخاوەنەکانیان دەبینێت ، ودەرك بە هەموو شتەکان دەکات ، وخودا بە لوتفە وچاکە بۆ هەر کەسێك دەکات کە بیەوێت بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکات ، وشارەزایە بە حالّی بەندەکانی .

ئەزهەری دەڵێت : ﴿لَطِيفُ﴾ لە ناوەکانی خودا ، مانای ئەوەیە نەرمونیانە بە بەندەکانی ؛ وئیبن عوسەیمین دەڵێت : ئەهلی سوننەت دەڵێن : ﴿لَطِيفُ﴾ کە لە کتێبەی خودا هاتووە (تعدیه) دەکرێت بە (لام) وبە (باء) ، دەفەرموێت : ﴿ٱللَّهُ لَطِيفُۢ بِعِبَادِهِۦ ⁽¹⁹⁾﴾(الشُّورَىٰ) ، ودەفەرموێت : ﴿إِنَّ رَبِّي لَطِيفٞ لِّمَا يَشَآءُۚ ⁽¹⁰⁰⁾﴾ ، بەوەش ﴿لَطِيفُ﴾ دوو مانای هەیە ، یەکەمیان : بە لوتفە بەرامبەر بەندەکانی ، وخودا ڕێکاری چاکەکاری بۆ بەندەی مەیسەر دەکات ، بە مانای ئەوەی بەزەیی پێدا دێتەوە وئاسانکاری بۆ دەکات ، ومانای ﴿لَطِيفُۢ بِ﴾ زانایە بەو کار وفەرمانانەی شاراوەیە ، بەوەش بە مانای شارەزا دێت ، بەڵکو لە مانای شارەزا وردترە ؛ ئەهلی بیدعە کە خەوارجەکان وموعتەزیلەکان وهەندێك لە مورجیئەکانن ڕەواڵەتی ئەم ئایەتە دەکەنە بەڵگە بۆ ئەوەی کە خودا ﷻ نەلە دونیا ونەلە قیامەتدا نابینرێت ، ئەوەش پێچەوانەی بیروباوەڕی ئەهلی سوننەیە ، **خودا** ﷻ لە دونیادا نابینرێت ، بەڵام لە قیامەتدا **باوەڕداران** دەیبینن ، بوخاری ومسلم لە **مەسروقەوە ڕیوایەتیان** کردووە دەڵێت : لای عائیشەی دایکی باوەڕداران رضي الله عنها شانم دابوویەوە ، گوتی : باوکی عائیشە هەرکەسێك بڵێت : محمد ﷺ پەروەردگاری بینیوە ، ومحمد ﷺ شتێکی لە سروشی پەروەردگاری شاردووەتەوە ، ومحمد ﷺ شتێك دەزانێت دەربارەی سبەی ، درۆی گەورەی کردووە ، دانیشتم وگوتم : پەلەم لێ مەکە ، خودا دەفەرموێت : ﴿وَلَقَدۡ رَءَاهُ بِٱلۡأُفُقِ ٱلۡمُبِينِ ⁽²³⁾﴾(التَّكۡوِير) ، دەفەرموێت : ﴿وَلَقَدۡ رَءَاهُ نَزۡلَةً أُخۡرَىٰ ⁽¹³⁾﴾(النَّجۡم) ؟! ، گوتی : من یەکەم کەس بووم لەم ئوممەتە ئەو پرسیارەم لە پێغەمبەری خودا ﷺ کرد ، فەرمووی : ئەوە مەبەست جبریلە عليه السلام **نەیبینیوە لەسەر** ئەو شێوەیە کە لەسەری دروستکراوە جگە لەو دووجارە ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی :

بینیم لە ئاسمانەوە دادەبەزی لەبەر گەورەیی ئاسۆی نێوان ئاسمان وزەوی داپۆشی بوو ، گوتی : نەتبیستووە خودا دەفەرموێت : ﴿لَّا تُدۡرِكُهُ ٱلۡأَبۡصَٰرُ وَهُوَ يُدۡرِكُ ٱلۡأَبۡصَٰرَۖ وَهُوَ ٱللَّطِيفُ ٱلۡخَبِيرُ ١٠٣﴾ یان نەتبیستووە کە خودا دەفەرموێت : ﴿۞وَمَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُكَلِّمَهُ ٱللَّهُ إِلَّا وَحۡيًا أَوۡ مِن وَرَآيِٕ حِجَابٍ أَوۡ يُرۡسِلَ رَسُولٗا فَيُوحِيَ بِإِذۡنِهِۦ مَا يَشَآءُۚ إِنَّهُۥ عَلِيٌّ حَكِيمٞ ٥١﴾(الشُّورَىٰ) ؛ وترمزی لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : ﴿مَا كَذَبَ ٱلۡفُؤَادُ مَا رَأَىٰٓ ١١﴾(النَّجم) ، بە دڵی خودای بینی ؛ ئەلبانی دەڵێت : ئەبوحاتەم دەڵێت : ئەو کەسەی شارەزای زانستی فەرموودە نییە واگومان دەبات کە ئەم دوو فەرموودەیە ماناکانیان دژیەکە ، بەڵام وانییە چونکە خودا فەزڵ وڕێزی پێغەمبەرەکەی ﷺ بەسەر پێغەمبەرانی علیهم السلام تردا داوە ، هەتاکو جبریل علیه السلام بە ئەندازەی دوو کەوان لە خوداوە نزیك بوو ، وجبریل علیه السلام **محمدی** ﷺ **فێر دەکرد لەو** کاتەدا بە دڵی خودای بینی بەو شێوەیەی خودا ویستی لەسەر بووە ، وفەرموودەکەی عائیشە رضي الله عنها مەبەستی ئەوەیە **دەرکی پێناکرێت نەلە خەودا** ونەلە کاتی بە ئاگابووندا ، وئەوەی دەفەرموێت : ﴿لَّا تُدۡرِكُهُ ٱلۡأَبۡصَٰرُ﴾ مانای ئەوەیە چاوەکان دەرکی ناکەن ، چونکە دەرك کردن بە دەورەدان **وتێگەیشتن لە حەقیقەتی دەبێت** ، بەڵام بینین سەیرکردنی خودایە سبحانه وتعالى لە قیامەتدا ، باوەڕداران دەیبینن بەڵام دەرکی حەقیقەتەکەی ناکەن ؛ وئیبن حبان دەڵێت : لە قیامەتدا دەبینرێت بەڵام چاوەکان دەرکی پێناکەن کاتێك کە دەیبینن ، چونکە دەرك کردن بریتییە لە دەورەدان بەڵام بینین سەیرکردنە ، خودا سبحانه وتعالى دەبینرێت بەڵام دەرك بە خودی ناکرێت ؛ وبەغەوی دەڵێت : دەرك کردن جیاوازە لە بینین ، چونکە دەرك کردن بریتییە لە تێگەیشتن لە حەقیقەت وخودی شتەکە ودەورەدانی

، بەڵام بینین سەیرکردنە ، لەوانەیە بینین بەبێ دەرك پێکردن ڕووبدات ؛ وشنقیتی دەڵێت : دەرك کردن تایبەتترە لە بینین بە ڕەهایی ، عەرەب دەڵێن : شتەکەم بینی بەڵام دەرکم پێنەکرد ، مانای : ﴿لَّا تُدۡرِكُهُ ٱلۡأَبۡصَٰرُ﴾ ، ناتوانرێت دەورە بدرێت ، وەك چۆن دروستکراوەکان خودا دەناسن بەڵام زانستیان دەورەی نەداوە ؛ وئیبن قەیم دەڵێت : دارمی کۆدەنگی هاوەڵانی گێڕاوەتەوە کە لە شەوی میعراجدا پێغەمبەری خودا ﷺ خودای نەبینیوە ، وهەندێکیان ئیبن عەباس رضي الله عنهما لەو کۆدەنگییە دەردەکەن ، وشێخمان ئیبن تەیمییە دەڵێت : ئەوە ناکۆکی نییە لە ڕاستیدا ، چونکە ئیبن عەباس رضي الله عنهما نەیگوتووە **بە چاوی بینیویەتی** ؛ وئیبن تەیمییە دیسان دەڵێت : ئەوەی کە بە صەحیحی لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما گێڕدراوەتەوە کە دەڵێت : محمد ﷺ دووجار بە دڵی خودای بینیوە ، وعائیشە رضي الله عنها بینینی نکولی کردووە ، هەندێك ئەو گوتانەیان کۆ کردووەتەوە بەوەی عائیشە رضي الله عنها نکولی بینینی چاوی کردووە وئیبن عەباس رضي الله عنهما بینینی دڵی سەلماندووە ؛ کەواتە بۆچوونی پەسەند ئەوەیە کەس لە دونیا بە چاو خودای نەبینیوە هەتاکو پێغەمبەری خوداش ﷺ لە شەوی میعراجدا ، بەڵام کۆمەڵێك فەرموودەی زۆرمان هەیە کە بینینی خودا لە ڕۆژی قیامەتدا بۆ باوەڕداران دەسەلمێنن ، لەوانە : بوخاری ومسلم لە جەریری کوڕی عبداللەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : شەوێك لای پێغەمبەری خودا ﷺ دانیشتبووین لە شەوی چواردە سەیری مانگی کرد وفەرمووی : ئێوە بێگومان پەروەردگارتان دەبینن وەك چۆن ئەم مانگە دەبینن ، وهیچ نارەحەت وسەرقاڵ نابن وئاپۆڕا نابەستن بۆ بینینی ؛ ومسلم لە **صوهەیبەوە** رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : ئەگەر ئەهلی بەهەشت چوونە بەهەشتەوە ، خودا پێیان دەفەرموێت : شتێکتان دەوێت بۆتانی زیاد بکەم ، دەڵێن : مەگەر ڕووت سپی نەکردووین وئێمەت

نەخستووەتە بەهەشتەوە ، ولە ئاگر رزگارت کردووین ؟ دەفەرمویت : پەردەی نێوان خودا ﷻ وبەندەکانی لادەدرێت ، هیچ شتێکیان پێنەبەخشراوە لە سەیرکردنی پەروەردگاریان پێیان خۆشتربێت ئەوەش ئەو زیادەیە ، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە : ﴿لِّلَّذِينَ أَحۡسَنُواْ ٱلۡحُسۡنَىٰ وَزِيَادَةٞۖ ﴿٢٦﴾﴾(یُونُس) .

﴿قَدۡ جَآءَكُم بَصَآئِرُ مِن رَّبِّكُمۡۖ فَمَنۡ أَبۡصَرَ فَلِنَفۡسِهِۦۖ وَمَنۡ عَمِيَ فَعَلَيۡهَاۚ وَمَآ أَنَا۠ عَلَيۡكُم بِحَفِيظٖ ﴿١٠٤﴾﴾ بێگومان چەندەها بەڵگە ونیشانەتان لە پەروەردگارتانەوە بۆ هاتووە بۆ ئەوەی بەرچاوتان ڕوون بکاتەوە ، هەرکەسێك پەند وئامۆژگارییان لێوەر بگرێت وباوەڕیان پێ بهێنێت بەرچاو ڕوونییان لێ وەربگرێت ئەوە سودەکەی بۆ نەفسی خۆیەتی ، وهەرکەسێك خۆی کوێر بکات وچاو لە ئاستیان دابخات وبەرچاو ڕوونییان لێ وەرنەگرێت خۆی زیانمەندە ، ومن چاودێر وپارێزەرنیم بەسەرتانەوە .

قورتبی دەڵێت : ﴿وَمَآ أَنَا۠ عَلَيۡكُم بِحَفِيظٖ﴾ من ڕانەسپێردراوم بە پاراستنتان لەوەی کە دەتانەوێت خۆتان بە هیلاکدا ببەن ، وگوتراوە : من ناتان پارێزم لە سزای خودا ﷻ ، وگوتراوە : ﴿بِحَفِيظٖ﴾ چاودێرنیم بەسەرتانەوە کردەوەکانتان بژمێرم ، بەڵکو من پێغەمبەری خودام وپەیامەکانی پەروەردگارتان پێدەگەیەنم ، خودایە ﷻ کە کردەوەکانتان دەپارێزێت وهیچ شتێکی لە کردەوەکانتان لێ شاراوە نییە .

﴿وَكَذَٰلِكَ نُصَرِّفُ ٱلۡأٓيَٰتِ وَلِيَقُولُواْ دَرَسۡتَ وَلِنُبَيِّنَهُۥ لِقَوۡمٖ يَعۡلَمُونَ ﴿١٠٥﴾﴾ وبەو شێوەیە بەڵگە ونیشانەکانمان جۆراوجۆر وهەمەچەشن دەکەین وڕوونی دەکەینەوە بۆ ئەوەی پەندی لێوەر بگرن ، کەچی دەڵێن : ئەم شتانەت لای خاوەن کتێبەکان خوێندووە

وفێریان بویت ، ولای خوداوە بۆت دانەبەزیوە ، وبەڵگە ونیشانەکانمان ڕوون دەکەینەوە بۆ ئەو کەسانەی ژیرن وتێدەگەن .

﴿ٱتَّبِعۡ مَآ أُوحِيَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ وَأَعۡرِضۡ عَنِ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ١٠٦﴾ شوێنی ئەو حەقە بکەوە کە بە سروش بۆت دابەزێنراوە لە لایەن پەروەردگارتەوە ، هیچ پەرستراوێکی حەق نییە جگە لە ئەو ، وپشت هەڵبکە وواز بهێنە لە هاوبەش بڕیاردەران .

﴿وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ مَآ أَشۡرَكُواْۗ وَمَا جَعَلۡنَٰكَ عَلَيۡهِمۡ حَفِيظٗاۖ وَمَآ أَنتَ عَلَيۡهِم بِوَكِيلٖ ١٠٧﴾ وئەگەر خودا بیویستایە هاوبەشیان بۆ بڕیار نەدەدا ، وئێمە تۆمان نەکردووە بە پارێزەریان ، وتۆ بریکار وبەڕێوەبەری ئیشوکاریان نیت .

سەعدی دەڵێت : ئەگەر خودا ﷻ بیویستایە بە تەنها بیپەرستن وهاوبەشی بۆ بڕیارنەدەن ، دەیتوانی بە زۆر ناچارییان بکات لەسەر ئەوە بە توانا ودەسەلاتی ، بەڵام هەڵبژاردنی داوەتە دەستی خۆیان ، وئەی محمد ﷺ ئێمە تۆمان نەکردووەتە چاودێر بۆ ئەوەی کردەوەکانیان بژمێریت ، وتۆ ڕانەسپێردراویت لە بری ئەوان ئیش وکارەکان ڕاپەڕێنیت ، وئیش وکاریان ڕاست کەیتەوە .

﴿وَلَا تَسُبُّواْ ٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ فَيَسُبُّواْ ٱللَّهَ عَدۡوَۢا بِغَيۡرِ عِلۡمٖۗ كَذَٰلِكَ زَيَّنَّا لِكُلِّ أُمَّةٍ عَمَلَهُمۡ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِم مَّرۡجِعُهُمۡ فَيُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ١٠٨﴾ وجنێو وقسەی ناشیرین بەو شتانە مەڵێن کە بێباوەڕان لێیان دەپاڕێنەوە ودەیانپەرستن جگە لە خودا ، چونکە بێباوەڕان لە تۆڵەی پەرستراوەکانیان بەخێرایی جنێو وقسەی نەشیاو بە خودا دەڵێن بە نەزانینەوە ، بەو شێوەیە کردەوەکانی هەموو ئوممەتێکمان ڕازاندووەتەوە ولەبەر چاویان

جوانمان کردووە بۆیان ، پاشان بۆ لای پەروەردگاریان دەگەڕێنەوە ، ئاگاداریان دەکاتەوە لەو کردەوانەی ئەنجامیان داوە وپاداشتیان دەداتەوە لەسەری .

ئەم ئایەتە بەڵگەیە ئەگەر کردەوەی شەرعی ببێتە هۆکاری ئەنجامدانی کردەوەیەکی گەورەتر وخراپتر ، وکاردانەوەی خراپی لێ بکەوێتەوە دەبێت موسڵمان ئەنجامی نەدات ، وپێویستە موسڵمانان خۆیان لەو جۆرە کردار وگوفتارانە بە دوور بگرن وبیانوو نەدەن بە دەستی دوژمنان ونەیارەکانەوە کە بە ڕێسای (سد الذرائع) ناسراوە ، بە نارەوا باسکردنی ئەو بت وپەیکەرانەی جگە لە خودا دەپەرسترێن وکردەوەی هاوبەش بڕیاردەران لە بنەڕەتدا ڕەوایە ، بەڵام ئەگەر ئەو بە خراپ باسکردنە سەربکێشێت بۆ بێ ڕێزی کردن بە خودا ﷻ وپێغەمبەری خودا ﷺ وئیسلام وقورئان دەبێت موسڵمان خۆی لەو کردارە بە دوور بگرێت ، چونکە ڕێسایەکی شەرعیمان هەیە دەڵێت : دوورخستنەوەی خراپە لە پێشترە لە هێنان وباسکردنی چاکە وبەرژەوەندییەك (درء المفاسد أولى من جلب المصالح) ، تەبەری وئیبن ئەبوحاتەم لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : ﴿وَلَا تَسُبُّواْ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ﴾ بێباوەڕان گوتیان : ئەی محمد وازدەهێنیت لە بە خراپە باسکردنی پەرستراوەکانمان ، یان ئێمەش جێنو وقسەی نەشیاو بە پەروەردگاری تۆ دەڵێین ، خودا یاساغی لێکرد کە جنێو وقسەی خراپ بە بت وپەیکەرەکانیان بڵێن ، چونکە : ﴿فَيَسُبُّواْ ٱللَّهَ عَدۡوَۢا بِغَيۡرِ عِلۡمٖۗ﴾ ؛ ئیبن ئیسحاق لە سیرەدا ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : ئەبوجەهل گەیشت بە پێغەمبەری خودا ﷺ پێی گوت : ئەی محمد وازدەهێنیت لە سوکایەتی کردن وجنێودان بە پەرستراوەکانمان ، یان ئێمەش جنێو دەدەین بەو خودایەی تۆ دەیپەرستیت ، ئەم ئایەتە دابەزی : ﴿وَلَا تَسُبُّواْ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ

مِن دُونِ ٱللَّهِ فَيَسُبُّواْ ٱللَّهَ عَدْوَۢا بِغَيْرِ عِلْمٍۗ كَذَٰلِكَ زَيَّنَّا لِكُلِّ أُمَّةٍ عَمَلَهُمْ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِم مَّرْجِعُهُمْ فَيُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ ﴿١٠٨﴾ .

﴿وَأَقْسَمُواْ بِٱللَّهِ جَهْدَ أَيْمَٰنِهِمْ لَئِن جَآءَتْهُمْ ءَايَةٌ لَّيُؤْمِنُنَّ بِهَاۚ قُلْ إِنَّمَا ٱلْأَٓيَٰتُ عِندَ ٱللَّهِۖ وَمَا يُشْعِرُكُمْ أَنَّهَآ إِذَا جَآءَتْ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿١٠٩﴾﴾ وبێباوەڕان سوێندی جەخت لێکراوی قورسیان خوارد ئەگەر ئەو بەڵگە ونیشانەیان بۆ بێت کە داوای دەکەن باوەڕی پێدەهێنن ، بڵێ : دابەزاندنی ئایەتەکان تەنها بە دەستی خودایە ، ئەی باوەڕداران ئێوە نازانن ئەگەر ئەو بەڵگە ونیشانەیەشیان بۆ بێت کە داوای دەکەن باوەڕ ناهێنن .

﴿وَنُقَلِّبُ أَفْـِٔدَتَهُمْ وَأَبْصَٰرَهُمْ كَمَا لَمْ يُؤْمِنُواْ بِهِۦٓ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَنَذَرُهُمْ فِى طُغْيَٰنِهِمْ يَعْمَهُونَ ﴿١١٠﴾﴾ ودڵەکان وچاوەکانیان وەردەگێڕین کە ئەگەر بەڵگە ونیشانەشیان بۆ بێت باوەڕی پێناهێنن وەك چۆن لە سەرەتادا باوەڕیان بە قورئان وئایەتەکانی نەهێنا بوو ، ولە دونیادا لێیان دەگەڕێین ووازیان لێ دەهێنین لەو سەرکەشی وسنوربەزاندنەیان بە سەرلێ شێواوی بمێننەوە وسەرگەردانبن .

تەبەری لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : ﴿وَنُقَلِّبُ أَفْـِٔدَتَهُمْ وَأَبْصَٰرَهُمْ كَمَا لَمْ يُؤْمِنُواْ بِهِۦٓ أَوَّلَ مَرَّةٍ﴾ کاتێك هاوبەش بڕیاردەران نکوڵی ئەوەیان کرد کە خودا دایبەزاندووە ، دڵیان لەسەر هیچ شتێك دانەدەمەزرا ، وهەموو شتێکیان ڕەت دەکردەوە .